ڕۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.504 Sun 5/ 7/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 504 یەکشەممە 5/ 7/ 2009



ل ٢ بەرپرسە باڵاکان ڕچەشکێنی خروقاتەکانن

ل ٣ دەنگی (نا) بۆ دەستوورەکەی پەرلەمانی بەسەرچوو لە هەڵکشاندایە


## سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان:

# چەندین پێشێلکاریی لەلایەن بەرپرسانی ئیداریی‌و حیزبی لەدژی ڕۆژنامەنووسان دەکرێت

**ڕۆژنامە**

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان‌و لیژنەی داکۆکیی لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی‌و مافی ڕۆژنامەنووسان، هەندێک لە بەرپرسە یاسایی‌و سیاسییە حکومییەکان تۆمەتباردەکەن بەوەی «بەپێچەوانەی یاسای ڕۆژنامەگەرییەوە ڕەفتارو هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دەکەن».

لە دوایەمین (سێیەمین) ڕاپۆرتیاندا کە بۆ شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ بڵاویانکردووەتەوە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان‌و لیژنەی داکۆکیی، ڕەخنە لە دەسەڵات لەلایەکو ڕۆژنامەنووسانیش لەلایەکی دیکە دەگرن، کە ناوبەناو یاسای ڕۆژنامەگەرییان پێشێلکردووە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە «پێشێلکردنی یاسای ڕۆژنامەگەریی بووەتە هۆی چارەسەرنەکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی کە یاسای ڕۆژنامەگەریی لەپێناویدا هاتووە ئاراوە، چونکە تائێستا حاڵەتی لێدان‌و هەڕەشەی جۆراوجۆرو گرتن‌و چەندین پێشێلکاریی دیکەی لێرەولەوێ لای هەندێک لەبەرپرسانی ئیداریی‌و حیزبی لە دژی ڕۆژنامەنووسان پیادەدەکرێت، کە هەموو ئەوانەش پێچەوانەی یاسای ڕۆژنامەگەرین».

پێشتریش بانکی زانیاری مافی مرۆڤ، ڕاپۆرتی پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵ (٢٠٠٩)ی بڵاوکردەوە کە ٥٨ پێشێلکاریی جۆراوجۆر بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان کراون، لە هەرێمی کوردستان‌و شاری کەرکوک. بەپێی ڕاپۆرتەکەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش لەماوەی نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا ٣٠ داوای یاسایی لەسەر ڕۆژنامەنووسان تۆمارکراوەو ١٩ پێشێلکاریی لە دژی ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوەو ١٠ حاڵەتی گرتنیش ڕوویانداوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی سەندیکا «ئەوەی زیاتر نیگەرانییەکانی قوڵتر کردووەتەوە ئەوەیە کە لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادیی ڕۆژنامەنووس‌و مافی ڕۆژنامەنووسان هەموو جارێک کە پێشێلکارییەک لەبەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کرابێت ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی ڕەسمی لایەنی پەیوەندیداری لێئاگادارکردووەتەوەو بەوردیی‌و بە بەڵگەوە جۆری پێشێلکاریی بۆ خستوونەتەڕوو، بەڵام ئەوان (دەسەڵات) تاکوتەرا نەبێت وەڵامی لیژنەکەیان نەداوەتەوە». بۆیە سەندیکا بڕوای وایە «درێژەپێدانی پێشێلکاریی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان مەترسییەکەی لەوەدایە کە خودی یاسا خۆی لە کوردستان دەخاتە بەردەم گومان‌و چارەنووسێکی نادیار». ئەوە سەرەڕای ئەوەی «هەندێک دادوەرو بەرپرسی ئیداریی‌و حیزبی هەبووە بە لیژنەی داکۆکیی لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی‌و مافی ڕۆژنامەنووسان وتووە حیساب بۆ ئەو یاسایە (یاسای ڕۆژنامەگەریی) ناکەین».

## ٤٨ هونەرمەندی کوردستان: دژی ڕاپرسی دەستوور دەوەستینەوەو داوادەکەین دوابخرێت

**ڕۆژنامە**

ژمارەیەک لە هونەرمەندانی کوردستان ڕەشنووسی دەستوور ڕەتدەکەنەوەو داوادەکەن ڕاپرسی لەسەری دوابخرێت بۆ کاتێکی دیکە، بۆئەوەی خەڵکی کوردستان لەناوەڕۆکەکەی ئاگاداربکرێنەوە.

ئەو هونەرمەندانە کە هەڵمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوەیان دەستپێکردووەو تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە (ئێوارەی دوێنێ) ٤٨ هونەرمەند ئیمزایان کردووە، لە نووسراوێکدا دەڵێن: «لەم قۆناغە هەستیارەدا ناکرێت هیچ بڕیارێک بەسەر ئیرادەو خواستی خەڵکی کوردستاندا بسەپێنرێت، ئەوەی هەستمان پێکردووە لەگیانی بەرپرسیارێتییەوە بەرامبەر بەم قۆناغەی ئێستامان کە ناکرێت پەلە پەل بکرێت لەسەر چەسپاندنی دەستوورێک کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان نەیانبینیوەو نازانن ناوەڕۆکەکەی چییەو چۆنە».

لە نووسراوەکەیاندا هاتووە «ئێمە وەکو هونەرمەندانی کوردستان بەهەموو شێوەیەک دژی ڕاپرسی دەستوور دەوەستینەوەو داوادەکەین ئەم دەستوورە لەئێستادا نەخرێتە ڕیفراندۆمەوەو دوابخرێت بۆ کاتێکی دیکە، کە تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئاگاداربن لێی».

هونەرمەندانی کوردستان (کە ناوەکانیان لای ڕۆژنامە هەیە) داواش دەکەن هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی دیموکراسی‌و تەندروست بەڕێوەبچێت‌و لەو بارەیەوە لە نووسراوی ڕاگەیاندنی هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوەکەیاندا هاتووە «وەک ئاشکرایە لەم هەڵبژاردنەدا چەندین قەوارەی سیاسی‌و پێکهاتەی جیاواز بەشداری دەکەن، ئێمە دەمانەوێت ئەم هەڵبژاردنە بەشێوەیەکی دیموکراسی‌و تەندروست بەڕێوەبچێت».

## ئاسکەی خەلیفە عەلی: ڕازی نیم وێنەکەم بکرێتە بانگەشەی لیستی کوردستانی

**ڕۆژنامە**

ئاسکەی خەلیفە عەلی، کە خاوەنی (٤٨) کەسی ئەنفالە، داوادەکات وێنەکەی کە تیایدا مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دەستی ماچ دەکات، نەکرێتە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ لیستی کوردستانی.

ئاسکە بە کەناڵی (KNN)ی ڕاگەیاند: «خۆم‌و منداڵەکانم پەیوەندیمان بەلیستی گۆڕانەوە کردووە بۆ ئەوەی وڵاتەکەم ڕزگار بکەم لە دەستی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، چیتر نامانەوێت جیاوازی لەنێوان میللەتدا بکرێت، منداڵەکانی ئێمە تاکەی بە ڕەشوڕووتی پێبگەن؟».

دەربارەی ئەو پۆستەرەش کە لیستی کوردستانی وەک بانگەشە بڵاویانکردووەتەوە ئاسکە ئاشکرایکرد، کە لەکاتێکدا لەسەر تەرمی خۆشەویستەکانی بووە مەسعود بارزانی هاتووە دەستی ماچکردووەو دەڵێت: «ئەگەر کاک مەسعود ڕێزی لێگرتووم تا ماوم ڕێزی لێدەگرم، بەڵام نەک بیکەنە بانگەشەی هەڵبژاردن».

ئاماژە بەوەش دەکات، دوای ئەو دەستماچکردنەی بارزانی کە گەڕاوەتەوە بۆ ناحیەی ڕزگاری، لەلایەن لێپرسراوانی یەکێتییەوە لێپیچینەوەی لەگەڵدا کراوە.





مژدە مژدە

گەر دەتەوێت ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆت و خێزانەکەت دابین بکەیت و خۆت لە گرنجێتی ڕزگار بکەیت و جێی نیشتە جێ بوونت مسۆگەر بکەیت

ئەمە هەلێکی زێڕینەو لە دەستی مەدە

دەتوانیت لە پڕۆژەی نیشتە جێ بوونی ( دیلان ستی )

شوقەیەک بۆ خۆت و خێزانەکەت مسۆگەر بکەیت

ـ کۆمپانیای هەستیار بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان مژدەتان دەداتێ بەم زووانە پڕۆژەی نیشتە جێ بوونی دیلان ستی دەخاتە بواری جێ بەجێ کردنەوە کە دەکەوێتە بناری گۆیژە و لە سەر شەقامی ( ١٠٠م ) سەد مەتری بە ڕووبەری (٦٠) دۆنم زەوی کە پێک دێت لە ( ٥١ باڵەخانە ) و ( ٦١٢ شوقە ) بە هەردوو ڕووبەری ( ١٠٠م٢ ) و (١٢٠م٢ ) بە هەموو خزمەتگوزارییەکەوەو بە نرخی گونجاوو قیستی درێژ خایەن لە ( ٥ ـ ١٠ ) ساڵ و لە ژینگەیەکی پاک و دیمەنێکی جوانی سروشتی دا.

ـ ئەم پڕۆژەیە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتە جێبوون جێ بە جێ دەکرێت.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەوە یان سەردانی پڕۆژەکە بکەن لە کاتژمێر ( ١٠ ) ی بەیانی تا ( ٦ ) ی ئێوارە

٠٧٤٨ ٠١٧ ٠٥٠٥ یان ٠٧٧١ ٠١٢ ٢٢٢١

# ٦/٢٤ رۆژە ڕەشەکەی کوردستان

## دەنگی نا، بۆ دەستوورەکەی پەرلەمانی بەسەرچوو لە هەڵکشاندایە

شارا عەبدولڕەحمان
پشتیوان سەعدوڵڵا

بڕیاری پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی ئەم مانگەدا کە هاوکاتە لەگەڵ دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمدا، ناڕەزاییەکی توندی لەنێو چینە جیاوازەکانی کوردستاندا دروستکردو بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی ئەو دەستوورەی کە بە ویستی یەکێتیو پارتی دانراوە، لە ڕۆژانی داهاتوودا ئاراستەی ناڕەزاییەکان بۆ مانگرتنو خۆپیشاندان دەگۆڕێن.

### ناڕەزاییەکان

دوای ئەوەی کە پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو)ی کوردستان بڕیاریدا ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥) لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش راپرسیی لەسەر بکرێت، ناڕەزاییەکی توند لە شەقامی کوردیدا دروستبوو، کە تادێت هەڵمەتی ناڕەزایی دژی بڕیارەکەی پەرلەمان لە زیادبووندایە.

لەونێوەندەشدا ناڕەزایی ڕۆشنبیرانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو چینو توێژەکانی کوردستان بەردەوامە، ناوەندی چاک لە ڕێگای بەیاننامەیەکەوە ئەم هەوڵەی پەرلەمانی کوردستان بە «نابەرپرسیارانە» دەزانێتو ئاماژە بەوەدەکات «ئەم هەنگاوەی پەرلەمان ئایندەی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە».

لەلایەکی دیکەوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو ڕۆشنبیرو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە توندی پەسەندکردنی دەستووریان ڕەتکردەوەو «پەسەندکردنی دەستوور لە ئێستادا بە گاڵتەکردن بە ئیرادەو خەونو کەرامەتی هەمووان «وەسفدەکەن»و داوای ڕەتکردنەوەی دەنگدان لەسەر دەستوور دەکەن.

لە بەیاننامەیەکیاندا لیژنەی باڵای یەکێتیی چەپی کوردستان کە ڕۆژی (٦/٢٥) ئاراستەی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستانو حیزبو ڕێکخراوو ناوەندە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانیان کردووەو وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامە نێردراوە، ئاشکرایدەکەن پەرلەمانی کوردستان «لەسەر داوای بارزانیو لە پەراوێزی ڕێککەوتنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداردا، ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی بەخشکەییو پەلەپڕوزێ پەسەندکرد، تا لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمدا دەنگی بۆ بدرێت».

هەر لەچوارچێوەی ناڕەزاییەکاندا (١٧٤) پزیشک یاداشتێکی ناڕەزاییان دژ بە پەسەندکردنی دەستوور بڵاوکردەوەو داوایانکرد کە ئەو دەستوورە لە ئێستادا پەسەند نەکرێتو ئاماژە بەوەدەکەن کە «دانانی دەستوور پرۆسەیەکی وا ئاسان نییەو هەموو ڕۆژێک نانووسرێتەوە، پێمانباشە ئەو دەستوورە یەکێک بێت لە دەستوورە باشەکانی دنیاو بەرژەوەندیی میللەتەکەمان بخاتە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی دیکەوەو بۆ دنیای ئەمڕۆی بسەلمێنین، کە ئێمەش هیچمان لە میللەتانی دنیا کەمتر نییە».

هاوکات زیاتر لە ٥٠ ڕۆژنامەنووسی شاری هەولێر، بەیاننامەیەکیان لە دژی پەسەندکردنی دەستوور دەرکردو نیگەرانیی خۆیان لەبەرامبەر خێرا تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان دەربڕی، پێشیانوایە «حیزبە بەشدارەکانی ئێستای پەرلەمانی کوردستان دوا مەرامی خۆیان لە ڕێگەی پەرلەمانێکی ئێکسپایەرەوە لەپێناوی بەجێگەیاندنی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیی خۆیان بەجێگەیاند». هاوکات ئەو ڕۆژنامەنووسانە داوا لە تەواوی دڵسۆزانی کوردستانو هاوڵاتییان دەکەن بە (نەخێر) دەنگ بەو دەستوورە بدەن «تەنیا لەپێناو هاتنەدی خواستە تەسکەکانی هەندێک حیزب نووسراوەو تەواوی خواستەکانی هاوڵاتییانی کوردستانی فەرامۆشکردووە».

> **ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان: خەڵک لە نائاگاییەوە ڕەخنەدەگرێت**

لەلایەکی دیکەوە مونتەدای ئابووری کوردستان ڕایگەیاند: «پەرلەمانی کوردستان دەیەوێت لە تاریکیدا پرۆژەی دەستووری کوردستان بەسەر خەڵکی کوردستاندا تێپەڕێنێت» لەکاتێکدا هەمان ئەم کۆمەڵگایە ئێستا لە پرۆسێسێکی ئاڵۆزی سێ ئەرکی سەرەکییەوە دەگلێن، کە هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمو ئێستا دەستووریشی هاتووەتە سەر، «بەم کارەشی پەرلەمانی کوردستان کەمتەرخەمییەکی دیکەی مێژوویی خستە سەرشانی خۆی لە ڕۆژە کۆتاییە نایاساییەکانی تەمەنیدا».

هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی کەلار ناڕەزاییەتی خۆیان دژ بەتێپەڕاندنی دەستوور لەلایەن پەرلەمانی ماوەبەسەرچووەوە دەربڕینو لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە لەژێر ناونیشانی «نا بۆ دەستووری یەکێتیو پارتی» ئاماژە بە مەترسی پەسەندکردنی ئەم دەستوورەی ئێستا دەکەن، کە یەکێتیو پارتی هەموو هەوڵێک دەدەن تا هاوڵاتییان دەنگی پێ بدەن.

هەر دوابەدوای ئەوانیش (٣١) مامۆستاو وانەبێژی کۆلێژی یاساو رامیاری لە زانکۆی سلێمانی هەڵوێستی خۆیان لەسەر تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی ڕاگەیاندو دەڵێن «بۆچوونمان وایە تێپەڕاندنی دەستوور کە باڵاترین یاسای دەوڵەتە بەو جۆرەی کە پەسەندکرا لە پەرلەمانی هەرێم لەگەڵ خواستو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییانی هەرێم یەکناگرێتەوە».

لەلایەکی دیکەوە بزافی بەرەو مەدەنیەت لەبەیاننامەیەکیاندا بەتوندی پەسەندکردنی دەستووری هەرێمیان لەلایەن پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستانەوە ئیدانەکردو داوایان لەخەڵکی کوردستان کرد کەدەنگی پێنەدەن.

٢٧ دادوەری هەرێمیش لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە ناڕەزایی خۆیان دژی ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستوور دەربڕیو ئاماژەیان بەوەکرد کە دەستوور یاسای بنچینەیی وڵاتەو لەسەر بناغەی ئەویش دەوڵەتی یاسا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دادەنرێت، نەک بۆ پەرژەوەندییەکی سیاسی کاتی.

زیاتر لە ٢٠٠ خوێندکاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی- قەرەداغیش ئەو دەستوورە ڕەتدەکەنەوەو لە بەیاننامەیەکدا دەڵێن: «پەرلەمانە ماوەبەسەرچووەکەی هەرێم، ناکرێت لەم کاتەدا ئەرکێکی چارەنووسسازی وەک تێپەڕاندنی دەستوور لەئەستۆ بگرێت». هەفتەی ڕابردووش لە شاری سلێمانی کەمپەینێک بۆ ڕەتکردنەوەی دەستووری هەرێم پێکهێنرا.

ناڕەزاییەکان تەنیا ناوخۆی هەرێمی نەگرتووەتەوەو کوردانی دەرەوەش دەنگی ناڕەزایی خۆیان دژی ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستوور بەرزدەکەنەوە، لەو نێوەندەشدا لە وڵاتی بەلجیکا کۆمیتەیەک بۆ پشتگیری لە ڕەتکردنەوەی دەستووری هەرێم پێکهێنراوەو لەبەیانامەیەکیاندا دەڵێن «نا بۆ دەستوورێکی پووچەڵ، بەڵێ بۆ سیستمێکی پەرلەمانیو جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەی هەرێم لەیەکتر».

ناڕەزایی لەدژی دەستوورەکەی یەکێتیو پارتی لەئاستی عێراقیشدا دروستبوو، ژمارەیەک لە حیزبو بەرپرسو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەخنەیان لەو دەستوورە گرت.

فەرحان جیجۆ، نوێنەری بزووتنەوەی ئێزدی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند: «ئێزدییەکان دەستووری هەرێم ڕەتدەکەنەوە، چونکە سنووری ئەو نەتەوەیەی پێشێلکردووە»، هاوکات زۆربەی قەوارە سوننیە عەرەبەکان سکاڵا لەدادگای فیدراڵی دژی پەرلەمانی کوردستان تۆمار دەکەن.

### دەسەڵات گوێ بەناڕەزاییەکان نادات

وێڕای ئەو هەموو ناڕەزاییەی دژی ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستوور لەشەقامی کوردیدا دروستبووە، دەسەڵاتی کوردی تائێستا سوورە لەسەر ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستوورو پێناچێت گوێ بەو ناڕەزاییانە بدات.

لەوبارەیەوە ناوەندی چاک دەڵێت «پەرلەمانی کوردستان ئەگەر گوێ لە ناڕەزایەتیو داخوازیی ڕێکخراوەکانو ڕۆشنبیرانو خەڵکی کوردستان نەگرێت، بەو مانایە دێت کە نە ڕێز لە دەنگی خەڵکی کوردستانو نە ڕێزیش لەدەستووری هەرێمی کوردستان دەگرێت، کە پێویستە بەپێچەوانەوە بێتو دەستوور بە تەندروستیو بە دەوڵەمەندیو لەسەر ڕای کۆمەڵانی خەڵکو نوخبەی شارەزایانی دەستوورەوە تێپەڕێت».

ناوەندەکە ئاماژە بەوەشدەکات کە «دەسەڵاتی کوردی دەستوورێکی دواکەوتووی کۆنەپەرست بەسەر پەرلەمانی ماوەبەسەرچوودا دەسەپێنو پەرلەمانیش نەک وەک نوێنەری خەڵک، بەڵکو وەک فەرمانبەری حیزبەکانیان بێگوێدانە بەرپرسیارێتیی مێژووییو ئەخلاقی، مۆری لێدەدەنو دەیخەنە چوارچێوەی گەمەو کایەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستانەوە».

سەبریە غەفار ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەگەر بەخوێندنەوەی شتەکانی پێشووی پەرلەمان بێت، ئەوەندەی دەیەوێت کارەکان بەڕێ بکات ئەوەندە هەوڵنادات کە رای گشتی وەربگرێت»، ئەمە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ناکرێت دەستوور وەک یاساکانی دیکەی پەرلەمان سەیربکرێت کە پشت بەدەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان دەبەستێت، بەڵکو «دەبوایە لەدەرەوەی پەرلەمان دەستوور یەکلایی بکرێتەوە ئینجا بێتە پەرلەمانەوە».

تاریق جەوهەر، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان لەلێدوانێکی پێشتریدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاندبوو «زۆربەی ئەو دەنگە ناڕەزاییانەی دژی راپرسی لەسەر دەستووری هەرێم لەئارادایە لەنائاگاییەوە دەدرێت»و وتیشی: «ژمارەیەکیشیان پرۆژەکەیان هەر نەدیوەو دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردووەتەوە، ئەم وتەیەش ترسی ئەوە دروستدەکات کە سەرۆکایەتی پەرلەمان ناڕەزایەتییەکان بەهەند وەرنەگرێتو سووربێت لەسەر ئەنجامدانی راپرسی بۆ دەستوور».

### ٦/٢٤ رۆژە ڕەشەکەی کوردستان

خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان(کە لە ٦/٤ەوە وادەی یاسایی لەدەستداوە) بەدرێژایی چوار ساڵی ڕابردووی تەمەنی سەرقاڵی نووسینەوەی دەستووری هەرێم بووەو بەردەوام قسە لەسەر ئەوە بوو کەهۆکاری دواکەوتنی پرۆژەی دەستووری هەرێم ئەوەیە، کە پەرلەمان دەیەوێت دەستوورێکی بێ کەموکووڕییو لەخزمەت سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا پێشکەش بکات، بەڵام ئەوەی بینرا ئەوەبوو کە دوای ئەو هەموو وادەیە، لەماوەی نایاسایی خۆیدا پەرلەمان دەستوورێکی هەڵپڕوکاند کە بەوتەی ڕۆشنبیران «نەک هەر خزمەت بەکۆمەڵانی خەڵک ناکات، بەڵکو زۆر لایەنگیریی بۆ دوو حیزبە باڵادەستەکە پێوە دیارە، بەشێوەیەک وەک موئامەرە سەیردەکرێت».

ڕێبین هەردی، نووسەرو ڕووناکبیر دەڵێت: ئەوەی جێگای گومانو دڵەڕاوکێیە ئەوەیە کە بۆچی بەدرێژایی چوارساڵ لە دەسەڵاتی شەرعی حکومەتی هەرێمو پەرلەمان ئەم دەستوورە بەشێوەی ئاسایی وتووێژی لەسەرنەکراو «پاش کۆ تا بیها تنی وادەی ڕەسمیی پەرلەمان لە ٦/٤ وا بەپەلەو خێراییو لەسەر شکڵی موئامەرەو موفاجەئە دەسەڵات دەیەوێت بڕیاری لەسەربدات، ئەوەی جێگای گومانە، ئەم پەلەکردنە ناشرینو بێ پاساوەی پەرلەمان بۆ یەکێک لە گرنگترین ئەو بەڵگەیاساییانەیە. چییە ئەو نهێنییەی وایلێکردوون تەنانەت ڕێگەنەدەن بە ئەندامانی پەرلەمان وتووێژی لەسەربکەن؟».

> **ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ کە تێیدا دەستوور بەفێڵو پاڵو گوشینو سازشی حیزبی تەسک تێپەڕێنرا، هەقیەتی ناوبنرێت ڕۆژەڕەشەکەی کوردستان.**

هاوکات د.هەژار مەعروف، نووسەر، پێیوایە، ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ کە تێیدا دەستوور بەفێڵو پاڵو گوشینو سازشی حیزبی تەسک تێپەڕێنرا، هەقیەتی ناوبنرێت ڕۆژەڕەشەکەی کوردستان.

### دەستوورەکەی پەرلەمان

زۆربەی ئەو لایەنانەی ناڕەزاییان لەدژی پەسەندکردنو خستنە راپرسی دەستوورەوە دەربڕیوە، پێیانوایە کەدەستووری هەرێم دەستوورێکی حیزبییەو بەتایبەتیش لەپەرژەوەندیی یەکێتیو پارتیدایە، بەوپێیەش ناکرێت خەڵکی کوردستان دەنگ بەدەستوورێک بدەن کە گوزارشت لەبۆچوونەکانی حیزب بکات، نەک خەڵک.

هەروەک لەبەیاننامەی ٢٠٠ خوێندکاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی- قەرەداغدا هاتووە: «دەقە پێشنیازکراوەکەی دەستوور لە ڕوانگەی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەوە نووسراوەو ئاوێنەی خەونو هیواکانی گەلی کوردستان نییە، ئەمە لەکاتێکدا نووسینی دەستوور ئەرکی پسپۆڕانی بوارەکانی یاسا، مێژوو، کۆمەڵناسی، ئەنسرۆپۆلۆجیو سیاسەتە، نەک کەسانی حیزبیو ئایدیۆلۆژیست، بەوهۆیەشەوە سەرەڕای پەلەپڕوزێو ناشەرعیەتی تێپەڕاندنی دەستوورەکە، دروست نییە وەک پرۆژەیەک بخرێتە بەردەم خەڵک بۆ دەنگدان».

### ئاراستەی ناڕەزاییەکان دەگۆڕێت

بەهۆی ناڕەزاییەکانو ئەگەری گوێ پێنەدانیان پێدەچێت ئاراستەی دەربڕینەکان بگۆڕێت، هەروەک نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان وێڕای ئەوەی دەستووری هەرێم بە «پووچەڵ» وەسفدەکاتو ئاماژە بەوەدەکات کە لەدادگای فیداڵی تانە لەسەر شەرعیەتی ئەو دەستوورە دەدەن.

هەر لەو چوارچێوەیەشدا د. هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، سەرۆکی لیستی پێشکەوتنو کاندیدی ئەو لیستە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم پێیوایە «ئەم دەستوورە گرێبەستێکە بۆ دیکتاتۆریەتو بەنیازن دژی ئەو دەستوورە خۆپیشاندان ئەنجامبدەن».

محەمەد ڕەفعەت، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کە بایکۆتی بەشداریکردن لە دانیشتنی پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی دەستووری کردبوو، وتی: «تێپەڕاندنی دەستوور بەو پەلەپەلییە کارێکی سەقەتەو داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم بێنە سەرجادەو دەستبدەنە خۆپیشاندانو مانگرتن لە دژی پەسەندکردنی دەستوور، هەروەها پێویستە هاوڵاتییانی کوردستان دەنگ بۆ دەستوورێک نەدەن، کە نەک خەڵک، بەڵکو بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمانیش نەیانبینیوە».

### ئایا دەستوور هەڵبژاردنەکان دوادەخات؟

هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا لەڕۆژی ٢٥ی ئەم مانگەدا لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمدا ڕاپرسی لەسەر دەستووری هەرێم ئەنجامبدرێت، بەڵام تائێستا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕاینەگەیاندووە کە دەتوانن لەو ڕۆژەدا ئەو ڕاپرسییە ئەنجامبدەن یان نا، بەو هۆیەشەوە لەئێستادا ئەگەری دواکەوتنی هەڵبژاردنەکان لەئارادایە.

حاکم سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان لە گفتوگۆو کۆبوونەوەداین، تائێستا نەگەیشتووینەتە ڕێککەوتن لەسەر چۆنێتی بەڕێوەچوونی ڕاپرسی لەسەر دەستووری هەرێم، وتیشی: «ئومێد دەکەین لەم ڕۆژانەدا ڕێکبکەوینو کاتی ڕاپرسی ڕابگەیەنین، هیچ شتێکی تازە بۆ دواخستنی هەڵبژاردنو ڕاپرسی دەستوور لەئارادا نییە».

سەبارەت بە بودجەی ڕاپرسی ڕایگەیاند: دابینکردنی بودجەی پرۆسەی ڕاپرسی لەسەر دەستوور ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئێمە لە کۆمسیۆن لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان قسەمان لەسەر بودجەکە کردووەو داوا لە حکومەتی هەرێم کراوە، بەڵام تائێستا تەرخان نەکراوە.

# بەرپرسە باڵاکان رچەشکێنی خروقاتەکانن

محەمەد ساڵح حەمەلاو

ژمارەیەک لە بەرپرسانی پۆستە باڵاکانی هەرێمو عێراق لە رێگەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە پۆستەکانیان بۆبانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێننو شارەزایەکی یاساییش پێیوایە بەکارهێنانی ئەو پۆستە حکومیانە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن خروقاتە.

بەپێی هەمواری پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنەکان کە پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٩/٥/١٣) ئەنجامیداوە لە مادەی (٥٧)و لە دەروازەی شەشەمیدا هەندێک رێسای تایبەت دانراوە کە پێویستە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا رەچاوبکرێتو هەندێک شوێنیش بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکارنەهێنرێن لەوانە مزگەوتو سومبولایەتییەکانو پۆستو فەرمانگە حکومیەکان.

## تاڵەبانی یەکەم پێشەنگی خروقاتکاران

هەر لەچوارچێوەی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا رۆژی سێی ئەم مانگەش لەمیانەی کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی سەنگەر، مام جەلال لەوتەیەکیدا ئاماژەی بەوەکرد «بۆداخوازییەکانی پێشمەرگەکانی سەنگەر داوا لەحکومەتی خۆمان دەکەین چییان پێبکرێت بۆتان جێبەجێبکەن».

لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی چوارشەممەی رابردووشدا لە قەزای هەڵەبجە، جەلال تاڵەبانی بە ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ مەسعود بارزانی دەربڕی وەک پاڵێوراوی لیستی کوردستانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.

ژمارەیەک ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، نیگەرانن لەوەی کە تاڵەبانی پۆستەکەی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارهێناوەو داواش لە تاڵەبانی دەکەن «جیاوازی لەنێوان پۆستی سەرۆک کۆمارو پۆستە حیزبییەکەیدا بکات».

جەمال حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی ئەلعێراقیە، لەمیانەی لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری لڤین رایگەیاندووە، بەرپرسە کوردەکانی حکومەتی عێراق پۆستەکانیان دەقۆزنەوە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، ئەمەش جێگای نیگەرانییە، هاوکات رەشید عەزاوی، لەسەر لیستی بەرەی تەوافوق، دەڵێت: «ماف بەتاڵەبانی دەدەین کەبانگەشەی هەڵبژاردن بکات، بەڵام دەبێت وەک سکرتێری حیزبەکەی قسەبکات، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەبینین وانییەو ئەو زیاتر وەک سەرۆک کۆماری عێراق هەڵسوکەوت دەکات، ئەوەش پێشێلکردنی دەستوورە».

محەمەد خەڵەفیش، لەسەر لیستی ئاشتبوونەوەو رزگارکردن، ئاماژە بەوەدەکات «دەبوایە تاڵەبانی جیاوازی لەنێوان پۆستی سەرۆک کۆمارو سکرتێری حیزبدا بکردایە، چونکە پۆستی سەرۆک کۆمار مانای کۆکردنەوەی هەموو عێراقیەکانە لەژێر یەک چەتردا». جێی ئاماژەیە (١٥) رۆژ بەر لە دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان تاڵەبانی لە تەلەفزیۆنی حیزبەکەیەوە داوایکرد خەڵک دەنگ بەلیستی کوردستانیو مەسعود بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم بدەن.

## د. بەرهەم پۆستەکەی بەغدای بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنێت

د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، کە ماوەی چەند ساڵێکە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقە، ماوەیەکە لە بەغدا گەڕاوەتەوە، بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی رەسمیی دەست لەو پۆستە بکێشێتەوە، ئێستا وەک سەرۆکی لیستی کوردستانی بانگەشە بۆ ئەو لیستە دەکات.

سەرکەوت حەمەحسێن، جێگری بەڕێوەبەری پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردنو شارەزای یاسای هەڵبژاردن، ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو، ئەو کەسەی بانگەشە بۆ هەڵبژاردن دەکات، پێویستە پێشئەوەی لەکۆبوونەوەکانیدا دەست بەقسەو بانگەشەکردن بکات، دەبێت خۆی بناسێنێتو ئەوە رابگەیێنێت کە ئەو لەلایەن فلان لیستەوە کانیدکراوە بۆفلان پۆستو ئەو کۆبوونەوانەش کەئەنجامی دەدات دەبێت کۆبوونەوەی جەماوەریی بنو لە فەرمانگەو دامەزراوە حکومیەکاندا نەبێتو «لە هەمووشیان گرنگتر ئەوەیە کەنابێت د.بەرهەم پۆستە رەسمیەکەی خۆی کە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنێت»و ئاماژەی بەوەشدا کە «پێویستە ئەوکەسانەی پۆستی حکومییان هەیەو هاوکات کاندیدی حیزبەکانی خۆیانن بۆ هەڵبژاردن، دەبێت موڵکی دەوڵەت وەک ئۆتۆمبێلو پارەو هۆڵو فەرمانگەکان بەکارنەهێنن».

لەکاتی پێشکەشکردنی وتە یان هێنانی ناوی هەریەک لە مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانیو د.بەرهەم، کە ئێستا کاندیدی لیستی کوردستانییە، زۆرجار لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە پۆستە حکومیەکانیان بەکاردەهێنرێت، وەک د.بەرهەم، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمو جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق.

سەرکەوت حەمەحسێن، روونیشیکردەوە، کە ئەگەر ئەوکەسانە تەنیا وەک خۆیان بەشداری بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن ئاساییە، بەڵام کاتێک پۆستە حکومیەکانیان بەکاردەهێنرێت «ئەوە دەچێتە چوارچێوەی خروقاتەوە»، پێشیوابوو، ئەو پۆستانە کاریگەریی دەروونی بۆ سەر دەنگدەرو هاوڵاتییان دەبێتو ئەوەش پێچەوانەی یاسای بانگەشەی هەڵبژاردنەکانە، چونکە «ئێستا هەریەک لە جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانیو د.بەرهەمیش هەمان پۆستی حکومیی خۆیان هەیەو هاوکات لە کوردستانیش بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەن».

## سەرۆکی حکومەتیش خروقاتی کردووە

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەدەرنییە لەو خروقاتانەی کەئەم ماوەیە بەبۆنەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە دەستیپێکردووە.

لە سەردانێکیدا بۆ پارێزگای دهۆک نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوەکرد هاوڵاتییان دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن کە ئەوەش بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان کاریگەری دەبێت بۆسەرگۆڕینی رای دەنگدەرو هاوڵاتییانو دەچێتە چوارچێوەی خروقاتەوە.

## خروقات لە سەرکردەکانەوە شۆڕدەبێتەوە

دوای ئەوەی لەم ماوەیەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ژمارەیەک خروقاتو پێشێلکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان لەلایەن سەرکردەو بەرپرسانی پۆستە باڵاکان ئەنجامدرا. ئەو دیاردەیە بەرپرسانی پۆستەکانی خوارەوەی حیزبەکانیشی گرتەوە، رۆژی (٧/٢) بەرپرسی مەڵبەندی رێکخستنی (٢٧)ی دوکانی یەکێتی لەناو مزگەوتی گوندی توربەی ناحیەی خدراندا بانگەشەی بۆ لیستی کوردستانی کردو داوای لە هاوڵاتییان کرد، کە دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەک لە نووسینگەی لیستی گۆڕان لە شارۆچکەی قەڵادزێ ئاماژەی بەوەکرد، کە لیستی کوردستانی پابەند نین بە یاساکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەوەو لایەنگرانی ئەو لیستە لە مزگەوتو نەخۆشخانەو قوتابخانەو فەرمانگە حکومیەکاندا پۆستەری بانگەشەی لیستەکەیان هەڵدەواسنو چەندین بەڵگەشیان لەوڕووەوە لەبەردەستدایە.

## خروقات لە رێگەی راگەیاندنەکانیانەوە

بەپێی وتەی جێگری سەرۆکی پەیمانگای کوردی بۆهەڵبژاردن زۆرجار ئەنجامدانی ئەوخروقاتانە لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنی ئەو حیزبانە خۆیانەوە روودەدات، وتی: «ئەوکەسانەی لەهەمانکاتدا پۆستی حکومییان هەیەو لە راگەیاندنەکانی خۆیانەوە کاتێک باس لە کاروچالاکیەکانیان دەکرێت کە بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەن، زۆرجار گوێبیستی ئەوەدەبین کە پۆستە حکومیەکانیان بەکاردەهێنن، ئەوەش خروقاتەو راگەیاندنەکانی خۆیان پێیهەڵدەستن».









# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

# رۆژێک لە رۆژان پەرلەمان لە خەمی هاوڵاتییانی نەپێچاوەتەوە

رۆژنامە

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، رەخنە لە هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان دەگرێتو بە «بەرپرسیارو خەمساردی» لە قەڵەمدەدات بەرامبەر دەرکردنی یاساو پشتگوێخستنی ویستی هاوڵاتییانی کوردستانو پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزارییەکان، «چونکە رۆژێک لە رۆژان پەرلەمان لە خەمی هاوڵاتییانی نەپێچاوەتەوە».

لە روونکردنەوەیەکی وتەبێژی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا کە وێنەیەکی بۆ (رۆژنامە) نێردراوە لەسەر راگەیاندنی لیژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لەژێر ناونیشانی (وەڵامێک بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، ئەوە هاتووە کە لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان «بێئاگا لەوەی پەرلەمانی کوردستان وەک تاکە دەسەڵاتی یاسادانان لە کوردستان بەرپرسیارە لە دەرکردنی یاساکان، بە یاسای پارێزگاکانیشەوە کە ماوەی چوار ساڵی تەمەنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان لە سایەی خەمساردی پەرلەمانی کوردستان بەبێ بوونی یاسایەک، تێپەڕاند، کە بەرپرسیاری راستەقینەی پشتگوێخستنی ویستی هاوڵاتییانی کوردستانو پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزارییەکان وەک پێویست بە هاوڵاتییان، پەرلەمانی کوردستان لێی بەرپرسیارە، چونکە رۆژێک لە رۆژان ئەم پەرلەمانە بەڕێزە لە خەمی هاوڵاتییانی نەپێچاوەتەوە».

وتەبێژی ئەنجومەنی پارێزگا رەخنە لەوە دەگرێت کە لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان بە رەوای نابینێت ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە پرسێکی چارەنووسسازی وەک دەستوور قسەی هەبێت، لەکاتێکدا لە وڵاتانی دواکەوتووی دونیاشدا هەر دەزگایەکی هەڵبژێردراوی وەک ئەنجومەن دەتوانێت رای خۆی دەرببڕێت، هەروەک جەخت لەوە کراوەتەوە «لیژنەی کاروباری یاسایی منەت بەسەر ئەنجومەنی پارێزگادا دەکات سەبارەت بە درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی، ئێمە بەڵگەی نووسراومان لەبەردەستە کە زۆر پێش تەواوبوونی ماوەی یاسایی کارکردنمان، داوامان لە پەرلەمانی کوردستان کردووە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە وادەی خۆیدا ئەنجام بدرێت، بەڵام دیسان بەهۆی خەمساردی پەرلەمانی کوردستانەوە پشتگوێخراو بە ناچاری ماوەی کارکردنیان درێژکرایەوە».

هەروەک لە روونکردنەوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سەرباری بێ پشتیوانی پەرلەمانو نەبوونی یاساوە، بە پشتیوانی هاوڵاتییانی سنووری پارێزگای سلێمانی توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو پێشکەش بە هاوڵاتییانی سنوورەکەی خۆی بکات، کە جگە لە ساڵی (٢٠٠٥) کە ئەنجومەن بودجەی نەبووە، لە ساڵەکانی (٢٠٠٦، ٢٠٠٧و٢٠٠٨) بە بودجەی (٤٣٩) ملیار دینار (٦٥٠) پرۆژەی گەورەو بچووکی ئەنجامداوەو بۆ ساڵی (٢٠٠٩) (٢١٠) پرۆژەی دیکە لە بەرنامەدایە، «لەبەرئەوە بەوپەڕی شانازیمانەوە، رێز لەو متمانەیە دەگرین کە هاوڵاتییانی سنووری پارێزگای سلێمانی پێیان بەخشیوین، بۆ پاراستنی ئەو متمانەیەو پیرۆز راگرتنی سڵ لە هیچ هێزێک ناکەینەوەو بۆ پاراستنی مافەکانیان هەرچیمان لە دەستبێت درێغی ناکەین، ئایا بەراورد بەو بودجە کەمە خزمەتگوزاریی پێشکەشکراوە یان نا؟، با پەرلەمان خۆی وەڵام بداتەوە».

## روونکردنەوەیەک

لە ژمارە (٤٩٩)ی رۆژنامەی رۆژنامە لاپەڕە (٢)، بەشی هەواڵو بەدواداچوون لەژێر ناونیشانی (لە رەواندوز رێگا لە بڵاوکردنەوەی (رۆژنامە) دەگیرێت)! بێدادیو ناهەقییەک دەرهەق بە قەزای رەواندوز کراوە، ئەگەر ناوەرۆکی هەواڵەکە لەگەڵ ناونیشانەکە بەراورد بکەیت هەست بە پارادۆکسو تەبیعەتی خەرەنگەز دەکەیت بۆ وروژاندنی فیتنەو نانەوەی گیروگرفت لە دەڤەرەکە! ئەگینا دەکرا ئەو پەیامنێرە بەڕێزە سەردانێکی قایمقامیەتو تاوتوێی چەند باسو خواسێکیشی لەگەڵ خودی قایمقام بکردبایە، بەوپەڕی بوێریو لە کەشوهەوایەکی شەفافو هێمنانە، تا گشت لایەک لە راستو دروستی رێپێدانو رێپێنەدانی بڵاوکردنەوەی (رۆژنامە) لە قەزای رەواندوز دڵنیابێت، بەڵام وادیارە پەیامنێرو ستافەکەی وەک لە دارشتنی ناونیشانی هەواڵەکەدا دەردەکەوێت باسەکەیان بەرەو ئاقارێکی دیکە بردووە کە دژی پرەنسیپەکانی (گۆڕان)و ئەرکە رۆژنامەوانییەکەیانە! کەی بووە لەسەر چەند هەڵوێستێکی تاکەکەسی مەنەفێستی گشتاندن بکەیتە دامرکاندنەوەی توڕەبوون؟! ئاخر گشتاندن دژی مەوزوعیەتە، بەڵام وادیارە هێشتا فێری کاری میهەنی نەبووین کە ئەرکی سەرەکی رۆژنامەنووسو پەیامنێرە بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لەسەر هەواڵو راستو دروستی رووداوەکان، ئەگینا خودی قایمقام لە چەندین چاوپێکەوتنو بۆنەو دیمانەکانیدا تەنانەت بە نووسینیش تیشکیان خستووەتە سەر بارو زروفی هەنووکەیی کوردستانو هەلومەرجی هەڵبژاردنو چەندان مەسەلەی گرنگ کە بە ئەزموونێکی مۆدێرنانەو فیکرێکی فراوانەوە تاوتوێی باسەکانی کردووەو پڕژاوەتە سەر بابەتەکان، دەکرێت ئێوەش لێیان بەهرەمەند بن، بەڵام نەخوێندنەوە نەخۆشییەکە رەگێکی قوڵی ناواخنی خۆرهەڵاتییەکانە، داخی گرانمان بێ جیاوازی! ئیتر بۆ ئەوەی مونیسفانەو میهەنیتر ئەرکو کارەکانمان بەڕێوەببەین، دەبێت میسداقیەتی میهنەکەمان لە دەستنەدەینو عەرزەکەشمان سەلیم بێت. ئەوکات دەزانین میهەنیبوون یانی چیو لە پیرۆزی ئەرکەکانیشمان باشتر تێدەگەین.

**قایمقامیەتی قەزای رەواندوز**

# نامەکەی مەککەین‌و لیبەرمان چی بە سەرکردایەتی کورد وت؟


مەککەین‌و لیبەرمان

نامۆ عەبدوڵڵا

نزیکەی هەفتەیەک لەمەوبەر دوو گەورە سیناتۆری ئەمریکا، جۆن مەککەین‌و جۆزێف لیبەرمان، نامەیەکی هاوبەشیان بۆ هەردوو سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی‌و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، نێچیرڤان بارزانی نارد، ئەگەرچی بەلای زۆرێک سیاسی حیزبی‌و میدیای حیزبییەوە ئەم نامەیە وەکو دۆستایەتییەکی بەهێزی ئەمریکا بۆ سەرکردایەتی ئێستای سیاسی لێکدرایەوە، لە راستیدا ناوەڕۆکی نامەکە دروست پەیامێکی پێچەوانەی هەڵگرتبوو.

سەرەتا دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت کە ئەم نامەیە ناکرێت بە بۆچوونی یەکێک لە پارتەکانی ئەمریکا یان تەنیا دوو سیناتۆر لێکبدرێتەوە، بۆیە ئەم نامەیە نامەیەکی سادە نییەو لە راستیدا تاڕادەیەکی زۆر هەڵگری تێڕوانینی تەواوی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکایە، کە دواجار یەکسانە بە بۆچوونی حکومەتی ئەمریکا، چۆن؟ یەکەم، چونکە لەکاتێکدا ئەم دوو سیناتۆرە یەکێکیان (مەککەین) کۆمارییەو ئەوی دیکەیان (لیبەرمان) کە دیموکراتێکی سەربەخۆیەو لە نامەیەکی هاوبەشدا پەیامێک دەنێرن، پێش هەموو شتێک ئەوە ڕووندەبێتەوە کە نامەکە بۆچوونی تەنیا پارتێک نییە، بەڵکو گوزارشت لە حکومەتی ئەمریکا دەکات.

پاشان گەورەیی‌و دەنگ رۆشتوویی‌و بە ئەزموونی ئەم دوو کاندیدە بەتەمەنە زیاتر بەهاو قورسایی بە نامەکە دەبەخشن، لیبەرمان کە ساڵی (٢٠٠٠) کاندیدی دیموکراتەکان بوو بۆ جێگری سەرۆکی ئەمریکا، بەیەکێک بە دەنگ بەهێزەکانی ئەمریکا دادەنرێت لە پارێزگاریکردن لە ئاسایشی ئەمریکادا. مەککەین، کە پێویست بە باسکردنی ناکات، هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ نیشانیدا بەهێزترین کاندیدی کۆمارییەکانە.

ناوەڕۆکی نامەکە:

یەکەم دێڕ دەریدەخات کە نامەکە بەهۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستانەوە، کە لە (٢٥)ی تەممووزدا بۆ پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکی هەرێم ئەنجامدەدرێت، نێردراوە.

لە دەستپێکی نامەکەدا هاتووە: «لەکاتێکدا هاوڵاتییانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان ئامادەدەکەن بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی کوردستان، ئێمە دەمانەوێت جەخت لەسەر دۆستایەتی ئەمریکا بکەینەوە بۆ خەڵکە کوردەکە (Kurdish people)ی عێراق». وەک دەبینین ئەم نامەیە هەر لەسەرەتاوە بە ئاشکرا بە سەرکردایەتی کورد دەڵێت، ئێمە دۆستایەتیمان لەگەڵ گەلی کورددا هەیە، نەک سەرکردایەتی‌و حکومەتی کوردی. ئەم خاڵە چەندینجار زۆرێک پسپۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا وەک مایکل رۆبن‌و پاراگ خانا پێشتر ئاماژەیان پێداوە.

پاشان لە دێڕی دواتر کۆتایی بە پەرەگرافی یەکەم دێنێت‌و سەرکردایەتی کورد ئاگاداردەکاتەوە کە ئەگەر دەیانەوێت ئەمریکای دۆستیان لە دەستنەچێت، دەبێت پابەندبن بە بنەما دیموکراسییەکانەوە.

دەقی نامەکە دەڵێت «دۆستایەتی مێژووی نێوان ئەمریکاو کوردەکانی عێراق پەیوەندییەکی کاتی‌و بەرژەوەندییانە نییە، بەڵکو رەگی داکوتاوە لە بەها هاوبەشەکاندا، کە ئەوانیش لە پابەندبوون بە هەڵبژاردنێکی ئازاد، دادپەروەر، دیموکراسی‌و موناقەسە ئامێزو میدیای سەربەخۆو ئازاد، کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و دەسەڵاتی یاسادا دەبینێتەوە».

ئەگەر ئەم قسەی ئەم دوو سیناتۆرە لەکاتی روخانی سەدامدا دروست نەبووبێت‌و پەیوەندییەکانی ئەمریکاو کورد پەیوەندییەکی بەرژەوەندییانە بووبێت، ئەوا ئێستا تەواو دروستە لەکاتێکدا ئەمریکا دەکشێتەوەو وەکو زۆرێک چاودێرانی سیاسی ئاماژەی بۆ دەکەن، کورد گرنگی جارانی لە سیاسەتی ئەمریکادا نەماوە.

پاشان لە تەواوی نامەکەدا کە پێنج پەرەگرافە باس لە گرنگی دیموکراسی‌و هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکەن، کە چەندە گرنگەو دەبێت حکومەتی هەرێم بەپاکی‌و ئازادو دادپەروەرانە ئەنجامیان بدات تا «ستانداردێکی زێڕین» تۆماربکەن.

پەرەگرافی سێیەمی نامەکە روونتر قسەدەکات‌و دەڵێت: «چاوەڕوانی (٢٥)ی تەممووزین تا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ببینین، کە ئێمە هیواداریین‌و چاوەڕوانی ئەوەدەکەین «ستانداردێکی زێڕین» لە هەرێمەکەدا تۆماربکات، بەوەی هەڵبژاردنەکان ئازادو دادپەروەرو مونافەسەئامێزبن‌و بەدووربن لە دەستێوەردان‌و ناچارکردنی خەڵک‌و قۆرغکردن کە زۆرجار لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدەن. ئێمە بەتایبەتی خۆشحاڵین بەسەرهەڵدانی پارتی ئۆپۆزسیۆن‌و رومالکردنی هەڵبژاردنەکان لەلایەن میدیای سەربەخۆی کوردییەوە، کە ئەمەش نیشانەی پێگەیشتنی دیموکراسی کوردستان‌و دەستکەوتێکیشە بۆ سەرکردایەتی ئێوە».

بەکورتی نامەکەی دوو سیناتۆرەکەی ئەمریکا دوو خاڵی لەخۆگرتبوو.

١) ئەمریکا دۆستی گەلی کوردە، نەک سەرکردایەتی کوردی.

٢) تەنیا هەبوونی بەها دیموکراسییەکان پێناسەی دۆستایەتی کوردو ئەمریکا دەکات، بۆیە ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە بەدڵی ئەمریکا نەبێت، بیانوویەکی باش دەداتە ئەمریکا تا زیاتر پشت لەم هەرێمە بێ دۆستە بکات. بۆیە هەرکەسێک ئەم هەڵبژاردنە بە ئاقارێکی خراپدا بەرێت، دەکرێت بە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەرێم سەیربکرێت.

## «کورد نەوتەکەی هەڕاج دەکات»

# عێراق بەردەوامە لە بایکۆتکردنی ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێم کاردەکەن

سەرکەوت لەتیف

لەگەڵ ئەوەی تائێستا ناوەڕۆکی گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێم ئاشکرا نەکراوە، بەڵام وەزارەتی نەوتی عێراق لە دەستپێشخەرییەکیدا بەشێوەیەکی ئاشکرا چەند کێڵگە نەوتێکی نوێی وڵاتی خستە تەندەری ئاشکراوە، بەرجەستەکردنی سەقامگیریی ئەمنیش کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان بەرەو عێراق رادەکێشێت، لێکۆڵەرێکی ئەورووپیش پێیوایە، رەتکردنەوەکانی عێراق سەبارەت بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم زیانی گەورەی مادی بەو هەرێمە دەگەیەنێت.

بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە شارەکانی عێراق، تەواوی پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم‌و ناوەند بێ چارەسەر دەمێننەوە، یەکێک لە کێشەکانی نێوان هەرێم‌و ناوەند پرسی نەوت‌و گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمە، هەریەک لە حکومەتی عێراق‌و هەرێم بە دوو یاسای جیاواز گرێبەستی نەوتی ئەنجامدەدەن.

حکومەتی عێراق (٢٩)ی حوزەیرانی رابردوو لە دەستپێشخەرییەکیدا تەندەری ئاشکرای بۆ ژمارەیەک کۆمپانیای بیانی خستەڕوو کە تیایدا ژمارەیەک کۆمپانیای چینی‌و ئەورووپی بەشداری کێبرکێکەیان کرد، هەرچەندە حکومەتی عێراق بەنیازبوو ئەو تەندەرانە تەنیا بە کۆمپانیا ئەمریکی‌و ئەورووپییەکان بدات بەشێوەی بەخشین، رۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمریکی لە راپۆرتێکیدا کە لە (١)ی تەممووزدا بڵاویکردووەتەوە نووسیویەتی کە دوو سیناتۆری ئەمریکی داوایان لە حکومەتی عێراق کردووە کە بەهیچ شێوەیەک گرێبەستەکان بەنهێنی ئەنجام نەدات، تایبەتمەندی نەکات بە گروپێکی تایبەت‌و بەشێوەی کراوە ئەو تەندەرانە بخرێنەڕوو، ئەمە لەکاتێکدایە تائێستا ناوەڕۆکی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئاشکرا نەکراون.

لێکۆڵەرێکی ئەورووپی پێیوایە، کورد زۆرترین زیان لە هێشتنەوەی کێشەی نەوت لەگەڵ عێراق دەکات، جۆن هامیلتن، لێکۆڵەری بولگاری، شارەزا لە بواری نەوت، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە روونیکردەوە، کە بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو گەڕانەوەی سەقامگیریی بۆ عێراق، زۆرترین کۆمپانیای زەبەلاح روو لە عێراق دەکات، بەتایبەت لە باشوورو ناوەڕاست، بۆیە ئەگەر کورد ئەم کێشەیە یەکلایی نەکاتەوە، دەبێت سامانی نەوتی وڵاتەکەیان هەڕاج فرۆش بکەن، «کێڵگە نەوتییەکانی عێراق زۆر دەوڵەمەندترن، حکومەتی عێراقیش سەنگی نێودەوڵەتی زیاتری هەیە، بۆیە دوای سەقامگیریی ئەمنی لە عێراق رەنگە کۆمپانیاکانی ئێستای هەرێم روو لە باشوور بکەن، دەبێت کورد بۆئەوەی کۆمپانیا بیانییەکان بۆلای خۆی رابکێشێت، سوودێکی زیاتریان پێبدات، ئەمەش بەهەدەردانی سامانی هەرێمەکەیە، بەڵام ئەگەر یەک یاسای فیدراڵی هەبوو هیچ لایەک ناتوانێت کێشە بۆ یەکتر درووستبکەن».



هامیلت باسی لەوەشکرد کە «حکومەتی هەرێم ژمارەیەک کۆمپانیای کوردی بۆ بواری نەوت دامەزراندووە، کە هیچ شارەزاییەکیان لەبوارەکەدا نییەو بەناچاریی دەیانکەنە هاوپشکی کۆمپانیا بیانییەکان»، ئەمەش بە یەکێک لە خاڵە جێناکۆکەکانی هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی ناوەندی هەژمار کرد.

لەو راگەیاندنەی حکومەتی عێراق بۆ ئاشکراکردنی تەندەرەکانی ژمارەیەک لە کێڵگە نەوتییەکانی ناوەڕاست‌و باشوور، کە برەکەی (١٦) ملیار دۆلارە، ژمارەیەک کۆمپانیای بیانی لە بەشداریکردنی ئەوگرێبەستانە بێبەشکران بەهۆی مامەڵەکردن لە حکومەتی هەرێم، سامی ئەتروشی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و ئەندامی لیژنەی نەوت‌و گاز، هێشتنەوەی ئەوکێشانەی بە بەربەست لەبەردەم گەشەکردنی کەرتی نەوتی عێراق هەژمار کرد، ئەتروشی لەم رووەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەستاندنی یاسای نەوت‌و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەران زیانی گەورەی بە کەرتی نەوتی عێراق گەیاندووە،» تەواوی ئەو گرێبەستانەی دەکرێت بەپێی یاسایەک یەکگرتوو ناکرێت، بۆیە دوای ئەوەی ئەو یاسایە پەسەندکرا دەبێت هەموارکردن لەسەرجەم گرێبەستەکاندا بکرێت، هەندێک کۆمپانیاش تائێستا ترسیان لەو ناکۆکیانەی نێوان هەرێم‌و بەغدا هەیە، بەتایبەت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق،» ئەتروشی روونیشی کردەوە، کە بانگهێشتکردنی حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق، بۆ ئەنجومەنی نوێنەران نابێتە هۆی یەکلاییکردنەوەی کێشەی نەوتی هەرێم‌و ناوەند»و ئەو کێشەیە بە دانوستانی هەرێم‌و ناوەند چارەسەردەکرێت.

## «ئێران‌و کوردستان یەک بیرکردنەوەو یەک چارەنووس»

# مایکڵ رۆبن: سەرکردە کوردەکان مەستی دەسەڵاتن

ئا: سەرکەوت لەتیف



مایکڵ رۆبن، توێژەر لە پەیمانگای ئینتەرپرایسی ئەمریکی ئاماژە بە لێکچوونەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان‌و وڵاتی ئێران دەکات‌و مەترسی ئەگەری دووبارەبوونەوەی رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی ١٢ی حوزەیرانی رابردووی ئێرانییەکان لە کوردستانیش دەخاتەروو.

لە وتارێکیدا کە لەرۆژنامەی دەیلی ستاری لوبنانیدا بڵاویکردووەتەوە، مایکڵ رۆبن ئەوە بیردێنێتەوە کە دوو رۆژ بەر لە هەڵبژاردنەکان، ئایەتوڵڵا ئەحمەد جەننەتی، سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور، رایگەیاند «هەمیشە دوژمنەکانی ئێران دەیانەوێت گومان بخەنە سەر شەرعیبوونی هەڵبژاردنەکانمان، ئەویش بە کەمکردنەوەی بەشداریی گشتی لە هەڵبژاردنەکاندا، بۆیە داوا لە گەلی ئێران دەکەم بۆ کوێرایی چاوی دوژمنان بەشداریی گشتی بکەن لەم هەڵبژاردنە». دواتر ئەوەبوو کە گەلی ئێرانی ئەنجامەکەیان قبوڵ نەکردو رژانە سەرشەقامەکان.

مایکڵ بڕوای وایە کە رەنگە تەنیا ئێرانییەکان نەبن کە لەم هاوینەدا بەهۆی ساختەکاریی هەڵبژاردنەکانەوە خۆپیشاندان بکەن‌و لە ٢٥ی تەمموزی ئەمساڵدا کوردەکانیش دەنگ بۆ پەرلەمان‌و سەرۆکی نوێیان دەدەن، ئەمە یەکەمینجارە هەردوو پارتی دەسەڵات، یەکێتیی نیشتیمانی بە سەرۆکایەتی تاڵەبانی‌و پارتی دیموکراتی بە سەرۆکایەتی بارزانی، رووبەڕووی لیست‌و قەوارەی ناوخۆی بەهێز دەبنەوە، چونکە لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی کوەیتەوە لە ساڵی ١٩٩١ کە کوردەکان دژی سەدام راپەڕین‌و دواتر بە پشتیوانی هەریەک لە ئەمریکاو فەرەنساو بەریتانیاو تورکیا ناوچەی (دژە فڕین) دروستکراو رژێمی سەدام یەکە ئیدارییەکانی خۆی لە کوردستانی عێراق کشاندەوە، ئەمەش وەک فشارێک دژی کورد، بەڵام ئەمە سەرینەگرت‌و کوردەکان هەڵبژاردنیان ساز کرد.

لەو هەڵبژاردنەدا هەریەک لە تاڵەبانی ٤٤٪و بارزانی ٤٥٪ی دەنگەکانیان بەدەستهێناو هەندێک گروپ‌و هێزی دیکەش دەنگێکی کەمیان بەدەستهێنا، هاوڵاتییانی کورد بەهۆی مەترسیی گەڕانەوەی رژێمی بەعسەوە لەو نارێکی‌و گەندەڵییانە بێدەنگ بوون کە سەرکردەکانیان ئەنجامیاندەدا، بەڵام دوای ٢٠٠٣ رۆحی ریفۆرم‌و نوێبوونەوە لەنێو کوردادا گەشەیکردەوەو کوردەکان لە دەرفەتی گۆڕانکاری دەگەڕێن.

رۆبن پێیوایە؛ لەکاتێکدا کە حکومەتی هەرێم خۆی بە سیستمێکی دیموکراسی لە ناوچەکە لەقەڵەمدەدات، بەڵام ئەمڕۆ بارۆخەکە جیاوازە، هەرچەندە دوای حەڤدەساڵ لە یەکەمین هەڵبژاردن، ئێستا ئەزموونی هەرێمی کوردستان باشترە لە ئەزموونی میسرو ئێران یان سوریاو تونس، بەڵام گەندەڵی ئێستا زۆر بەربڵاوە، بۆچوونیشی وایە کە خزمخزمێنەش یەکێکی دیکەیە لە دیاردە بەربڵاوەکانی هەرێمی کوردستان.

هەروەک لە وتارەکەیدا رۆبن ئاماژە بۆئەوە دەکات، کە لەکاتێکدا ئازادیی میدیا لە بەشەکانی دیکەی عێراق گەشەیکردووەو پەرەدەسێنێت، لە هەرێمی کوردستان مەترسییان بۆ دروستدەکرێت، تەنانەت رۆژنامەنووسە سەربەخۆکان دەکوژن، «ئێستا هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئیدی پێویستە هەڵوەستەیەک بکەن، لە ئێستادا نەوشیروان مستەفا، سەرکردەی پێشوتری پارتەکەی تاڵەبانی بەهاوکاری ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی‌و رۆشنبیر لیستێکی بەهێزی هەیەو پارتە ئیسلامییەکان‌و دووپارتی دیکەی عەلمانیش لیستێکیان هەیە، ئەمانە چاوەڕواندەکرێت رکابەری بەهێزی هەڵبژاردنەکان بن».

رۆبن لەو بڕوایەشدایە کە بارزانی‌و تاڵەبانی نیگەرانن‌و ترسی لەدەستدان، یان کەمبوونەوەی دەسەڵاتیان هەیە، هەر لەبەر ئەمەش رێگایان نەدا شێوازی هەڵبژاردنەکان کراوە بێت‌و شێوازی داخراویان هەڵبژارد، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە کە لەبری ئەوەی خەڵک کاندیدەکان هەڵبژێرن، خۆیان لەسەر بنەمای خزمایەتی‌و نزیکی لەخۆیان دیارییان دەکەن، «هەریەک لە لیستی(گۆڕان)و لیستی(چاکسازی‌و خزمەتگوزاریی) لەم هەڵبژاردنەدا کێبرکێیەکی بەهێزی لیستی یەکگرتووی پارتی‌و یەکێتی دەکەن،

> **بارزانی‌و تاڵەبانی نیگەرانن‌و ترسی لەدەستدان، یان کەمبوونەوەی دەسەڵاتیان هەیە، هەر لەبەر ئەمەش رێگایان نەدا شێوازی هەڵبژاردنەکان کراوە بێت‌و شێوازی داخراویان هەڵبژارد**

بەم هۆیەشەوە هێزە ئەمنییەکانی ئەو دوو حیزبە هەڕەشە لە هەندێک کاندیدو لێسەندنەوەی ئیمتیازات لە هەندێکی دیکە دەکەن، رۆژانەش دەیان فەرمانبەری حکومی رووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە ئەگەر پشتیوانی لە بارزانی‌و تاڵەبانی نەکەن، هەڕەشەی دەرکردن لە کاریان لێدەکەن، رایەکی گشتیش لە هەرێمی کوردستان هەیە کە بەرپرسانی کۆمیسیۆن‌و ئۆفیسەکانی کوردستان کەسانی نزیکی تاڵەبانی‌و بارزانین.

مایکڵ رۆبن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەرپرسە کوردەکان مەستی دەسەڵات بوون، بێنرخیی بە ویستی گشتییەوە دەکەن‌و حکومەتی هەرێم سوپایەک لە کەسانی مووچەخۆری هەیە، کە وەک لایەنگرو دەنگی پارتەکەی تاڵەبانی‌و بارزانی لێیاندەڕوانن. ئێستا پارتی‌و یەکێتی بەمەبەستی هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیان، کار لەسەر ئەوە دەکەن کە فشار بخەنە سەر ئەو کەس‌و رێکخراوە سەربەخۆیانەی کە چاودێریی پرۆسەی دەنگدان دەکەن، تا نەتوانن لە رۆژی هەڵبژاردندا سکاڵا تۆمار بکەن، بەتایبەت لە دەرەوەی سەنتەری شارەکان.

دەرئەنجامی ئەوەی سەرەوە ئەوەیە کە ئێستا خەڵکی کوردستان داوای گۆڕان دەکەن‌و دەیانەوێت گۆڕانکاریی بکەن، خەڵکی هەرێمی کوردستان ئامادەن خەبات بکەن لەپێناو ئازادیی‌و دیموکراسی ئەگەر ئەنجامەکە بەدڵی ئەوان نەبوو، دوریش نییە هەمان سیناریۆی هاوڵاتییانی ئێرانی دووبارەبکەنەوە، بە خۆپیشاندان رێگا لە ساختەکاریی بگرن، رەنگە هێزە ئەمنییەکانی سەر بە دوو پارتی دەسەڵاتدار هەمان کاردانەوەی هێزە ئەمنییەکانی ئێرانیان هەبێت.

## ئەویش بە تەوافوق بەڕێوەدەبرێت

# سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی «شەرعیەتی نییە»

سەرکەوت محەمەد



بەشێک لە کارمەندانی تەندروستی‌و ئەندامی سەندیکای تەندروستی رەخنە لە ئەدای سەندیکا دەگرن‌و پێیانوایە «پاشکۆی حیزبە»و لەماوەی کارکردنیدا «خزمەتی ئەوتۆی بە کارمەندە سەربەخۆکان نەکردووە»، جگە لەوەی چەند ساڵێکە کۆنگرەی نەبەستووەو «شەرعیەتی نەماوە».

سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لەپرۆسەیەکی هەڵبژاردندا لە ١٩٩٩/٦/١٥ لەسلێمانی دامەزراوە، دوای نزیکەی (١٠) ساڵ بەجیا کارکردن لە سنووری سلێمانیدا لە ٢٠٠٩/١/٢٥ لەگەڵ سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان یەکیانگرت، ناوی سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستییان لێنرا.

خالید مەجید، کارمەندی تەندروستی لەنەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی پێیوایە، سەندیکای تەندروستی‌و سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان «لەژێر کاریگەری‌و خواستی هەردوو حیزبی باڵادەستدا یەکیانگرتووەتەوە، نەک بە ئیرادەو بەستنی کۆنگرەو هەڵبژاردن»، وتی: «ئەو یەکگرتنەوەیە بڕیارێکی بیرۆکراتیانەیەو لەسەرووی ئیرادەی کارمەندانەوە بڕیاری لەسەر دراوە، جگە لەوە یەکگرتنەکە رەنگدانەوەی سیاسەتی تەوافوقی هەردوو حیزبە هەرچەندە پێچەوانەی سیستمی دیموکراتییە کە باسدەکرێت».

بە بڕوای خالید یەکگرتنەوەی تەوافوقی سەندیکاکەیان هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی هەرگیز نەتوانرێت سەرجەم کارمەندانی تەندروستی بەبێ جیاوازی فیکری‌و سیاسی‌و ئایدۆلۆژی رێکبخرێن، بۆ بەدەستهێنانی مافە پیشەیی‌و دیموکراسیەکانی، وتیشی: «نەک ئەم سەندیکایە، تەواوی سەندیکاکان کەم تا زۆر کۆمیتەی حیزبین‌و سەربەخۆنین‌و بە تەوەجوهاتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان کاردەکەن، جگە لەوەش بە ناوی زەمینە سازکردن‌و ئامادەکاریی بۆ کۆنگرەی سەرتاسەری‌و نووسینەوەی بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرام‌و پێداویستییەکانی دیکەوە ماوەیەکی درێژتر کارمەندانی تەندروستی لە چاوەڕوانیدا دەهێڵنەوە».

کارمەندانی تەندروستی زۆرترین رێژەی فەرمانبەرانی دەزگا خزمەتگوزاریەکان پێکدێنن، بە گەورەترین پلەبەندی هەیکەلی وەزارەتی تەندروستی دادەنرێن، بەشێوەیەک کە تەنیا بەڕێوەبەرێتی تەندروستی سلێمانی نزیکەی (٣) هەزارو (١٠٠) کارمەندی تەندروستی‌و پەرستیاری هەیە، بەپێی پەیڕەوی سەندیکای تەندروستی «پێویستە چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن بکرێت، نوێنەرانی کارمەندان بۆ دەستەی باڵای سەندیکا هەڵبژێردرێت».

حەسەن مەحمود، لێپرسراوی لقی سلێمانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، نکۆڵی لەوە نەکرد کە (٤) ساڵ جارێک هەڵبژاردنیان نەکردووە. وتی: «لە ماوەی ئەم (٨) ساڵەدا سەندیکای ئێمە سنووری سلێمانی دوو کۆنفرانس‌و یەک پلینیۆممان بەستووە، لە دوای ساڵی (٢٠٠٤)یشەوە وەکو ئیدارەی سلێمانی هەوڵمانداوە کۆنگرە ببەستین، بەڵام ئێمەش بەدەرنەبووین لە هەموو ئەو هەلومەرجەی لەکوردستاندا هەیە، هێشتا حکومەت یەکی نەگرتبووەوە، نەدەکرا دووەم کۆنگرەی خۆمان ببەستین‌و هێشتا یەکمان نەگرتبێتەوە».

روونیشی کردەوە، کە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لە (٢٠٠٣)وە هەوڵی یەکگرتنەوەی هەردوو سەندیکا دراوە تا لە سەرەتای ئەمساڵدا یەکیان گرتووەتەوە بەشێوەی تەوافوق بۆ نەقیبی سەندیکا تا ساڵەکە کۆتایی دێت، وتیشی: «بەرنامەمان هەیە لەو ساڵەدا لیژنەیەک پەیڕەوو پرۆگرام دابڕێژێت، کۆنفرانسە محەلیەکان ببەستێت‌و نوێنەرایەتی دیاریبکرێت بەهەڵبژاردن بۆ کۆنگرە، دوای تەواوبوونی ساڵەکە کۆنگرەی سەرتاسەریی ببەسترێت».

پێشیوایە لەو ماوەیەوە کە یەکیانگرتووەتەوە سەلماندوویانە کە «سەندیکاکەیان حیزبی نییەو پیشەیی‌و دیموکراتیانە کاردەکەن».

بەڵام محەمەد خدر پشدەری، نوێنەری راهێنەرە سروشتییەکان‌و سەرپەرشتیاری بەشەکانی چارەسەری سروشتی لە سلێمانی، رەخنەی لەوەگرت کە چەند ساڵێکە هەڵبژاردن لە سەندیکای کارمەندانی تەندروستیدا نەکراوە، وتی: «تاکە کەسێک نابینیتەوە لە دەستەی باڵای سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کە سەربەخۆ بێت، یان پارتین یاخود یەکێتین‌و لەلایەن رێکخراوە دیموکراتییەکانی هەردوولاشەوە دەستنیشانکراون». باسی لەوەشکرد، کە پێش یەکگرتنەوەی دوو سەندیکاکە کۆنفراسێک لە سلێمانی بەستراوەو تێیدا بڕیاردرا بە تەوافوق یەکنەگرنەوە، پەیڕەوی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە بکەن، بەڵام «بەداخەوە ئەوە نەکرا».

محەمەد پشدەری، هەرچەندە ئەوەی خستەڕوو کە «سەندیکا کاریانکردووەو توانیویانە هاوکاری ئەندامەکانیان بکەن»، بەڵام پێشیوایە «ئەو سەندیکایانە بۆ خۆڵکردنە چاوی هاوپیشەکانەو نوێنەری هەموو چین‌و توێژەکانی کارمەندانی تێدانییە». وتیشی: «ئەو دەستەیەی سەندیکای تەندروستی زۆر دەمێکە سەندیکا بەڕێوەدەبەن‌و دەبێت بوار بۆ خەڵکانێکی دیکەش بڕەخسێنرێت بەبێ پشتگیری حیزبی‌و دەستەی باڵا نوێنەری هەموو بەشەکانی تەندروستی تێدا بێت، لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە بکەن بۆ ئەوەی کارمەندان لەڕێگای سندوقی دەنگدانەکانەوە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن».

عەلی محەمەد، کارمەندی تەندروستی لە نەخۆشخانەی سنگ، یەکێکە لەو کارمەندانەی نەبووەتە ئەندامی سەندیکای تەندروستی، هۆکارەکەشی بۆ «نەمانی شەرعیەتی سەندیکا» گەڕاندەوەو وتی: «لەسەرەتادا ئەندامی کارای سەندیکا بووم کە بە دەنگی خۆمان هەڵمانبژارد، بەڵام ئێمە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵمانبژاردو دوای چوار ساڵەکە هیچ شەرعیەتێکی نەماوە». هەروەک جگە لە «نەبوونی شەفافیەت» لە سەندیکا کە بە کێشەیەکی گەورەی دەزانێت، پێیوایە «سەندیکاکەیان لەسەر بناغەی حیزبی‌و ناسیاوی خزمایەتی کاریان کردووە» ئەوە لە کاتێکدایە کە سەندیکای کارمەندانی پیشەی تەندروستی سەندیکایەکی پیشەییەو دەبێت دوور بێت لە حیزب، «بەڵام بە پێچەوانەوە بووە»، هەروەها «سەندیکاکە نەیتوانیوە کارمەندان کۆبکاتەوەو پارچە پارچەی کردوون».

# دەستوور: ئەمریکاو دەرەوەی ئەمریکا

نووسینی: گریگ راسیل

۲-۲

## جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان و سیستمی دیسپلین و هاوسەنگییەکان:

لەسەر دامـەزرێـنـەران پێویست بوو چارەسەرێک بۆ مەسەلەی چۆنێتی دروستبوونی حوکمی یاسا، نەک حوکمی خەڵکی بدۆزنەوە، بەوەی جگە لە خەڵکی، کەسی دی حوکمڕانی ناکات. ئەو سەرکردە سیاسییە واقعییانە هەوڵیاندا رۆحـی بیرۆکەی دەستووری و خەسڵەتە بێوێنەکانی سەردەمەکەیان پێکەوە ببەستنەوە. رەنگە باشترین گوزارشت لەسەر ئەم کێشە فەلسەفی و زانستییە گوزارەی جێمس مادیسۆن بێت لە گۆڤاری فیدراڵی ژمارە ٥١. مادیسۆن دەڵێت: پێویستە لەسەر بەرخوازی، هاوسەنگی بـەرخـوازی بکات. پێویستە بەرژەوەندیی خەڵکی بەشێوەیەکی دانەبڕاوانە بە مافە دەستوورییەکان ببەسترێتەوە. زانستێکی ساکاری سروشتی مرۆڤایەتی ئاماژە بەوە دەکات «ئەمجۆرە ئامرازانە پێویستە بۆ ئەوەی خراپ بەکارهێنانی حوکم رابگرێت». گەر مرۆڤ فریشتە بێت، ئیدی پێویست نییە دیسپلینی دەرەکـی یا ناوخۆیی بۆ حوکم دابنرێت، بەڵام مادیسۆن کەسێکی واقیعی بوو. حوکمی دەستووری هەروەکو مادیسۆن دەڵێت، دەبێت سیاسەت «بەرژەوەندییە ناکۆکو کێبەرکێکارەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کەموکورتی لە ئەنگیزەی باشتردا دەستەبەر بکات». ئەو چوارچێوە دەستوورییەی لەسەر رێزگرتنی عاقڵانە (یـا حەکیمانە)وە بۆ مرۆڤ بونیات دەنرێت، دەبێت لە رێکخستنی حوکمبەرەکانەوە، حوکم سەقامگیر بکات، بەڵام ئەوەی کەم بایەختر نییە، بوونی تەگبیری پاراستنێکی زیـادەیـە کە خـۆی لە بوونی دیسپلین و هاوسەنگی ناو حوکم دەنوێنێت.

دەستووردانەران بەم دابەشکردنەیان کـاری حکومەتیان لەسەر سێ دەسەڵاتی سەربەخۆ دابینکردووە، بـەوەی کە نابێت دەسـەڵاتـە سەرەکییەکانی حـوکـم، واتـە یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، لەلایەن هیچ یەکێکیانەوە مۆنۆپۆڵ بکرێت. هەروەها دابەشکردنی دەسەڵاتی حکومەت بەسەر سێ دەسەڵاتی سەربەخۆدا ناهێڵێت حکومەتێکی نێوەندی زۆر بەهێز دامەزرێت کە بتوانێت دەسەڵاتی بەسەر حکومەتی ویلایەتەکاندا بسەپێنێت. لـەوەشـدا مەبەست ئـەوە بوو دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکانی حوکم بەناو یەکدا تێهەڵکێش بکرێن. نموونە لەسەر ئەوەش چۆنێتی رێکخستنی دەسەڵاتی کۆنگرێسە لە دەرچواندنی یاسا بەهۆی ئەو مافە ڤیتۆیەی سەرۆک هەیەتی، بەڵام دەکرێ ئەم مافەی سەرۆک لە رێگای دەنگدانی سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆنگرێسەوە پوچەڵبکرێتەوە. سەرۆک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە، بەڵام تەنیا کۆنگرێس دەسەڵاتی دامەزراندنی سوپاو دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی و بەرەسمی راگەیاندنی جەنگی هەیە. سەرۆک دەسەڵاتی دامەزراندنی هەموو دادوەرە فیدراڵییەکان و باڵیـۆزەکـان و سەرجەم فەرمانبەرە حوکمییەکانی هەیە، بەڵام هەموو ئەو دامەزراندنانە بۆ ئەوەی کاری پێبکرێت، پێویستی بە رەزامەندی ئەنجومەنی پیران هەیە، هەروەها هیچ یاسایەک کاری پێناکرێت ئەگەر هەر دوو ئەنجومەنەکە رەزامەندی لەسەر دەرنەبڕن.

دادگای باڵا دوا دەسەڵاتی پوچەڵکردنەوەی یاساکانی یاسادانان یا جێبەجێکردنی هەیە، بەوەی ئەو یاسایانە دەستووری نین. لێرەدا رەگوڕیشەی پیاچوونەوەی داوەری و هێزی دادی فیدراڵی لە ویلایەتەیەکگرتووەکاندا لـەدوای داوای ماربۆری لەسەر مادیسۆن (ساڵی ۱۸۰۳) خۆی متکردووە. دەسەڵاتی پـیـاچـوونـەوەی داوەری لـە دەسـتـووری نووسراوی ئەمریکییەوە سەرچاوە ناگرێت کە هیچ ئاماژەیەکی ئاشکرای بۆ ئەو دەسەڵاتە تیا نییە، بەڵکو لە کۆمەڵێک بڕیارەوە سەرچاوەی گرتووە کە دادگاکان لەو کێشانەی لە کۆتایی سـەدەی هەژدەیەمەوە تەماشای کـردوە، دەریکردوون. خاڵی هاوبەشی ئەو کێشانە، بەلانیکەمەوە وەک پاساوێکی فەلسەفی یا ئاکاری دەسەڵاتی دادگا، بریتییە لە پەیوەندیی نێوان پیاچوونەوەی دادوەری و یاسای باڵا. ئەمریکییەکان لەو سەردەمەدا ئەو بیرۆکەیەیان هەڵگرتبوو کە دەڵێت: ئەگەر یاسای دانراو یا یاسای مرۆڤ، پێچەوانەی یاسای سروشتی بوو، ئەوا بەیاسا دانانرێت، بەڵکو لە یاسا لادەدا. بیرۆکەی گشتیش لەم بارەیەوە، جێمس ئۆتیس لە وتارێکدا بەناونیشانی جەختکردن و سەلماندنی مافی کۆڵۆنییەکانی بەریتانیا کە ساڵی ۱۷٦٤ بڵاوبوویەوە، گوزارشتی لێدەکات و تێیدا ئەوە دیاریدەکات کە:

یاسای سروشتی دەستکردی مرۆڤ نییەو مرۆڤیش ناتوانێت هەمواری بکات یا رێڕەوی بگۆڕێت، ئەوەی دەتوانێت بیکات یا بەتەنیا پێڕەوی لێبکات و پێوەی پابەند بێت یا پێوەی پابەند نەبێت و دژی بووەستێتەوە. ئەمەی دوای هەرگیز ناتوانێت بەبێ سزادان ئەنجامی بدات، تەنانەت لەم ژیانەشدا، ئەگەر سزادانی هەر مرۆڤێک بریتی بێت لەوەی هەست بە بێبەشبوونی خۆی بکات و لەنێو چـاکـەکـاران و خێرخوازاندا خـۆی بەکەم بزانێت و بەهۆی گەلحۆیی و شەڕەنگێزییەوە لە پێگەی چوارپێیاندا بێت، یا لە هاوڕێ یا رەنگە باوکی وڵاتەکەیەوە بۆ شێر یا پڵنگێکی درندە بگۆڕێت.

## فیدراڵیزم:

هەروەها دامەزرێنەران بڕیاری ئەوەشیاندا دەسەڵات لەسەر دوو ئاستی حوکم دابەش بکەن: ئاستی هەموو وڵات، یا ئاستی نەتەوەیی و ئاستی ویلایەتەکان. دەستەوەستانی مادەکانی سیستمی کۆنفیدراڵی (۱۷۸۱ ـ ۱۷۸۷) لە دامەزراندنی حوکمێک لە کۆڵۆنییە ئەمریکییەکان کە قابیلی ژیان بێت، بوە مایەی ئەوەی نوێنەران لە کۆنگرەی گشتیی دەستووری ساڵی ۱۷۸۷ لە فیلادلفیا دەسەڵاتێکی زۆر بدەن بە حکومەتی نێوەندی.

مادەکانی سیستمی کۆنفیدراڵی وەک پردێک بـوو لەنێوان سیستمی حوکم کە کۆنگرێسی کیشوەرەکان سەرەتا لە قۆناغی شۆڕشگێڕێتیدا دایمەزراندبوو، هەروەها سیستمی حوکمی فیدراڵی کە دەستووری ساڵی ۱۷۸۷ ئەمریکا دایمەزراندبوو. لەبەر ئەوەی ئەزمونی دەسەڵاتی نێوەندی بەریتانیای باڵادەست لە قۆناغی شۆڕشگێڕێتیدا لە زەینی پەیوەندیدارەکاندا زۆر روون و ئاشکرا بوو، بۆیە دەستووردانەران بەناقەست سیستمی کۆنفیدراڵییان بۆ ویلایەتە سەربەخۆکان دانا، بەڵام ئەو مەوادانە دەسەڵاتیان بە کۆنگرێس نەدابوو پێداویستیی دارایی یا سەربازی بەسەر ویلایەتەکاندا بسەپێنێت و لە کۆتایی ۱۷۸٦دا کارایی حوکم داڕووخا.

بەپێی دەستووری ئەمریکی فیدراڵیزم جێگەی کۆنفیدراڵیزمی گرتەوە، فیدراڵیزم سیستمێکە حکومەتی نێوەندی یانەتەوەیی لەگەڵ حکومەتی ویلاتەکان، دەسەڵات دابەشدەکات. دەستوور لە هێندێک بـواردا دەسەڵاتێکی باڵای بە حکومەتی نێوەندی بەخشی، بەڵام نەیهێشت حکومەتی ویلایەتەکان ببێت بە یەکەیەکی ئیداری سەر بەحکومەتی نێوەندی. بەشێوازی جۆراوجۆر پارێزگاری لەمافی ویلایەتەکان دەکرا. یەکەم، دەیەم هەموارکردنی دەسـتـوور ئـەوەی روونـکـردووەتـەوە کە زۆرێک لە بوارەکانی کاری حکومەت، تایبەتە بە ویلایەتەکان، بۆ نموونە، بەشێوەیەکی گشتی حکومەتی ویلایەتەکان بەرپرسیارە لە ئیدارەی بودجەکانیان و دانان و جێبەجێکردنی یاسا سـەبـارەت بـەزۆرێـک لـەو بوارانەی کاریگەرییان لەسەر ژیانی دانیشتووانەکانیان هەیە. دووەم، لەرێگای نوێنەرایەتی کردنیان لە ئەنجومەنی پیران پارێزگاری لە ویلایەتەکان دەکرێت: بۆ هەر ویلایەتێک دوو ئەندام بۆ ئەنجومەنی ناوبراو دیاریدەکرێت، ئیدی بـەدەر لـەوەی ژمـارەی دانیشتووانی چەند دەبێت. سێیەم، دەستەی هەڵبژاردن، ئەو دەستەیەی کە بەشێوەیەکی رەسمی سەرۆک وڵات هەڵدەبژێرێت، لەسەرجەم هەڵبژێرانی سـەرۆک پێکدێن، ئـەوانـەی ویلایەتەکان هەڵیاندەبژێرن، بەجۆرێک کە هیچ ویلایەتێک بەلانیکەمەوە سێ نوێنەر کەمتری نەبێت. چـوارەم، خـودی پرۆسەی هەموارکردنی دەسـتـوور بـەرژەوەنـدیـی ویلایەتەکانی رەچاوکردووە، چونکە هەر هەموارکردنێکی دەستوور پێویستی بە رەزامەندی سێ لەسەر چواری هەموو دەستەکانی یاسادانانی هەیە، ئەمە لەپاڵ رەزامەندی سێ یەکی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆنگرێس. ئەو پاراستنانە لە ناو دەستووردا دانـراون بەمەبەستی پاراستنی ویلایەتە بچووکەکان لە باڵادەستی ویلایەتە گەورەکان. بەشداریکردنی دەسەڵات لە نێوان ویلایەتەکان و حکومەتی نەتەوەییدا رەگەزێکی بونیادی زیادەیە لە چوارچێوەی سیستمێکی تۆکمەی بەدیسپلین و هاوسەنگدا.

## تێکۆشان لە پێناوی مافەکانی تاکەکەس:

پێشەکی دەستوورەکە لە سیستمێکی سیاسی نوێی ئەمریکی دەڕوانێت کە پشت بـەم پرەنسیپانەی خـوارەوە دەبەستێت: دامەزراندنی یەکێتییەکی کامڵ، دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی بـەرگـری هـاوبـەش، پایەدارکردنی دادپـــەروەری، زامنکردنی نیعمەتی ئازادیی بۆ نەوەکانی ئێستاو دوارۆژ، تەنانەت پێش ئەمەش، راگەیاندنی سەربەخۆ ئـامـاژەی کـردوە بـەو «مافانەی کە نابێت دەسکاری بکرێت» بەوەی مافی هەموو کەسێکە وەک مرۆڤ و هیچ حاکمێک بۆی نییە لێیان بسەنێتەوە، بەڵام باشترین رێگا بۆ زامنکردنی دادپـەروەری و نیعمەتی ئازادیی (ئەودەمەو ئـەمـرۆش)، بابەتی مشتومڕێکی توندی حزبیایەتی بوو. کاتێک بۆ یەکەمجار دەستوور داڕێژراو درایە ویلایەتەکان بۆ ئەوەی متمانەی پێببەخشن، مادەکانی هیچ ئاماژەیەکی بۆ مافەکانی تاکەکەس تیایدا نەبوو. یەکێک لە راڤەکردنەکانی ئەوەیە کە دەستووردانەران گریمانەی ئەوە دەکەن حوکمی نەتەوەیی تازە دامەزراو بەچاودێرییەکی گەورە سنووردارە کە چیدی مافەکانی تاک پێویستی بە پاراستنی زیاتر نییە. لەپاڵ ئەوەشدا، لایەنگرانی دی سیستمی فیدراڵی ئەوەیان خستەڕوو کە مافی زیاتر دەبێتە مایەی بەرپرسیارێتی زیاتر، واتە ئەو مافانەی کە بەمافی جەوهەری دادەنرێت و ناکرێت سنووری بۆ دیاری بکرێت، رەنگە رووبەڕووی دەستدرێژی حکومەت ببنەوە.

سـەربـاری شکستی نـەیـارانـی فیدراڵیزم لەشەڕی دارشتنی دەستوور، لە ساڵی ۱۷۸۷دا، بەڵام توانیان چەندین تەنازول بەسەر ئۆپۆزیسۆنەکانیاندا بسەپێنن. لەترسی دەسەڵاتی حکومەتی نوێی نەتەوەیی، داوایانکرد دەقی دەستوور کۆمەڵێک حیمایەی دیاریکراو لەسەر مافەکانی تاک لەخۆی بگرێت. هەروەها لە هێندێک کۆنگرەش کە لە ویلایەتەکاندا بەستران، کۆمەڵێک بەڵێنیان لە سەرکردەکانی لایەنگری فیدراڵی وەرگرت، رەزامەندی لەسەر هەموارکردنی گونجاو لە دەستووردا بکەن. هێندێک لە ویلایەتەکان هەڕەشەی ئەوەیان کرد ئەگەر گرەنتی رەزامەندی لەسەر بەڵگەنامەی مافەکان وەرنـەگـرن، راسـتـانـدن لەسەر دەستوور ناکەن. لایەنگرانی فیدراڵیزم بەرامبەر بە بەڵێنەکانیان بەوەفابوون. لە ساڵی ۱۷۸۹دا کۆنگرێسی یەکەمی ویلایەتەیەکگرتووەکان، یەکەم دە هەموارکردنی دەستووری تەبەنیکردو ساڵی ۱۷۹۱یش بەڵگەنامەی مافەکان، کە یەکەم دە هەموارکردنی دەستووری لەخۆی گرتبوو، ژمارەیەکی پێویستی ویلایەتەکان راستاندنی لەسەر کرد بۆ ئەوەی کاری پێبکرێت. سەرباری ئەوەش هەموارکردنی نۆیەمی دەستوور کە بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەو مافە جەوهەرییانە دەپـارێـزێـت و دەسـتـوور بەشێوەیەکی دیاریکراو باسی لێوەنەکردووە، بووە مایەی سوککردنی مەترسییەکانی لایەنگرانی سیستمی فیدراڵی دەربارەی بە پاراستنی ئەو مافانەی بەدیاریکراوی باسیان لێوەنەکراوە، رووبەڕووی مەترسی بکاتەوە، ئەمە لە حاڵێکدا جگە لەوە پاراستنی هەر مافێکی دیاریکراوی دی ئاماژەی پێکراوە.

بەڵگەنامەی مافەکان توانای حکومەت لەسەر دەستدرێژیکردنە سەر مافە دیاریکراوەکانی تاک کەمدەکاتەوە، وەک ئازادیی دەربڕین، رۆژنامەوانی، کۆڕوکۆبوونەوەو پەرستن، هەروەها رێگا بە کۆنگرێس نادات ئەو بڕیارانە دەربکات کە هیچ ئاینێک بەرەسمی بکات، یا ئاینێک بەسەر ئەوی دی بسەپێنێت. بەنزیکەیی سێیەکی بەڵگەنامەی مافەکان باس لە پاراستنی ئەو کەسانە دەکات کە گومانی ئەنجامدانی تاوانیان لێدەکرێت، یا بەئەنجامدانی تاوانێک گوناهبارن. ئەو مافانەش بریتین لە پێویستی رەچاوکردنی بنەما یاساییە پێڕەوکراوەکان، دادگاییکردنی پاک و دادپەروەرانە، رێگا نەدرێت خود تاوانبار بکرێت، رێگا نەدرێت سزای زۆر دڵڕەقانەو ناباو بسەپێنرێت و رێگا نەدرێت کەسێک دووجار لەسەر تاوانێک دادگایی بکرێت. کاتێک بۆ یەکەمجار تەبەنیکرا، بەڵگەنامەکانی مافەکان تەنیا لەسەر کردارەکانی حکومەتی نەتەوەیی یا فیدراڵی پیادە دەکران.

جلەوکردنی دەستدرێژیی ویلایەتەکان لـەسـەر ئـازادیـیـە مەدەنییەکان، بابەتی هەموارکردنی دەستووری سیازدەیەم (۱۸٦٥)، چواردەیەم (۱۸٦۸)، پازدەیەم (۱۸۷۰) بوو، واتـەی ئـەوەی پێی دەوتـرا هەموارکردنی بونیاتنانەوە کـە دوای شـەڕی ناوخۆ دەرچووەو مەبەست لە دەرکردنیشی لابردنی دەزگای کۆیلایەتی بوو. لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا، کۆمەڵێک ئازادیی کە لە یەکەم دە هەموارکردنی دەستووردا هاتووە، خرایەپاڵ هەموارکردنی چواردەیەم لە گرەنتییەکان سەبارەت بەوەی هیچ ویلایەتێک نەتوانێت رێگا لە هاوڵاتییانی بگرێت بنەما یاساییەکان پیادە بکەن، یا رێگا لە پاراستنی وەکیەکی لەبەرامبەر یاسادا بگرێت. بەتایبەتی لەماوەی دوای بیستەکانی سەدەی رابـردوودا، یەکەم دە هەموارکردنی دەستوور رۆڵێکی هێجگار کـاراو گرنگی لە چارەسەرکردنی مەسەلە دژوارەکانی پەیوەست بەسیاسەتی گشتی وازیکرد، هەر لە دەستووریبوونی یاساکانی نوێژکردن لە خوێندنگاکان و پشکنینی تەوزیم (الفحص الالزامي)ی بۆ زانینی ئەوەی کەسی پەیوەندیدار مادە بێهۆشبەرەکان بەکاردەهێنێت، تا دەگاتە دەستووریبوونی یاساکانی رێگاگرتن لە دووگیانی و سزای لە قەنارەدان. هەروەها پرەنسیپە سەرەکییەکان کە دامەزرێنەران دایـانـنـا، وەک پرەنسیپی دادپـــەروەری، ئازادیی و پرەنسیپە دەستوورییەکانی وەک رەچاوکردنی بنەما یاساییەکان و پاراستنی وەکیەکی لە بەرامبەر یاسادا، لەنێو نەوە یەک لـەدوای یەکەکاندا، مانای تـازەی وەرگـرت. ئەم گۆڕانکارییانە زۆرجـار بزووتنەوەی ناڕەزایەتخوازی و کردەوەی یاخیبوونی مەدەنی لێدەکەوتەوە، لەگەڵ گۆڕان لە هەستی مرۆیی و دابە کۆمەڵایەتییەکان لە سەد ساڵی رابردوودا.

پاساوی فەلسەفی بۆ بەڵگەنامەی مافەکان بریتییە لـەوەی هێندێک لە ئازادییەکان لە دەرەوەی دەستتێوەردانی زۆرینە دادەنێت، ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە بێبەشکردنی هاوڵاتییان لە مافە جەوهەرییە سەرەکییەکانیان لە پلەو پایەی مەدەنییان دەداو لە راستیدا لە مرۆڤایەتییان دەدا. ئەو کۆمەڵە مافەی کە بەڵگەنامەی مافەکان و دەستوور لەخۆی دەگرێت، جەوهەری حوکمێکی ئازاد پێکدەهێنێت. دەکرێت مافە مەدەنییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە مافە سروشتییەکانەوە سەرچاوە بگرێت یا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە رێوشوێنی سیاسی کۆمەڵگایەک کە لەسەر رەزامەندیی ئەو خەڵکانەی لە رێگای دەستوورو یاساو یاسای گشتییەوە بەدەستی دەهێنن، بونیاتنرابێت. حەکایەتی سەرکەوتنی مادیسۆن و هاوڕێیانی لە کۆنگرەی دەستووری، لە ماوەی کۆنگرێسی یەکەمدا، رەنگدانەوەی ئەو شێوازەیە کە لە دانانی کۆمەڵێک پرۆسەو ستراکتۆر خود هەموارکەر، گرتیانەبەرو دەکرێت لەڕووی یاساییەوە رێزی مافەکان بسەپێنێت و پێوەری پێویستی ئەم مافانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دابنێت.

## دەستوور، ئازادیی و سیستمێکی نوێی جیهانی:

کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو داڕوخانی یەکێتیی سۆڤێت و دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان کە ئەورووپای رۆژهەڵات لە دەوری تەوەرەیان دەبەست، بوو بە مایەی لەدایکبوونی هەستی سەرکەوتن و گەشبینی لەمەڕ ئەو بەڵێنانەی فیکری لـیـبـراڵ–دیـمـوکـراسـی و حوکمی دەستووری پێشکەشی دەکرد. لە کانوونی یەکەمی ۲۰۰۰دا، دەزگـای فریدۆم هاوس (خانەی ئازادی)، رێکخراوێکە بەدوای قازاندا ناگەڕێت و لەجیهاندا برەو بەدیموکراسییەت دەدا، لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی بڵاوکردەوە کە تیایدا بەتێروتەسەلی باس لە مافە سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکانی ئەم جیهانەمان دەکات کە لە ئێستادا لە (۱۹۱) دەوڵـەت پێکدێت. لێکۆڵینەوەکە کە بەناوی «ئازادی لە جیهانی ۲۰۰۰ – ۲۰۰۱»دا ئەوە روونەدەکاتەوە، پێش دە ساڵ لە بـواری ئازادیدا ئاقارێک بەرەو دەستکەوتی پۆزەتیڤی بەشێنەیی دەستی پێکردووە و لە ساڵی ۲۰۰۰–وە بەردەوام دەبێت. لەو رووپێوەیدا کە ساڵانە رێکخراوەکە ئەنجامی دەدات، (۸٦) وڵات کە کۆی دانیشتووانەکانیان ۲۵۰۰ ملیۆن کەسە (یا رێژەی ٤۰٫۷ لە سەدی دانیشتووانی جیهان، ئـەوەش گەورەترین رووپێوە کە ئەو رێکخراوە ئەنجامی دەدا)، بە وڵاتی ئازاد پۆلێنکردووەو دانیشتووانەکانیان چێژ لە کۆمەڵێک ماف وەردەگـرن. هەروەها (٥۹) وڵات کە کۆی دانیشتووانەکانیان ۱٤۰۰ ملیۆن کەسە (واتە رێـژەی ۲۳٫۸ لە سەدی دانیشتووانی جیهانە) بە وڵاتانی «نیمچە ئازاد پۆلینکراون. مافە سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکان لە پۆلینی وڵاتانی یەکەم زۆر دیاریکراوەو بەزۆری ئەو وڵاتانە گەندەڵی تێیدا بەربڵاوەو حیزب حاکم باڵادەستەو هێندێک جاریش بەدەست کێشەی ئەتنی یا ئاینییەوە دەناڵێنێت. هەروەها ئەو رووپێوە ٤۷ وڵاتی دی کە کۆی دانیشتووانەکانیان ۲۲۰۰ ملیۆن کەسە (واتە رێژەی ۳٥٫۵ لە سەدی دانیشتووانی جیهان) بە وڵاتانی نائازاد پۆلێنکردووە. دانیشتووانی ئەو وڵاتانە لە مافە سیاسییە سەرەکییەکان و ئازادییە مەدەنییەکان بێبەشن.

ئەو رووپێوەی فریدۆم هاوس ئەنجامیداوە، ئەو بـڕوا بـاوە پشتراستدەکاتەوە کە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیموکراسی نییە بتوانرێت پشتی پێببەسترێت و بووە بە تاکە قەڵایەکی تۆکمەی رۆشنگەری، بـەڵام لێرەدا بەشێکی دی لە کەلەپوری قۆناغی دوای شەڕی سارد هەیە کە بەرەنگاری و گرفتی گەورە بۆ بیربڕیارە سیاسیی و سیاسەت دروستکاران پێکدەهێنێت. هێندێک لە رژێمە دیموکراسییە هەڵبژێردراوەکان، زۆرجـار ئەوانەی هەڵدەبژێردرێنەوە یا لە رێگای راپرسییەوە پشتگیری لێدەکرێتەوە، بەشێوەیەکی رۆتینی ئەو سنوورە دەستوورییە فەرامۆش دەکات کە بەسەر دەسەڵاتەکەیدا سەپێنراوەو هاوڵاتییانی لە ماف و ئازادییە سەرەکییەکانیان بێبەشدەکات. لە زۆرێک ناوچەکانی جیهاندا دەرکەوتنی دیاردەیەکی نائارام لە ژیانی دەوڵی بەدیدەکەین، ئەویش دیاردەی دیموکراسی نالیبراڵییە.

لەناو جەرگەی ئەم کـارەدا جیاوازی نێوان دیموکراسی و حوکمی دەستووری خۆی متکردووە. تێگەیشتنی ئەم کێشەیە زۆر زەحمەتە، چونکە بەلانیکەمەوە لە ماوەی سەدەیەکدا دیموکراسییەت لە رۆژئاوا بەمانای دیموکراسی لیبراڵی دەهـات. تێکەڵەیەک لە ئازادییەکان کە لیبراڵیزمی دەستووری لەسەر دادەمـەزرێـت، لـەڕووی تیورەییەوە لە دیموکراسییەت جیاوازە. لە رۆژگـاری ئەفلاتون و ئەرستۆوە دیموکراسییەت مانای حوکمی میللەت دەگەیەنێت. ئـەم روانینە وەک پرۆسەی هەڵبژاردنی حکومەتەکان، گەلێک بیریار گوزارشتیان لێکردووە، هەر لە ئەلیکسیس دو توێکڤێلەوە تا دەگاتە جۆزێف شۆمبێتەرو رۆبێرت داڵ. زانـای سیاسی سامۆیل هانتینگتۆن هـۆی ئـەوەش بەوە رووندەکاتەوە کاتێک دەڵێت: هەڵبژاردنی ئازادو بێخەوش جەوهەری دیموکراسییەو ئەو بنەمایەشە کە ناتوانرێت لێی لابدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە ئەو حکومەتانەی هەڵبژاردن بەرهەمی دەهێنێت، حکومەتی بێتواناو لێنەهاتوو گەندەڵ و کورتبین و نابەرپرسیاربن و بەرژەوەندیی تایبەتی بەسەریاندا زاڵ بێت و نەتوانن سیاسەتێک تەبەنی بکەن کە خێرو خۆشی گشتی پێویستی پێی هەیە. لە کاتێکدا ئەو سیفەتانە ئەوجۆرە حکومەتانە ناپەسەند دەکات، بەڵام نایشیکاتە حکومەتی نادیموکراسی. دیموکراسییەت فەزیلەتێکی گشتییە، بەڵام تاکە فەزیلەت نییە. پەیوەندی دیموکراسییەت بە فەزیلەت و کەموکورتییە گشتییەکانی دی، مایەی تێگەیشتن نییە، گەر دیموکراسییەت بە روونی و بەراشکاوی لە سیفەکانی دی رژێمە سیاسییەکان جیانەکرێتەوە، بەڵام هەڵبژاردن و مۆبێلیزەکردنی سیاسییانەی میللەت هەمیشە نابێتە مایەی دامـەزرانـدنـی حکومەتێکی دەستووری لیبراڵ. لێرەدا ناموڕاحییەکی زۆر لە بڵاوبوونەوەیەکی خێرای هەڵبژاردنی فرە حیزبی لە باشورو ناوەڕاستی ئەورووپاو ئاسیاو ئەفەریقیاو ئەمریکای لاتیندا هەیە، رەنـگـە لـەو شتانەشەوە بێت کـە دوای هەڵبژاردن روودەدات. هێندێک لە سەرکردە هەڵبژێردراوەکان، ئەوانەی جەماوەرێکی زۆریان، پارلەمانی وڵاتەکانیان تێدەپەڕێنن و بە رێوڕەسمی سەرۆکایەتی حوکم دەکەن و بەوەش پیادەکردنی سەرەکی دەستوور لاواز دەکەن.

بەدڵنیاییەوە توخومێکی هەمەجۆر لە دیموکراسی نالیبراڵیدا هەیە، کە لە نێوان ئەو رژێمانەی سەرپێچی ئاسایی دەکەن و رژێمە نیمچەستەمکارەکان پاکوتێ دەکەن. لەئەمریکای لاتینیدا ژمارەیەک رژێمی دیموکراسی بۆ دەیەیەک دەچێت خۆیان راگرتووەو بەدەست بارودۆخێکی ئابووریی خراپەوە دەناڵێنن، بێئەوەی لە لایەن هێزەکانی سوپا یا حیزبە نەیارەکانی رژێمەوە رووبەڕووی ناڕەزاییەکی ئاشکرا ببنەوە. کەچی سەرباری ئەوەی هێشتا زۆربەی ئەو رژێمانە پایەدارنەبوون. هێندێک وڵات بەرامبەر بەلاوازیی دەزگاو ستراکتۆری دیموکراتییەت خـۆیـان راگـرت، بـەڵام سەقامگیری دیموکراتییەت بێ پشتبەستنی بە لیبراڵیزمی دیموکراسی ناتەواو دەبێت. ئەمە لەپاڵ رێککەوتن لەسەر رێسای پێشبڕکێکردن لەسەر دەسەڵات.

پێویستە بۆ پیادەکردنی دەسـەڵات کۆتی سەرەکی هەبێت کە پشت بە پشتگیری خـود ببەستێت. لە نێو دەرئەنجامەکانی زیـادەڕەویـکـردن لـە پرکێشی لەسەر دیموکراسی رووت، وەک باشترین ئەزموون بۆ بوونی ئازادی، نەدانی هەوڵی پێویستە بۆ دانانی دەستووری داهێنەرانە بۆ ئەو وڵاتانەی بە قۆناغی گواستنەوەدا دەڕۆن. ئەوەش بەتەنیا بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی یەک لەدوای یەک یا دانانی لیستێک بۆ ژمارەی مافەکان بەدینایەت، بەڵکو بە دامەزراندنی حکومەتێک کە ئەو مافانە پێشێل نەکات. حکومەتی دەستووری لە رێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی حکومەت دوورتر دەڕوانێت، ئەو لەو ئامادەکارییانە دەڕوانێت کە لە رێگای لێکۆڵینەوەوە دانراون و دوور لە هەڵچوونە میللییەکان، پشتگیری لە ئازادیی تاک و سەروەریی یاسا دەکات. ئەمەش لە رێگای میکانیزمی رێکخستنەوە کە خۆی لە دەستوورو دەزگا سیاسییەکانی پەیوەست بەدەستوورەوە دەنوێنێت، پێویستی بە دەربەستبوونی هاوبەشی نێوان توێژی دەستەبژێر هەیەو زۆر جاریش لە رێگای رێککەوتن یا پێکهاتنی نێوان دەستەبژێرەوە دەبێت، بەجۆرێک کە حکومەتەکان لە رێکەوتنی پێکهێنانی رێکەوتنەکانی نێوان بەرجەستەترین حیزبی سیاسی و کۆمەڵەکانی بەرژەوەندیدار پارێزگاری لە رژێم دەکەن. لێرەشدا ئامانج بریتییە لە سەپاندنی سنووری دەسەڵاتی دەوڵەت، ئیدی حیزب هەر چییەک بێت یا ئەو توێژەی لە کاتێک لە کاتەکاندا بەسەر دەوڵەتەوە باڵادەستە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ودرۆ ویلسۆن ویستی جیهان بکاتە شوێنێکی ئارام بۆ دیموکراسییەت و رەنگە بەرەنگاربوونەوە لە سەدەی داهاتوودا دیموکراسییەت بکاتە سیستمێکی ئارام بۆ جیهان.

وەرگێڕانی: حەمە رەشید

# هاوپەیمانێتییەکانی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق چۆن دەبن؟

**هەستیار قادر**
**فەهمی ساڵح**

ئەگەرەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن کە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، کۆتایی هاوپەیمانیَتیی‌و ئیئتیلافی تاک لایەن‌و نەتەوەو مەزهەب بێت، وتەبێژی هەردوو لیستی بەرەی تەوافوق‌و سەدرییەکانیش دووپاتیدەکەنەوە، کە هاوپەیمانێتییەکان بەرەو نیشتمانیی دەڕۆن.

لەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، بیرۆکەی فرەلیستی لەشارەکانی ناوەڕاست‌و باشووری عێراق، توانی تا ڕادەیەکی باش ببێتە خاڵی جیاکەرەوەی ئەو هەڵبژاردنەو پیادەکردنی لیستی فرەڕەنگ لەو هەڵبژاردنەدا، ئاماژەکانیش بەرەو ئەوەن کە هەمان ئەزموونی فرەڕەنگی لیستەکان لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دووبارە ببێتەوە کە بڕیارە لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا ئەنجامبدرێت.


د.سەلیم جبوری

لەوبارەیەوە د.سەلیم جبوری، وتەبێژی لیستی بەرەی تەوافوق لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ڕۆژنامەی ئاشکرا کرد، کە لیستە سیاسییەکان لە ئێستاوە دەستیانکردووە بە بیرکردنەوە لە چوارچێوەیەک کە بتوانن بەهۆیەوە بەشداری لە هاوپەیمانیدا بکەن بۆهەڵبژاردنی داهاتووی عێراق‌و «خاڵی جیاکەرەوەی لیستە سیاسییەکانیش لەوەدایە کە بگەڕێن بەدوای پرۆژەی نزیکی


د.عەقیل عەبدولحەسەن

ئەو لیستانە لەیەکەوە بە بێ گوێدانە ئینتیماو باگراوندی مەزهەبی‌و نەتەوەیی کیانە سیاسییەکان»، وتیشی: لەو ڕوانگەیەشەوە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق لەبەر ڕۆشنایی ڕکەبەری ئەو پرۆژەیەیە کە لیستەکان هەیانە نەک ئەو مەزهەبییەت‌و نەتەوەیی‌و تایفەگەرییەی کە لە هەڵبژاردنی پێشووی عێراقدا بەدیکراو «لیستی تەنیا تایفەیەک نابینین‌و هاوپەیمانیی جۆراجۆر دەبینرێت».

سەبارەت بە کۆسپی نەمانی متمانە لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا بۆ چوونە نێو هاوپەیمانییەوە د.سەلیم جبوری ڕایگەیاند «بەربەستەکانی بەردەم متمانەی لیستە سیاسییەکان تائێستا بەتەواوی لانەچووەو کۆتایی نەهاتووە تا بتوانین لە چوارچێوەیەکی دیموکراسیی نوێدا مامەڵە بەو متمانەیە بکەین».

وتەبێژی بەرەی تەوافوق ئاماژەی بە نەچەسپاوی عەلمانییەتدا لە عێراقداو ڕوونیکردەوە، کە تائێستا چەمکی عەلمانییەت‌و ئیسلامی بەکارنەهێنراوەو تەنیا لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی فیکری‌و بەرنامەیەکی هەڵبژاردندا ماوەتەوە کە بەکاردەهێنرێت بۆ قایلکردنی دەنگدەران، «ئەو ململانێیانەی دەشبینرێن ململانێی فیکری نین‌و سیاسین».

لەلای خۆشیەوە د.عەقیل عەبدول حەسەن، وتەبێژی کوتلەی سەدریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بەوەدا کە «هاوپەیمانییەکانی سەردەمی پێشووی سیاسی عێراق، سەلماندی کە تایفەگەریی‌و مەزهەبیەت‌و نەتەوەیی شکستیانهێنا کە بێزارییەکیشی لە ئیرادەی دەنگدەری عێراقدا بەرامبەر بەو جۆرە لیستانە دروستکردووە». هەروەک ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە تێڕوانینی ڕاستەقینەی پێویستی ئێستای سەرجەم لایەنەکان ئەوەیە، کە گردبوونەوەی هاوپەیمانیی نیشتمانییانە پێکبهێنرێت کە لەخەمی بەرەوپێشچوونی نیشتمانیدا بێت‌و بۆ ڕۆژنامە وتی: ئیرادەی نەتەوەیی‌و مەزهەبی جێگای ڕێزە، بەڵام «نابێت ئەو تێڕوانینانە بخرێنە خزمەتی تایفەو حیزبێکی دیاریکراوەوەو پێویستە هەموو لایەک پێکەوە هاوکاری بکەین بۆ بونیادنانی عێراقی نوێ».

وتەبێژەکەی کوتلەی سەدریی ئاشکرایکرد، کە زۆربەی لیستەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەگەڵ ئەوەدان کە هاوپەیمانییەکانی داهاتوو لەسەربنەمای بەرژەوەندیی نیشتمانی بن نەک بەرژەوەندیی تەسکی حیزبی‌ونەتەوەیی، کە ڕق لێبوونەوەی سیاسیی لێدەکەوێتەوە، وتیشی: ئەگەر هاوپەیمانێتییەک لەسەر بنەمای نیشتمانی دابمەزرێنرێت، ئامادەین لەگەڵ حیزبە کوردییەکان، یان عەلمانییەکاندا هاوپەیمانی بکەین.

# دەستووری هەرێم سیاسەتمەدارە عێراقیەکان سەرقاڵ دەکات

**جەمال ئیختیار**

پەرلەمانتارانی سوننەو شیعە دەڵێن کە دەستووری هەرێمی کوردستان دژی دەستووری حکومەتی ناوەندی عێراقە، پێویستە لەلایەن پەرلەمانی بەغداوە گفتگۆو موناقەشە بکرێت.

لە چوارچێوەی بەردەوامبوونی تەوەری دەستووری هەرێمی کوردستان لە میدیای ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتیدا، ئاژانس‌و میدیا نێودەوڵەتیەکان دەپەڕژێنە سەر باسکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان، سایتی بەشی عێراقی ڕادیوی ئەورووپای ئازاد دەنووسێت: پەرلەمانتارانی عێراقی پێیانوایە دەستووری هەرێمی کوردستان پێچەوانەی دەستووری عێراقەو پێویستە لەلایەن پەرلەمانی حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا گفتگۆی لەسەر بکرێت.

بەشی عێراقی ڕادیوی ئەورووپای ئازاد لە زاری زافر ئەلعانی پەرلەمانتاری عێراقەوە بڵاویکردەوە کە دەستووری هەرێمی کوردستان کە لەم دواییەدا لە لایەن پەرلەمانی «بەسەرچووی» کوردستانەوە پەسندکرا پێچەوانەی دەستوور عێراقە، ئەوان دانی پێدا نانێن.

ئەلعانی‌و هەندێک لە پەرلەمانتارانی عێراق کوردیان بەوە تۆمەتبارکردبوو کە لە چوارچێوەیەکی ناوچەییدا بە مەبەستی خۆجیاکردنەوە لە عێراق دەستووریان داناوە، هەندێک لە ناوچە عەرەبەکانیان بە هەرێمی کوردستانەوە گرێداوەتەوە کە کورد نین‌و دەستوورەکەش داوای دەستێوەردانی دەرەکی دەکات لە کێشەکانی عێراقدا.

لەلایەکی دیکەوە پەرلەمانتاری شیعەی عێراقی عەباس ئەلبەیاتی دەڵێت، دەستووری هەرێمی کوردستان ناوچە کێشە لە سەرەکان وەکو بەشێک لە هەرێمی کوردستاندا ئەژمار دەکات، لەکاتێکدا کە دەستووری عێراق بە ڕوونی ئەو ناوچانە وەکو دەرەوەی ئەو هەرێمە حیساب دەکات.

هەر وەکو ئەلعانی، ئەلبەیاتیش داوادەکات کە دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی حکومەتی فیدراڵیەوە بخرێتە بەرباس تا ئەو برگانەی کە لەگەڵ دەستووری عێراق ناکۆکن هەمواربکرێن.

پەرلەمانتار فەرزەند ئەحمەد، لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان وتویەتی: «کە کوردەکان دەستوورەکەیان نانێرن بۆخوێندنەوە لە پەرلەمانی عێراق، لەبەر ئەوەی هیچ برگەیەکی دەستووری نییە کە داوای شتێکی لەوجۆرە بکات».

ئەحمەد درێژە دەدات کە دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن تیمێکی شارەزای یاساو دەستوورەوە نوسراوەتەوە، دواتر نێردراوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی عێراق‌و ئاراستەی کۆمیتەیەکی تایبەت لە پەرلەمانی عێراقیش کراوە، دواتر لە پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر دراوەو کوردەکان لە چوارچێوەی مافەکان خۆیاندا ڕەفتاردەکەن.

ئەگەرچی لە ئێستادا کورد بە قوناغێکی تایبەتدا تێدەپەڕێت، ئەو دەنگۆیانە باش نین، بەڵام بە بڕوای چاودێرانی سیاسی بەرپرسیاریەتی ئەو ناڕازیبوونەی کە لە ئاستی ناوخۆو عێراقدا لەسەر دەستووری هەرێم دروستبووە، دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتداریەتی‌و سەرکردایەتی ئێستای کوردستان، لەبەر ئەوەی هەر ئەوانن کە بەپەلە پرۆژە دەیانەوێت مەسەلەکە بەسەر خۆشیان‌و کورددا بشکێننەوە.

بە بڕوای چاودێران پەلە پرۆژەی دەسەڵاتداریەتی ئێستا بۆ ئەوە نییە کە هەرێمی کوردستان بکات، بە خاوەنی دەستوور، بەڵکو بە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن‌و ئەگەری دەرکەوتنی پەرلەمانێکی زیندوو کە تێیدا ئەوان نەتوانن هەرشتێک کە بەرژەوەندیە کەسی‌و حیزبیەکانیان دەخوازێت بچەسپێنن، وایکردووە ئەوان بە پەلەپەل بکەونە پاڵ پێوەنان‌و تێپەڕاندنی دەستوور بە بێ ئەوەی لایەن یاسایی‌و عورفی‌و زانستیەکان لەبەرچاو بگرن.

شارەزایانی دەستوور پێیان وایە بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیەکی گەورەی لەمجۆرە، پێویستە لانی کەم شەش مانگ دەرفەت بە خەڵک بدرێت کە بە زمانێکی سادە لە دەستوورەکەیان تێبگەن، ئەمە جگە لەوەی کە بە هۆی وەرزی هەڵبژاردنەوە پرۆسەی ڕیفراندۆمی دەستووری عەمەلیەی سیاسی تێدەکەوێت، دوور دەبێت لە زەمینە پێویستیەکانی بێلانی‌و دیموکراتی کە بۆ ڕیفراندۆم لەسەر دەستوور پێویستن.

یەکێک لە مەسەلە هەستیارەکانی دەستووری ئێستا ئەوەیە، لە کاتێکدا نیزامی سیاسی کوردستان نیزامێکی پەرلەمانیەدەسەڵاتێکی جێبەجێکردنی زۆر دراوە بە سەرۆکی هەرێم کە دەبێتە هۆی چەواشەکردنی سیستمی پەرلەمانی‌و مەترسی لادانی نیزامی سیاسی هەرێمی کوردستان بەرەو دیکتاتۆریەت.

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا دابەشبوونێک هەیە بەسەر دوو بەرەدا، بەرەیەک کە نەیاری تێپەڕاندنی دەستوورە بەشێوازی ئێستاو پاساوی شەرعی خۆی هەیە، بەرەیەکی دیکە کە لەگەڵ تێپەڕاندنی دەستوورەو دەیەوێت بە ئاوەژوو وا لە خەڵک بگەیێنێت کە لەبەرەی نیشتمانپەروەریدایەو ئەویتریش تۆمەتبار بکات بە دوژمنکاری‌و ڕێگری لەوەی کە هەرێمی کوردستان نەبێتە خاوەنی دەستووری خۆی.

چاودێرانی سیاسی‌و دەستووری‌و ڕۆشنبیران پێیانوایە کە ناکرێت دوای (١٨) ساڵ لەگوێ پێنەدانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، دەستوور بە پەلە پرۆژە بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێت، لە ماوەیەکی کورتی کەمتر لە دوو مانگ تەنانەت نوخبەو خوێندەواری ئەم وڵاتەش لە دەستوور تێناگات چ بگات، بە خەڵکی ئاسایی‌و ناشکرێت هیچ لایەنێک لافی نیشتمانپەروەری بەوی دیکە بفرۆشێت‌و بەرپرسیاریەتی مێژوویی، سیاسی‌و ئەخلاقی هەموو مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە دەستوورەوە دەخەنە ئەستۆی دەسەڵاتداریەتی ئێستای کوردستان.

لەگەڵ ئەوەداکە بەرپرسیارییەتی کورتهێنانی ئەو دەستوورەش لە بەغدا دەخەنە ئەستۆی هەڵپە ناشەرعیەکانی دەسەڵاتداریەتی ئێستا، ئاگایانی سیاسی پێیانوایە ئەو دەستوورەی کە لە لایەن پەرلەمانی بەسەرچووەوە پەسندکرابێت هیچ کاتێک ناتوانێت شەرعیەت وەربگرێت، سەرکردایەتی ئێستا بەرپرسە لە بە زۆر سەپاندن‌و دروستکردنی قەیرانی هەڵبژاردن‌و دەستوور لە هەرێمی کوردستان‌و کاردانەوەکانی بەغداو لایەنەکانی دیکە.

# بایدن عێراق دابەشدەکاتەوە

**شالاو فەتاح**

هاتنی جۆزێف بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ عێراق نارەزایی لەلای گشت پێکهاتەکانی عێراق جگە لە کورد دروستدەکات. دوای پێسپاردنی ئەرکی ئاشتەوایی نیشتمانی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا، دوو ڕۆژ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سەنتەری شارەکانی عێراق جۆزێف بایدن گەیشتە عێراق‌و لەگەڵ نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ڕایمۆند ئۆدیرنۆ، فەرماندەی هێزەکانی سوپای ئەمریکا لە عێراق، کریستۆڤەر هیل، باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، کۆبووەوە، ئەرکی بایدن لە عێراق بەجێگەیاندنی پلانی ئۆبامایە بۆ «کشانەوەی تەندروست»ی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق‌و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاشتەوایی نیشتمانی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقە، بەڵام نارەزایی لەبەرامبەر هاتنی بایدن دەردەبڕدرێت‌و ئاژانسی ئەسۆشیەیتد پرێس بڵاویکردەوە کە لەدژی ئەم سەردانە، ئاڵای ئەمریکا لە مەدینە سەدر سوتێنراوەو خۆپیشاندەران دروشمی «نا بۆ ئەمریکا، نا بۆ داگیرکاری»یان وتووەتەوە.

### عێراقییەکان نارازیین

کاردانەوەی لایەنە جیاوازەکانی عێراق بەرامبەر دیاریکردنی بایدن بۆ ئەو ئەرکە نێگەتیڤ بوو، بەهۆی پرۆژەی پێشووی بایدن بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سەر سێ ناوچەی جیاواز. نوری مالیکی ڕاستەوخۆو لە کۆبوونەوەیەکدا بە بایدنی وت: «ئاشتبوونەوەی نیشتمانی عێراق کێشەیەکی ناوخۆییەو دەبێت عێراقییەکان خۆیان چارەسەری بکەن، حەز بە دەستێخستنی ئەمریکا ناکەین». عەلی دەباغ، وتەبێژی ڕەسمی حکومەتی عێراقیش لەوبارەیەوە ڕایگەیاند «ئاشتبوونەوەی نیشتمانی کێشەی عێراقییەکانەو نامانەوێت هیچ ناعێراقییەک بەشداربێت لەو کێشەیەدا، چونکە ئاکامی نەرێنی دەبێت». لە وەڵامدا بایدن لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیداو لە هەمان ئەو هۆڵەی کە ڕۆژنامەنووسێکی عێراقی پێڵاوەکانی گرتە جۆرج بۆشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ڕایگەیاند بۆ یارمەتیدانی پێشخستنی پرۆسەی سیاسی هاتووەو پەیامی ئۆبامای پێیە بۆ تەرکیزخستنە سەر چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان‌و ئامادەیە یارمەتی عێراقییەکان بدات هەرکاتێک بیانەوێت.

بەرپرسێکی ئەمریکاش کە لەگەڵ بایدن بووە هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە ئەگەر عێراقییەکان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان نەدەن، ئەوا ئەمریکا پشتگیرییان ناکات. لەبارەی قبوڵکردنی یارمەتی ئەمریکا لە کێشەکانی عێراقدا بەرپرسێکی ئەمریکا کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات وتی: «پێموایە وەڵامی لایەنە عێراقییەکان نەخێرە، نایانەوێت یارمەتییان بدەین». هەر لەوبارەیەوە عەلی دەباغ وتی: «لە کێشەی ئاشتەواییدا یارمەتی ئەمریکامان ناوێت».


جۆزێف بایدن

### کورد پشتگیریی بایدن دەکات

لە بەرامبەر نارەزایی لایەنە جیاوازەکانی عێراق تەنیا کوردەکان گەشبینن بە هاتنی بایدن‌و پشتگیریی لەهاتنی نوێنەری ئۆباما دەکەن وەک مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وتی: «کوردەکان لە بچووکبوونەوەی ڕۆڵی خۆیان دەترسن لە نەمانی ئەمریکا لە عێراقدا، سەردانی بایدنیش هەرچەند باشە، بەڵام پێموایە ئەگەر عێراقییەکان خۆیان ئامادە نەبن، بایدن ناتوانێت ئاشتیان بکاتەوە». ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی وتی: «هاتنی بایدن نیشانەی ئەوەیە ئەمریکا گرنگی بە پێشخستنی دۆخی سیاسی عێراق دەدات». ئەوەی جێی باسە کوردەکان نەک هەر پشتگیری هاتنی بایدن دەکەن، بەڵکو کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایان پێباش نییە، ئەمەش لە وتەکانی قوباد تاڵەبانی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا، بۆ سایتی (ئێن. پی.ئار) دەڵێت: «کێشەی کەرکوک‌و نەینەوا چارەسەر نەبووەو دوور نییە ئارامی عێراق تێکبدات، ئێمەش ترسمان لە زیادکردنی دەسەڵاتی مالیکی هەیە، ئێمەو ئەمریکییەکان قوربانیمان نەداوە تا دیکتاتۆرێک جێی دیکتاتۆرێکی دیکە بگرێتەوە».

### ترسی دابەشکردن

ترسی لایەنە عێراقییەکان لەو ئەرکەی بایدن دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی بایدن‌و پرۆژەی دابەشکردنی عێراق، ئوسامە نوجێفی وتی: «پرۆژەی دابەشکردنی عێراق کەلەلایەن بایدنەوە خرایەڕوو عێراقی دەکردە شوێنی شەڕو توندوتیژیی، بۆیە هەڵبژاردنی ئەو بۆ ئەم ئەرکەی ئێستا پێموابێت باش نییە». هەر لەبارەی ترسی دابەشکردنەوە حەیدەر موسەوی، شرۆڤەکاری سیاسی وتی: «بایدن لێرەیە تا بزانێت لە غیابی ئەمریکادا عێراقییەکان دەتوانن ئاشتەوایی ئەنجامبدەن یاخود پرۆژە کۆنەکە (دابەشکردنی عێراق) بخاتەوە گەڕ». بایدن لە وەڵامی ئەو ڕەخنانەی لە پرۆژەی دابەشکردنی عێراق دەگیرێن وتی: «لەوانەیە ئەوان وای ناو نەنێن، بەڵام لە واقیعدا عێراق دابەشبووە، سەربەخۆییەکی زۆر لە ناوچە کوردییەکان هەیەو لە ناوچەی شیعەکانیشدا سەربەخۆیی زیاد دەکات».

# گۆڕان تەنیا لە ناوەوەی حیزبدا ناکرێت



**هێرش هیرانی**

ماوەیەکە لەلایەن بەرپرسانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باڵی پارێزگاران لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا باس لەوە دەکەن کە تەنیا ریفۆرمو گۆڕانکاریی لەنێو خودی حیزبدا دەکرێت، لە دەرەوەی حیزبدا هەموو هەوڵێک بۆ ریفۆرمو گۆڕان هەڵەیەکی گەورەیە. لە پەیامەکانیاندا چەندین ئەزموونی دیکەی رابردوومان دەهێننەوە بیر، بەتایبەتی لەلایەن خودی ئەو کەسانەی کە بەو کارە هەڵساونو لەدوای شکستهێنانیان گەڕاونەتەوە ناو ریزەکانی یەکێتی، بەبێ ئەوەی رەچاوی کارنامەی سیاسیو کاراکتەرە سەرەکییەکانو بارودۆخی سیاسیو فاکتەری کاربکەن، لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئایا ریفۆرمو گۆڕانکاریی تەنیا لەنێو حیزبدا دەکرێت؟ ئەی ئەگەر لەنێو حیزبدا رێگیرا لە ریفۆرمو گۆڕانکاریی، ئەڵتەرناتیڤی دیکە هەیە بگیردرێتە بەر؟

رێگاکانی ریفۆرمو گۆڕانکاریی زۆرن، بەڵام لە سیستمی دیموکراتیدا دوو رێــگــای بــاو هـــەن: رێــگــای یەکەمیان، پەیوەندی راستەوخۆیە کە ریفۆرمخوازەکان لە رێگای پەیوەندی راستەوخۆ لەنێو ئۆرگانەکانی حیزبو لە چوارچێوەی پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆدا گفتوگۆی لەبارەوە دەکەن، بۆ یەکلایی کردنەوەشی کۆنگرەو پلینیۆم دەکرێت، رێگای دووەمیان، گەڕانەوەیە بۆ رای گشتیی، بەڵام ئەو رێگایە تەنیا ئەوکاتە دەگیرێتە بەر ئەگەر رێگای یەکەمیان پێشی پێبگیرێت.

ئــەگــەر بێتو لــەم روانــگــەیــەوە بــگــەڕێــیــنــەوە بــۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو دروستکردنی لیستێکی جــیــاوازو پشتیوانیکردن لەلایەن رەوتــی ریفۆرمەوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لــەدوای ئەو هەموو هەوڵانەدێت کە پێشتر لە رێگای راستەوخۆوە گیرابوونەبەر،

لەڕاستیدا رێـــگـــادراوە لەنێو ئۆرگانەکانی یەکێتیدا بەشێوەیەکی فۆرماڵیی باس لە ریفۆرم بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین پرۆژە خراونەتە بەردەست مەکتەبی سیاسیو سکرتێری گشتیو ئەوانیش دانیان بەوەدا ناوە کە پێویستە ریفۆرم ئەنجامبدرێت، بۆ ئەو مەبەستەش چەند بڕیارێکی سەرپێی دراون، بەڵام ئەو دانپێدانو بڕیارە سەرپێیانە زیاتر لە سیناریۆیەکی پێشتر پلان بۆ دانراو دەچوون بۆ سەرقاڵکردنی کادیرانو سوود وەرگرتن لە فاکتەری کات بە مەبەستی زەمینە خۆشکردن بۆ بەهێزترکردنی پێگەی خۆیان، تەفروتوناکردنی هەڵگرانی ئاڵای ریفۆرم لە رێگای دورخستنەوەو پەراوێزکردنو نانبڕینەوە، نەک بە مەبەستی کارکردنو هەنگاونان بێت بۆ ریــفــۆرمو بە موئەسەسات کردنی دامەزراوەکانی حــیــزبو حــکــومــەت، دواخستنی کۆنگرە یان وا باشترە بڵێین رێگرتن لەبەستنی کۆنگرە بە چەندین بیانووی بڕواپێنەهێنەرانە، خۆ دزینەوەیە لە ریفۆرمو درێژەدانە بە ژیانو ئەجیندای سیاسی خۆیان بە میتۆدی عەشایریو بڕیاردانی دیوەخانانە لەسەر بنەمای مەحسوبیەتو مەنسوبیەت.

لــەو بــارودۆخــەی ئێستای ناو یەکێتیدا، بەتایبەتی نەبەستی کۆنگرەو لـــەو رێــگــەیــەشــەوە پەکخستنی گفتوگۆکردن لەسەر هەڵسەنگاندنی کــاری رابـــردوو و چارەسەرکردنی کێشەکانو داڕشتنەوەی پرۆگرامو کارنامەیەکی نــوێ کــە زامــنــن بۆ مانەوەی یەکێتییەکی بەهێز، دوو رێگا بۆ رەتی ریفۆرمخواز دەمێنێتەوە، یان دەستەوەستان بووەستێتو سەیر بــکــات، کــە چــۆن دەســەڵاتــی حیزب لەلایەن خانەوادەیەکەوە یان چەند کەسێکەوە قۆرخ دەکرێت، بە ئارەزووی خۆیان مامەلە بە سەروەتو سامانی حیزبو گشتی بکەنو بنەمای ئینتیما بۆ شەخس پێوەر بێت بۆ بەشدارییپێکردنو دابــەشــکــردنو هەرکەسێکیش بەو هەڵسوکەوتەیان رازینەبێت، دەمی خۆی نەبەستێت، بە دوورخستنەوەو پەراوێزخستنو نانبڕین ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێت، ئەندامو کادێران لەسەر ئەو بنەمایە لێڕابهێنن (دەست بە کڵاوی خۆت بگرە با با نەیبات)، کە لەم چەند ســاڵــەی دوایــشــدا بە ئاشکرا کاری جدیی بۆ کراوەو دەکرێت، یان ئەوەتا رێگای دووەم هەڵببژێرن بۆ درێژەدان بــە چــالاکــی سیاسیو رەوایـــی بۆ پرۆژەکانیان بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە خەڵکەوە بە رێگای بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمان بە لیستێکی ســەربــەخــۆ وەربــگــرن، بــۆ ئــەوەی لەلایەکەوە دیـــواری بەرهەڵستکاری نێو حیزب لــەبــەردەم ریفۆرمکردن بشکێننو لە لایەکی دیکەشەوە لە رێگای بەشداریکردنی راستەوخۆوە لەنێو پەرلەماندا دەتوانرێت بە باشترین شێواز کار بۆ گۆڕانکارییو چاکسازیی لە سیستمی گشتیداو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتیو دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئــابــووریو یاسایی بکرێت، دەسەڵاتی یاسادانانو دادوەریــی کــارا بکرێتو چاودێریی کارو پرۆژەکانی حکومەت بکەنو هەر لەوێشەوە دەکرێت بە یاسا رێگا بگیرێت لە خــراپ بەکارهێنانی دەســەڵاتو داڕشتنەوەی یاسا لە بەرژەوەندی گروپێکی تایبەت، یاریکردن بە ژیان چارەنووسی هاوڵاتییانو دەستگرتن بەسەر ســەروەتو سامانی گشتیداو بەکارهێنانی بۆ زامنکردنو قۆرغکردنی دەسەڵاتی هەتا هەتایی لەلایەن چەند خانەوادەیەکەوە، کــەوەک ئاغایەک هەڵسوکەوت بکەن، ئەوە بە خەڵک بڵێن یان ئەوەتە ملکەچی ئێمە دەبێت، یان مافی ژیانت لەسەر ئەو زەوییەدا نییە، بۆیە بەشداریکردنی رەوتی ریفۆرم بە پشتیوانیکردن لە لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستاندا، نەک تەنیا دەتوانێت بەرهەڵستکاری دەسەڵاتدارانی حیزب بۆ ریفۆرم بشکێنێت، بەڵکو دەتوانێت لەسەر ئاستی گشتیش راستەوخۆ گۆڕانکاریی لە سیستمی سیاسی کوردستاندا بکات.

# پەسەندکردنی دەستووری هەرێمو چی تر...؟!

## (ئەو دەستوورەی بە مردوویی لە دایکبوو)

**دلێر محەمەد نوری**

کە دەڵێن دەستوور دایکی یاساکانە، واتــە دەســتــوور رێگا خۆشدەکات بۆئەوەی ســەدان یاسا لەدایکببێت، ئەو یاسایانەی جۆری ژیانی تاکەکانی کورد لە شوێنی خۆیان دەگوێزنەوە بۆ شوێنێک کە پێشتر پێی نەگەیشتبوون، بەڵام دەستوورەکەی هەرێم کە پەرلەمان لەماوەی پێشوودا پەسەندیکرد خۆی بە ئیفلیجیو بەسکێکی نەزۆک لە دایکبوو، هەر یاسایەکیش لەو ببێت بە رادەیەک خنکاو دەبــێــت نە کۆمەڵی کــوردی دەگەیەنێتە شوێنو پێگەیەک کە ئیرەیی پێببرێتو نە کۆمەک بە تاکی کورد دەکــات تا لە گۆمی وەستاوی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی رزگاری ببێت، چونکە یاسایەک دێتەبەر ئەکتیڤ نابێتو کەسیشی پێ ئەکتیڤ ناکرێت. هەربۆیە چەندە ئەم جوگرافیایەی کوردستان ئەمڕۆ پێویستی بە دەستوورەو چەند وشەی (یەکەم دەستووری کوردی) مەزنە، ئەوەندەش پێویستە خۆلەم مۆدێلە دەستوورەی پارتیو یەکێتی بە دوور بگرینو دەنگمان نەخەینە پاڵ دەنگی ئەو نەوەدوشەش ئەندام پەرلەمانەی کە دەنگیان بۆ پەسەندکردنی دا، کە بە راستی نوێنەری راستەقینەی خەڵک نین، بەڵکو ئەوان لەئەنجامی بێ بەدیلی پارتیو یەکێتیو لەترسی عەقڵییەتی شۆڤێنیزمی عەرەبی عێراقییەوە ئەو نیسبەتە دەنگدەرەی خولی پێشووی پەرلەمان خستنیە ســەر کورسیی پەرلەمانو جگەلەوەی ئەوان وانەکانی پەنجەبەرزکردنەوەی پەسەندکردنی یاسا لە مەکتەبی سیاسییەکانیان فێربوونو دەستوورەکەیان بە پێوانەی بەرژەوەندیی خەڵک نەپێواو تەنیا بەرژەوەندییە حیزبییەکان پەنجەی پێ بەرزکردنەوە بۆ پەسەندکردنی دەستوور.

بــەدەر لەمانەی کە باسمانکرد، چەند ئاماژەیەکی مەرامئامێزی مەترسیدار لە سەروبەندی ئەم کارە هەستپێدەکرێت، ئەگەر تاکی کوردی ئەو مەرامانە تێنەفکرێتو تێینەپەڕێنێت خــۆی مەحکوم دەکــات بە چەندین ساڵی دیکەی ژێردەستیو نەهامەتیو ناڵین کە ئەمجارەیان سەردەست کوردەوچەکی دەنگی تۆ بەم دەستوورە ئەو لەسەر کورسیی حوکم تا ماوەیەکی دیارینەکراو دادەنیشێنێت، یەکێک لەو ئاماژە مەترسیدارانە ئەم دەستەواژەی (پەلە پروزێی دەستوور)ەیە کە ئەمڕۆ رووناکبیرانی کورد ئاماژەی پێدەدەن، چونکە هەموو پرۆژەکە هەر لە تەغتییەی ئیعلامییەوە تا دەگاتە پەسەندکردنی کەمتر لە دوو هەفتەی پێچوە.. رێک کەوتە دوای ئەوەی کە رکابەرەکانی دەسەڵاتی ئێستا (بە تایبەتی لیستی گۆڕان) دەرکەوتنو چاودێران چاوەڕێ دەکەن دەنگێکی زۆر بەدەستبهێنێت.

هەر ئەمەش ترسێکی زۆری خستە دڵی دەسەڵاتەوە، بە تایبەتی پارتی (کە مەسەلەی سەرۆک بۆئەمان تەغزیەیەکی روحی گەورەیە بۆ هەوادارانی حیزب کە رەگێکی مێژوویی هەیە لەناو ئەو حیزبەو مەسەلەی قیادەکرنی میللە ت لای ئەوان مساوەمەی لەسەر ناکرێت، خەسڵەتی ئەم پارتە لە دامەزراندنییەوە لەسەر ئەم بنەمایە هاتووەتە بوون) هەرچۆن لەکتێبی( ئیمپراتۆرییەتی لم، لاپەڕە ١٩٨) رەفیق سابیر بۆمانی دەگێڕێتەوە، کە ئەو کات ئەم پاوانکردنی دەسەڵاتەش بــوو لــەلایــەن ســەرۆکــی پارتییەوە بــەزەبــری چــەک هەمزە عەبدوڵلای سکرتێری پارتی لە ٩٥٩ دەرکردو دواتر ئەم ململانێیە باڵی مەکتەبی سیاسی بە سەرۆکایەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو مام جەلالیشی گرتەوەو سەرەتای شەڕی براکوژیشی لێکەوتەوە.

مــــووی ماستــەکــە لــێــرەدایــە، مەرامەکەی پارتی لەوەدایە کە بە چ پێوەرێک هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتییەک بکات کە باڵێکی گرنگی وەک (نەوشیروان مــســتــەفــا)و چــەنــدیــن کەسایەتی لێبووبێتەوەو ئەگەری بەدەستهێنانی دەنگی کەمتری لێ چاوەڕوان بکرێت، کە چی پارتی ئەمەندە بەخشندەبێت کورسییەکانی پەرلەمانیشی چوونیەک لەگەڵ بەش بکاتو کورسیی سەرۆکی حکومەتیشی پێببەخشێت، ئەگەر قازانجێکی لەوە مەزنتری لێ نەکات، جا یەکێتی درکی بەمە کردبێت یان نا، پارتی دەمێک ساڵە خەون بە رابەرایەتییەکی ویلایەت لەکۆتایینەهاتووەوە دەبینێتو هەر لەم پێناوەشدا رۆژگار ململانێو شەڕێکی سەختی لەگەڵ رکابەرەکەیدا پێ ئەنجامدا، بەڵام دواتر لۆژیکەکە بە قازانجی جوگرافیو سیاسیو ماڵی پارتی شکایەوەو یەکێتیشی نووقمی کێشە ناوخۆییە ئاڵۆزەکان کردو لەپێناو رازیکردنی باڵەکان گەلێک کاتو دەرفەتی پێشکەوتنی بەفیڕۆداو گەندەڵییەکی زۆریشی وەک سەرمایە بۆ بەجێماو بەڕووی دەنگێکی ناڕازیی دانیشتوانێکی چڕی بێخزمەتیش بــووە، بەتایبەتی گەرمیانی خاوەن ئەنفال، لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا پارتی بۆ تەواوکردنی مەرامەکەی پێویستییەکی زۆری بە یەکێتییە بۆ تێپەڕاندنی دەستوورێک کە پایەو دەسەڵاتی سەرۆک بەهێز دەکاتو پەرلەمانیش ئیفلیجو لاواز، هەروەها بەکارهێنانی یەکێتی لەکۆمەککردنی تاکەکاندیدی هـــەردوولایـــان هەم لــە کــۆکــردنــەوەی دەنــگــی پێویست بۆ پەیداکردنی شەرعیەتی زیاترو مەحکەمکردنی کورسییەکەی، هەروەها دەنگدان بەدەستوورە مردارەوەبووەکە کە لەداهاتوودا هەر جۆرە دابەشبوونێکی کیانییش بەخۆیەوە ببینێت، ئەوە مەحکومی دەستی تاکە کەسێکە کە سەرۆکە، بەرامبەر بەم هەموو خزمەتەی یەکێتی بۆ پارتی، یەکێتیش تەنیا قازانجی دەستکەوتی مادیو مانەوە لە دەسەڵاتە بەو هەیکەلەی ئێستای (ئەمە ئەگەر هاوکێشەکانی نــاو یەکێتی بەهۆی مۆنۆپۆلی خێزانەوە گۆڕانی بەسەردا نەیەت) بەو ئومێدەی لە داهاتوودا بتوانێت باڵەشکاوەکەی تیمار بکاتو دڵەشکاوەکانی رەعیەتیشی بکڕێتەوە.

ئەوەی زیاتر ئەم مەرامانە ئاشکرا دەکــەن کــە پــارتــی لــە پشتەوەیەو یەکێتیش پاڵپشتوجێبەجێکەریەتی، لە رۆژی دەنگدان لەسەر دەستوور هیچ کەناڵێکی راگەیاندنی پارتی ئەو رووداوانەی ناو پەرلەمانیان نیشاننەدا بەشێوەی راستەوخۆو لە هەواڵەکانیشدا وەک ئــەوەی دەنگ لەسەر یاسایەک درابێت، باسکرانو لەولاشەوە کەناڵی کوردسات وگەلی کوردستانو نەورۆزی حکومیی بەرنامەی ئاسایی خۆیان راگرتبوو بۆ پەخشی ئەم رووداوە، پیادەکردنی ئەم سیاسەتەی پارتی وەک ئەوەی بڵێت ئەم رووداوە رووداوێکە کە دواکەس سوودی لێ ببینێت پارتییە کە لەڕاستیشدا بەشی هەرە گەورەی بەخششی ئەم دەستوورە بۆ خودی کاندیدی داهاتووی پەرلەمانەو لانیکەم چوار ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی دەتوانێت بەپێی ئەم دەستوورە گێچەڵی تەواو بە پەرلەمان بکاتو ئەگەر هەڵیشی نەوەشێنێتەوە (وەک یاساناسان ئاماژەی بۆ دەکەن)، هەر بۆیە ئەوانەی دەنگیان بۆ پەسەندکردنی وەها دەستوورێک دا نوێنەری ئێمەی میللەت نەبوونو ئەرکی سەرشانی تەواوی دەنگدەرانی هەڵبژاردنەکانە لەو گەمەیەدا پشکداری نەکەنو دەنگ بە دەستوورێک نەدەن بە سکی مساوەمەی سیاسیو مناڵدانی موئامەرە لەدایکبووبێت.

dlrkarem@hotmail.com

# ئەگەر هەڵبژاردن ببێتە هۆی دەستاودەستکردنی دەسەڵات

**فەرەیدون پێنجوێنی**

مایەی خۆشحاڵییە نەمردووینو ئەم قۆناغە نوێیەی ژیانی کۆمەڵگاکەمان بە چاوی خۆمان دەبینینو زرتو زیندوو کەوتووینەتە ناوجەرگەی گرنگترین قۆناغەکانی مێژووی گەلەکەمانەوە.

ئەم هەستو شعورە، گفتوگۆیەکم بیردەخاتەوە کە سەروەختی دوایین گوزری ئەمریکا بۆ سەر دەسەڵاتی رژێمی بەعس، لەنێوانی منو چەند برادەرێکمدا گوزەرا... من ئەوساش وەکو ئێستا بە فرسەتێکی زۆر دەگمەنو زۆر گرنگم دەزانی کە ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتەینو ئەم رووداوە گرنگە بە چاوی خۆمان دەبینین (چش لەوەی بەشداریی شەخسیو راستەوخۆشی تیا ناکەین!)...

دەموت: دنیانەدیو ئەو مرۆڤەیە کە فرسەتی بینینی رووداوی وەها گرنگی بۆ نەڕەخساوە!

من ئێستاش جارجار وەکو یادەوەرییەکی زۆر خۆشو زۆر پڕدەرس، دیمەنی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ دێنمەوە بەرخەیاڵی خۆم، پێموایە ئەو هاوڵاتییە کوردەی کە ئەوسا لە دەرەوەی وڵات بووەو راستەوخۆ ئەو رووداوەی نەبینیوە، فرسەتی بینینی نمایشێکی زۆر تاقانەی لە مێژووی گەلەکەیدا لە کیسچووە.

ئەی ئەسڵەن هاتنە دنیاو لەدایکبوون بۆچییە، بۆ ئەوە نییە (ببین)و (ببینین)و بەشداربین، لەپاڵ ئەوەدا کە دەخۆینو دەخەوینو پشوودەدەین؟!

ئێوە دەزانن خەڵکی زۆر جێگای دنیا، بەشێکی زۆر لە رەنجی شانو داهاتی خۆیان خەرج دەکەنو وڵاتەووڵات سەفەر دەکەن بۆ ئەوەی ببینن!

لــە زۆرێـــک لــەو وڵاتــانــەدا کــە مــێــژوو پەرەیسەندووەو لە تەکامولْ نزیکبووەتەوە، ئەدیبو هونەرمەندو بگرە هاوڵاتی سادەش، بە هەزار ئامانوزەمانو خۆماندووکردن، کە لە بەرێکی بچووکی لە بواری ژیان بەگشتی، شیعرو چیرۆکو فیلمسازیو رەسمو مۆسیقاو... چەند بواری دیکەو بوارە ئەدەبیو هونەرییەکان بە تایبەتی، دەستدەکەوێت، خۆی تێخزێنێتو شوێن دەستێکی خۆی لەسەر جێبهێڵێت، کە پاش مردنی دەبێتە تەنیا بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی ئەمیش رۆژگارێک لەسەر زەوی بووەو ژیاوەو خەڵکی وڵاتێک بووە! ئەمە لەبەرئەوە نا کە مرۆڤ لەو وڵاتانەدا رێگا نادرێت دەرکــەون، بەڵکو لەبەرئەوەی پەرەسەندنی مێژوو بە ئاستێک گەیشتووە دەرکەوتن بۆ هەموو کەسێک ئاسان نییە!

بــەڵام تــاکــە کــەســی کـــورد، لــە ئــەدیــبو هونەرمەندو رۆژنامەنووسو سیاسەتمەدارو هاوڵاتی سادە، لەوانەیە تا پەنجا ساڵی دیکە لەناو جەرگەی رووداوی مێژوویی گرنگدا بێتو بواری دەرکەوتنی لەناو ئەم مێژووە هێشتا تەواو پەرەنەسەندووەی گەلەکەیدا زۆر فەراهەم بێت، ئەگەر خۆی بیەوێت وەکو کەسێکی دیارو زیندوو ژیان بەسەر ببات.

بە کورتی دەمەوێت بڵێم: ـ

ئەو کەسەی دەیەوێت (ببینێت)و (جیاواز)و (دیــار)و (زیــنــدوو) بــژی، ئــەو کەسەیە کە لە کۆششدایە بۆ ئــەوەی (روانگە)یەک بۆخۆی دروســت بکات، جیاوازو دیــارو زیندوو خۆی پیشان بــدات! جیاوازو دیــارو زیندووش ئەو کەسەیە کە لە چالاکییە سیاسیو ئەدەبیو هونەریو حەیاتییەکاندا بەشداریدەکاتو مافی بەشداریکردن لەخۆی ناسێنێتەوە!

ـ دەبا بەشداری ئەم دەنگدانەش بکەین کە چالاکییەکی (سیاسی ـ کۆمەڵایەتی)یەو خۆمان لە مومارەسەکردنی ئەم مافە بێبەش نەکەین.

ـ با بهێڵین بە نەزیهی بەڕێوە بچێت.

ـ با لە هەوڵی ئەوەدا بین (مافی دەنگدان) دەسەڵاتدارتر بکەینو خەڵک فێرکەین لە نێوانی (دەسەڵاتی ماف)و (مافی دەسەڵات)دا، لایەنگیری لە (دەسەڵاتی ماف) بکات.

ـ با ئەم نەریتە بکەینە جەژنو نەریتێکی چەند ساڵ جاری لە وڵاتەکەماندا، بە دڵفراوانییەوە ئەنجامەکانی قەبوڵ بکەین.

قەیچییەکا ئەگەر هەڵبژاردن ببێتە هۆی دەستاودەستکردنی دەسەڵات، یاخود ببێتە هۆی دەرکەوتنی هاوپەیمانێتیی نوێ... با پرۆسەی سیاسی لە وڵاتی ئێمەشدا بکەوێتە بەردەم تاقیکردنەوەی نوێ...

# جەمسەرگەری‌و گۆڕان‌و نییەتی نەتەوەیەک



چیا عەباس

ماوەیەکە زۆر پرسیار لەمەر ناوەڕۆکی بەرنامەی لیستی گۆڕان‌و میکانیزمی کارەکانی دەکرێن، هەندێک لە بەرپرسان‌و نووسەران‌و روناکبیران لە روانگەی جیاوازەوە پرسیاردەکەن چ پێویستییەک لیستی گۆڕانی خولقاند، بەنیەتی پاک‌و ناحەز‌و دژیشەوە زەمینەی دروستبوونی‌و کارکردنی‌و پاشهاتی خراوەتە بەر شیکردنەوەو پرسیاری زۆرەوە.

پێویستە پێشەکی جەخت لەوە بکەینەوە کە لیستی گۆڕان لە سەرەتادا لە ناوجەرگەی یەکێتییەوە وەک دیاردەیەکی نارەزایی لە جەستەی جەمسەرێکی تێکەڵاوو نەگونجاو هەڵقوڵاوەو یەکێک لە سەرکردە بەناوبانگەکانی یەکێتی‌و بزاڤی کوردایەتی لە باشووری کوردستان قورسایی زۆری ئەو ئەرکەی کەوتبووە ئەستۆ، کە بەڕێز نەوشیروان موستەفایە، بۆزیاتر تێگەیشتن لە زەمینەو مێژووی لیستی گۆڕان پێویستە بە مێژووی یەکێتیدا لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا گوزەرێکی ورد بکەین‌و بە راشکاوی‌و بە راستگۆییەوە باس لە زنجیرە روداوەکان بکەین.

### لە شەڕەوە بۆ شەراکەت‌و ئاستەنگەکان

لەماوەی دە ساڵی رابردوودا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر سروشتی یەکێتیدا هاتووەو یەکێک لە ئاکامە سروشتییەکانی ئەو گۆڕانکاریە دروستبوونی کۆمپانیای وشەو دواتریش لیستی گۆڕانە،

دوای رێککەوتننامەی واشنتۆن‌و بەتایبەتی دوای روخاندنی رژێمی سەدام دەرفەتێکی باش بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد بەتایبەتی پارتی‌و یەکێتی رەخسا تا پێگەی خۆیان لە دەسەڵاتی کوردستان‌و عێراق هەم بەدەستبهێنن‌و هەم قایمیشی بکەن، تادەهات دەسەڵات‌و سوودو خێروبەرەکەتەکانی پانتاییەکی زۆر گەورەی لە بیرو ویست‌و بەرنامەی ئەو سەرکردانەدا زەوت دەکرد، بە رادەیەک کە دوو جەمسەری سەرەکی شەڕی ناو ماڵی کورد وێرانکردنی لە نزیکەی نیو سەدەدا زەمینەی هاوبەشیان بۆ چەند گۆڕانکارییەک خۆشکرد.

لە شەڕو ململانێ‌و نەخوێندنەوەی یەکترەوە هاتنە سەر رێککەوتن بۆ دابەشکردنی دەسەڵات‌و دەسکەوتەکانیشی، گەرەنتییەکی سەرەکی بۆ ئەم شەراکەتەو بەردەوامبوونی پێویستی بە ئارامی‌و یەکڕیزیی ناوماڵی هەریەک لەو دوو لایەنە بوو، پارتی هەر لە مێژەوە تا ئاستێکی زۆر ئەوانەی دابینکردبوو، کەسایەتی بەناوبانگ‌و کاریزمای خواڵێخۆشبوو مەلا مستەفا وەک سەرکردەی کوردو سەرۆکی پارتی بە درێژایی مێژوو تا ئەم ساتەش ئەو کۆڵەکە چەسپاوە سەرەکییە، یەکڕیزیی‌و یەک بڕیاری‌و ناوەندییەکی توندو چەسپاوی بۆ پارتی زامنکردووە، بەواتایەکی دیکە پارتی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی لەشێوەی هەرەمدایە، کە لە لوتکەوە هەمووشتێک بۆ خوارەوە شۆڕدەبێتەوەو بێ یەک‌و دوو گوێڕایەڵی دەکرێت.

یەکێتیی لە دروستبوونییەوە سروشتێکی جیاوازی لەوەی پارتی هەبووەو ئەو کۆڵەکە چەسپاوو توندەی لەخودی تاکە کەسێکدا نەبووە کە بە یەک دڵی‌و ئارامیەوە هەموو جەمسەرەکانی ناو یەکێتی بەردەوام رابگرێت، بەمەش یەکڕیزیی بپارێزێت. ئەوەی زۆرتر ئەو جەمسەرانەی ناو یەکێتی بەیەکەوە دەبەستەوە بەرنامەی خەباتی هاوبەشیان بوو دژ بەتوندی‌و فاشیەتی رژێمی بەغداو ناحەزانی ناو بزاڤی کوردایەتی‌و ناوچەکە، لەکارەساتی هەکاریەوە تا خولەکانی شەڕی ناوخۆی پێش راپەڕین‌و دوای راپەڕین‌و تا کارەساتی (٣١ی ئاب)و هەڵسانەوەی یەکێتی لە گەردەلولی تۆڵەدا.

ئاستەنگو کێشەکان‌و رێگرەکان بۆشەراکەتی نوێی لوتکەی ئەو دوو هێزە بەتایبەتی لە هەناوی یەکێتییەوە سەنگیان داکوتابوو سەریان هەڵدەدا، لە یەکەم کۆنگرەی گشتی یەکێتی دا دوای راپەڕین ئەم ئاستەنگو کێشانە زیاتر زەقبوونەوەو لە ناوەڕۆکدا نمایشکردنی ناکۆکی‌و ململانێ کەڵەکەکراو پەنگخواردووەکانی نێو جەمسەرەکانی یەکێتی بوو کە لەو کۆنگرەیەداو تا ماوەیەکی درێژی دواتریش بڕیاری بەیەکەوە ژیانیان هەڵنەوەشاندەوە.

بیروڕای جیاوازو ململانێی دروست بەدرێژایی مێژوو خەسڵەتی سەرەکی‌و داینەمۆی زیندوویەتی‌و کاریگەری یەکێتی بوو.

بەلای دەسەڵاتدارانی شەراکەتەوە دۆخی ناو یەکێتی تەنراو بە جەمسەرگەری‌و بیروڕای جیاوازو ناکۆکی پێویستی بە نەشتەرگەری‌و یەکلایی کردنەوەو «پاککردنەوە» بوو.

### لەرزۆکی شەراکەت‌و «پاککردنەوەی» ناوماڵ

شەراکەتی نوێ لەسەر ئاسەوارەکانی فیفتی بە فیفتی‌و کەلاوەکانی شەڕی ناوخۆو ناکۆکی‌و ململانێکانی چل ساڵ‌و گێژاوی بارودۆخی نەمانی سەدام‌و فشاری نێودەوڵەتی‌و ناوچەکەو ورژاندنی پارەیەکی زۆر لە کوردستان‌و عێراق‌و بەرژەوەندییە گشتی‌و تایبەتییەکان‌و مەترسی وروژاندن‌و تەقینەوەی بزاڤی کوردایەتی لە کوردستانی گەورە کەڵەکە کرابوو، بێمتمانەیی‌و دوودڵی‌و رکابەرایەتی مێژوویەکی درێژ کەلێنە مۆراڵ‌و هەستیارەکانی دیکەی ژێرخانی ئەو کەڵەکەکردنە بوون، ئەو دۆخە تایبەتییەی ناو یەکێتی‌و پێکهاتەکەی خەمێکی سەرەکی دەسەڵاتداران بوو وەک مەترسییەک لەسەر شەراکەتی لەرزۆکیان حسابی بۆدەکرا، دەسەڵات چاوچنۆک‌و بەهەڵپەبوو بۆ «پاککردنەوە»و یەکلاییکردنەوەی فەزای ناوماڵ‌و راماڵینی هەر نارەزاییەک‌و ئاستەنگێکن بوونی ئەمریکا لە عێراق‌و چاوکراوەیەتی بەشێک لە هاوڵاتیانی هەرێم‌و چاودێری دنیا بۆ دۆخی هەرێم ئەو ئاستەنگانە بوون کە دەسەڵات نەتوانێت بەتەواوی‌و بەکەیفی خۆی رێگاو شوێنی «پاککردنەوە» بگرێتەبەرو مەرامەکانی لەو پاککردنەوەیە بێنێتەدی.

### بەرەو جەمسەرگەری تاکڕەوی

مەترسیترین زەنگ بۆ جەمسەری دەسەڵاتدار لەناو یەکێتی-دا یاداشتەکەی بەڕێزان نەوشیروان مستەفاو کۆسرەت رەسول عەلی‌و عومەر سەید عەلی بوو.

لوتکەی دەسەڵات لەناو یەکێتی-دا زۆر وردو لەسەر چەند تەوەرێک لەگەڵ ئەو یاداشتەو کاریگەرییەکانی رەفتاری کرد، یەکەم، بەمەبەستی هێورکردنەوە، دووەم، بەمەبەستی ئیحتواکردنی‌و پارچەپارچەکردنی‌و سێیەم، بەمەبەستی فەرامۆشکردن‌و «پاککردنەوەی» بنەڕەتی کاریگەری سیاسی‌و رێکخراوەیی‌و مەترسییەکانی جەمسەرێکی بەهێزی نارەزا لەناو بونیەی یەکێتی-دا، بۆ ئەم سێ هەنگاوەش چەند زنجیرە کار ئەنجامدراون، بە گەڕانەوە بۆ رووداوەکان هەر هەموویان تۆمارکراون‌و بوون بە بەڵگەو دۆکیۆمێنتی مێژوو، هەر لە پەشیمانکردنەوەی چەند کەسێکی ناسراوی ناو جەمسەری نارەزا بە بەخشینی پارەو ئیمتیازات‌و چ بە بەکارهێنانی هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە لە هەندێکی دیکە لێیان، چ بە بەکارهێنانی رق‌و کینەی هەندێک لە پاشکۆکانی ئەو دەسەڵاتەو خوێندن بەگوێیاندا کە دەرفەتێکی گونجاو خولقاوە بۆ تۆڵەسەندنەوەو چ بە ئیبتزازکردنی لاوازی هەندێک کەسانی دەوروبەرو تۆقاندنیان بەوەی دەسەڵاتی جەمسەری نارەزا ئەوان بەتەواوی ترۆدەکات. بەم کارو هەنگاوانە جەمسەری دەسەڵاتدار پێگەی خۆی زیاتر بەرەو جەمسەرگەری تاکڕەوی ئاراستەدەکردو پەرژینێکی درکاوی گوێڕایەڵی دەستەمۆی بەدەوری خۆیدا چەقاندو بە پارەو پلەوپایە ئاوی دەدا، هەروەها لەناو ژیانی ریکخراوەیی یەکێتیشدا رەچاوکردنی تەکەتول‌و ناوچەگەری‌و دابەشکردنی پلەو مووچەو رازیکردنی هەندێک لە جەمسەرەکان بە پارەو ئیمتیازات‌و کردنیان بەگژیەکترداو پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ‌و رێکخستن‌و چاوپۆشین لە گەندەڵی‌و بەرتەسککردنەوەی بوارو فەزای تەندروستی بیروڕای جیاواز کەشوهەوایەکی خولقاند کە تەواوی یەکێتی‌و پرۆگرام‌و سیاسەت‌و ئایندەشی ببەسترێتەوە بە جەمسەرگەری تاکڕەوی بەهیوای دابینکردنی ئەو یەکڕیزیی‌و یەک بڕیارییەی لای لوتکەی دەسەڵات زۆر مەبەست بوو تا بتوانێت تای تەرازوو لە شەراکەتی نوێدا لاسەنگ نەبێت‌و بەشی خۆی لە دەسەڵات‌و سوودمەندییەکانی پێ دابینبکات، بەلای جەمسەری دەسەڵاتداری ناو یەکێتی نەدەکرا لەو شەراکەتەدا لاوازبێت‌و توانای دوابڕیاری نەبێت، بەڵام خەمەکانی ئەو جەمسەرگەرییە هێشتا بەتەواوی فەرامۆش نەکرابوون.

### گوناهێکی مێژوویی

گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوەبکەین کە لەو چەند ساڵەداو لە گەرمەی پلان‌و هەنگاوەکانی جەمسەری دەسەڵاتدار کۆمەڵێک کێشە رووبەڕووی نەتەوەو خاک ببوونەوەو نەدەکرا لە فیکری سیاسی جەمسەری نارەزای ناو یەکێتی-دا رەچاوی جدی ئەو کێشانە نەکرێن، لەبەر سۆزی نەتەوەیی‌و وەفاداری بۆ خاک‌و میللەت جەمسەری نارەزا لەناو یەکێتی-دا بەشێکی زۆری بەرنامەو داواکارییەکانی خۆی کردە قوربانی ئەو ئەرکە نەتەوەییانە، ئێستاکە بە هەڵسەنگاندنی بێهەڵوێستی‌و بێدەنگی جەمسەری نارەزایی ناو یەکێتی لەمەڕ ئەو گۆڕانکاریانە دەردەکەوێت کە گوناهێکی مێژووییان کردووە.

جەمسەری دەسەڵاتی ناو یەکێتی تاکڕەوانە چەندین هەنگاو کاری گەورەی بەرێکردووەو بە بیانووی بەرژەوەندی نەتەوەو یەکڕیزیی ناوماڵی کوردەوە نارەزایی‌و بۆچوون‌و بەرنامە ئەڵتەرنەتیڤەکانی پەراوێزکردووەو لەئەنجامدا لە پراکتیکدا ئەو جەمسەرە نارەزایە ببوو بە پاشکۆیەکی پاسیڤی بێدەسەڵات کە لێپرسراویەتی ئەو بارودۆخە ناهەموارەش کەوتبووە ئەستۆیەوە.

لەو هەنگاوو گۆڕانکارییە گرنگانەدا ئەمانە بە راشکاوی بەرچاون: رێککەوتن لەگەڵ پۆڵ بریمەر لەسەر یاسا بۆ قۆناغی گواستنەوە، شێوەی تێکەڵاوکردنەوەی دوو حکومەت لە هەرێم‌و رێککەوتنەکە لەو بارەوە، ناوەڕۆکی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بە جێگرەکەیەوە کە بەر ماڵی یەکێتی کەوتبوو، سازدانی شەراکەتی نوێی بەناو «رێککەوتنی ستراتیژی» بێگەڕانەوەی جدی بۆ سەرکردایەتی هەردوولا، تێپەڕاندنی بەپەلەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، گرێبەستە نەوتییەکانی شەراکەتی نوێ، کەمتەرخەمی‌و هەڵە کەڵەکەکراوەکان سەبارەت بە ناوچە دابڕاوەکان‌و لە سەروبەندیانەوە کەرکوک‌و مادەی (١٤٠)، چاوبرکێ‌و موجامەلەی بێلەزەتی ئێران‌و تورکیا، قۆرخکردنی تەواوی سەرجەم دەسەڵاتی حوکمرانی‌و ئابووری‌و پارەی هەرێم‌و لقوپۆپەکانیان لە کوردستان‌و دەرەوەی بۆخۆیان‌و پاشکۆکانی شەراکەتی نوێ، نکوڵی ناکرێت لە پەراوێزی دەسەڵاتی بەهای ئەم لوتکەیەدا لە هەرێم کۆمەڵێک کار کراون، بەڵام ئەوانەو سەد قاتی ئەوەشیان بکردایە گوناهی سیاسەتە چەوتەکانیان‌و حوکمرانی سەقەت‌و نیەتی پاوانکردنی تەواوی حوکمرانی‌و ئابووری‌و ئازادی لە کوردستانداو پەراوێزکردن‌و «پاککردنەوەی» نارەزابوون ناسڕنەوە.

لە بەرامبەر ئەم گێژاوو تەنگەژانەدا جەمسەری نارەزای ناو یەکێتی‌و بەهیوای ئەنجامدانی چاکسازی‌و راستکردنەوە لەناو یەکێتی-دا پرۆژەی هەڵبژاردنەکانی رێکخستنەکانی ناو یەکێتی پێشکەشکردو جەمسەری دەسەڵاتیش پەسندیکرد، لەئەنجامدا دەرکەوت کە ئەو بیرۆکەیە لەنێو ئەودۆخەی یەکێتی-دا کە تاکە جەمسەرگەری تێدا زاڵ ببوو، بەرژەوەندییە مادییەکانی جەمسەرە لاوازو بێنوزەکانی دیکە زەمینە مێژووییەکانیانی کاڵکردبووەوەو ببوونە پاشکۆیەک بە دەزوییەکی تەنکی پساو بە دەسەڵاتەوە لکێنرابوون، دەرکەوت خەونێک بوو، دەرکەوت گوزەرێکی عاتیفیانە بوو لە دەریای وشکبووی نەستۆلجیایەکی وروژێنەرو بەپێزدا، لێرە بەدواوە پارسەنگی نێو جەمسەرە بەهێزەکانی ناو یەکێتی تێکچوو، مەحاڵبوو بێ گوێڕایەڵبوون بۆ جەمسەرگەری تاکڕەوی ناو یەکێتی، کە خۆی بە براوەی سەرەکی دەزانی درێژە بەو دوالیزمە مێژووییەی یەکگرتن‌و ململانێی نێوان بەڕێزان مام جەلال‌و کاک نەوشیروان بدرێت‌و لەئەنجامدا کاک نەوشیروان گۆڕەپانی کاری ناو یەکێتی بۆ جەمسەری تاکڕەوی بەجێهێشت.

لەدوای پلینیۆم جەمسەرگەری تاکە دەسەڵات بەتەواوی نمایشکراو چەسپاو ئەوانەی لە ریفۆرمخوازانیش بەهیوای چاکسازی مابوونەوە بۆ ماوەیەک لەلایەن جەمسەری دەسەڵاتدارەوە دەستەدەستیان پێکراو جگە لەچەند خاڵێک لەسەر پارچە کاغەزێک کە هیچ زامن‌و گەرەنتی جێبەجێکردنیان نەبوو هیچیتریان دروێنە نەکرد، دواتریش دەرکەوت هێشتا مەرەکەبی ئیمزاکان تەڕبوو کە دەسەڵات فەرامۆشی زۆربەی خاڵەکانی کرد.

لەم راستیانەدا بە راشکاوی بەرچاودەکەوێت کە پێگەکانی جەمسەری نارەزای ناو یەکێتی بێتوانا هەم لە رووی دارایی‌و هەم لە بواری حکومەت‌و راگەیاندندا وە تادەهات لاوازترو کەم کاریگەرتر دەبوو، تادەهات باوەڕی باڵی ریفۆرم‌و جەماوەرو خەڵک بە گۆڕانکاری‌و چاکسازی نێو چوار دیواری حیزب روو لە لێژی بوو.

### بەرهەمەکانی شەراکەت‌و نارەزایی جەماوەری

تێکەڵاوکردنەوەی زۆربەی دوو حکومەت لە هەرێم، ئیفلیجکردنی پەرلەمانی کوردستان، رێککەوتنە بەناو «ستراتیژی»یەکەی لوتکەی دەسەڵات، دابەشکردنی داهاتی هەرێم بەرێژەی گەورەیی قەوارەی دەسەڵاتداران، بەرتەسککردنەوەی فەزای ئازادی، پاوانکردنی بازاڕو ژیانی ئابووری....هتد، لە بەرهەمەکانی دیکەی ئەم شەراکەتە بوون، لە بەرامبەردا نارەزایی خەڵک‌و چین‌و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا لە زیادبونێکی بەردەوامدابوو، خەڵکی داوای حوکمی یاساو دادپەروەری کۆمەڵایەتی‌و یەکسانی‌و دابینکردنی ئازادی دەکردو چاویشی بڕیبووە دەنگە نارەزاکانی ناو یەکێتی‌و کۆمەڵێک بزووتنەوەو رێکخراوی سەربەخۆ، لەم کاتانەدا کۆمپانیای وشەو راگەیاندنەکانی بووە مینبەرێکی ئازادی دوور لە حیزب‌و دەستێوەردانی دەسەڵاتداران‌و رۆژ بە رۆژ نارەزایی خەڵک‌و رۆشنبیران لە دەوری کۆمپانیای وشە کۆدەبوونەوەو تا دەهاتیش فشارێکی زۆری جەماوەری لەسەری گەشەی دەکردو هێدی هێدی ئەو رەوتە بەرەو بزووتنەوەیەکی جەماوەری هەنگاوی دەنا.

بە رۆیشتنی کات‌و گەورەبوونی سوودمەندییە مادی‌و مەعنەوییەکان بۆ دەسەڵاتدارانی ناو یەکێتی تادەهات دیاردەی پۆلەرایسەشنی سیاسی بەزۆرە ملێ‌و رێگەی ناڕەواو دوور لە پرنسیپەکانی رێکخستن‌و پێڕەوی ناوخۆی یەکێتی‌و پرەنسیپەکانی سۆشیال دیموکراسیەتی ئەم سەردەمە دەسەپێنراو زاڵ دەبوو بەسەر ژیانی حیزبایەتیدا، ئەم پرۆسەیە تا ئاستێکی زۆر بە تاکڕەوی‌و مناوەرەی سیاسی‌و کات کوشتن‌و دۆگمای سیاسی بەڕێوەدەبرا کە دوا مەبەست لێی وەک خۆیان زۆرجار رایانگەیاندووە «یەکڕیزیی‌و یەکێتی ناو یەکێتی»و «توانای بڕیاردان» بوو، بە واتایەکی دیکە کپکردنەوەو فەرامۆشکردنی نارەزایی‌و تەختکردنی گۆڕەپانەکە بە تەنیا بۆ لوتکەی دەسەڵات، بەدەرچوونی چوار هەڤاڵی ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و شەش ئەندامی سەرکردایەتی‌و هەزاران ئەندام‌و کادیر بەخەیاڵی جەمسەرگەری تاکڕەوی خەونەکەیان هاتەدی‌و جادەکە بەتەواوی بۆیان تەخت بووبوو، دوا دەنگە مێژوویە نارەزاکانیش لەجەستەی یەکێتی دوورخرانەوە.

### دەنگدان بۆ هەڵبژاردنە لەنێو دوو نیەتدا

بە راگەیاندنی لیستی گۆڕان‌و ئاشکراکردنی بەرنامەکەی‌و بەڕێوەبردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکەی وەڵامی زۆربەی ئەو پرسیارو تێبینی‌و بۆچوونانە درانەوە کە خۆیان لەماوەی دواییدا قوتکردبووەوە.

لێرەدا گرنگە دەسەڵات بە ئاگا بهێنرێتەوە کە کرۆکی کەمپەینی هەڵبژاردن‌و ململانێکان تەنیا لەسەر ئاوەدانکردنەوەی سەرکەشی‌و قیرتاوکردنی بەپەلەی شەقامەکان‌و پڕکردنەوەی تاسەو چاڵەکان‌و پارەبەخشین‌و دامەزراندنی بەکۆمەڵی خەڵک‌و بانگەوازە شانۆگەرییەکان نییە کە بەپارەی حکومەت‌و میللەت دەکرێن‌و بەزمانی منەتکردن بە میللەت دەفرۆشرێنەوە، بەڵکو دەنگدانی ئەمجارە هەڵبژاردنە لەنێو دوو نیەتدا، نیەتێک میللەت نامۆ نییەپێی بۆ پاوانکردن‌و زەوتکردنی حوکم‌و دەسەڵات‌و سەروەت‌و سامان‌و نیەتێک مەبەستیەتی میللەت لە چنگی ئەو پاوانکردنە رزگاربکات، نیەتێک میللەت‌و خاک لێی توڕەیەو نیەتێک دەیەوێت خاک بۆ میللەت بگەڕێنێتەوەو خاکیش بە تۆوی خۆشەویستی میللەت ئاوەدان بکاتەوەو ببوژێنێتەوە، نیەتێک بەشێک لە مێژووی تەنراوە بەلادان‌و نسکۆو چەواشەکردن‌و نیەتێک چاوی خۆی لەو مێژووە دانەخستووەو کار بۆ گۆڕان دەکات تا ئایندەی میللەتێک جارێکی دیکە پێی هەراسان نەکرێت.

هەڵبژاردنی ئەمجارە تەوژم‌و گەرمی نیەتی جەماوەری لەخۆ گرتووە بۆ قوتاربوون لە فەزای دروستکراوی خەیاڵاوی دەسەڵاتداران‌و لە دۆگمای حیزبی‌و شەراکەتێکی وەهمی لەرزۆک‌و بۆ گۆڕان بە خولقاندنی فەزایەکی واقعیانە بەرێگەی دانوستاندن‌و لەیەک تێگەیشتن‌و رێزگرتن لەیەکو نەسڕینەوەو «پاکنەکردنەوەی» یەکترو سازدانی کارکردن بەیەکەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی باڵای نەتەوایەتی‌و پارێزراو بە متمانەو لێبوردن‌و ململانێی دیموکراسیانەی پاک‌و رەوا لە ناوجەرگەی حوکمی یاساو دەستورێکی گونجاو لەگەڵ رۆحیەتی سەردەم‌و گۆڕاندا.

پێوەری سەرکەوتن‌و شکستی لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا تەنیا ژمارەی کورسییەکانی لیست‌و قەوارەکان نییە لە پەرلەماندا، ئەوە جۆرێک لە وەهمی مێشک‌و خەیاڵی کەسانێکی داگیرکردووە کە بەو کورسیانەوە لکاون‌و لێیاننابنەوە. میلۆسۆڤیچو حیزبەکەی، موگاباو حیزبەکەی، بزووتنەوەی حەماس، ئیسلامییەکانی ئێران‌و چەندین نموونەی دیکەش بەرێگەی هەڵبژاردن زۆرینەی کورسیان بەدەستهێنابوو، بەڵام وڵات‌و نەتەوەکانیان بەرەو کارەسات‌و سەرگەردانی بردوو دەبەن، نیشانەی سەرکەوتن لەوەدایە ئەم دیفاکتۆیەی ئێستای لای خۆمان بەنیەتی میللەت وەک مۆمێکی داگیرساو بە گەرمی‌و رووناکیەکەی بیگۆڕێت، راستە وتویانە: «هەموو تاریکی دنیا، رووناکی مۆمێک ناکوژێنێتەوە»، دەبێت ئەوەندەش خەیاڵاوی نەبین‌و چاوەڕوانبین رووناکی مۆمێکیش هەموو تاریکیمان روونبکاتەوە، بەڵام ئەمە سەرەتایەکە بۆ ئایندەیەکی روناک‌و پڕهیوا بۆ نەتەوەو خاک.

رۆتەردام کۆتایی حوزەیرانی ٢٠٠٩

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٢٢ – R١

پـرۆژە: دروستکردنی فەرهەنگ خانە لە گوندی مالومە لە ناحیەی گاپیلۆن.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١١٠٠٠٠٠٠) یانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٢٣ – R٣

پرۆژە: ئاوەڕۆی گەرەکی ئەندازیاران لە کەلار.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٦ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٣٠٠٠٠٠٠) سیو سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٢٤ – R٣

پرۆژە: گەیاندنی کارەبا بۆ چەند گەڕەکێکو گوندی کولەجۆی حمە جان لە ڕزگاری.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٦ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

دادگای بەرایی
لە شارباژێڕ

ژمارە/ ١٦٣/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/٢٨

ئاگاداری

داواکار/ سالار محمود فتاح
داوالێکراو/ ڕازگری باری شارستانی شارباژێڕ

داواکار (سالار محمود فتاح) داوای بەرایی بە ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە تۆمارکردووە بە مەبەستی گۆڕینی (ناوی خۆی) لە (سالار) بۆ (لالۆ) پشتبەست بە بەندی (٢١) لە یاسای باری شارستانی. دادگا بڕیاری دا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە یەکێک لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا. هەرکەس و لایەنێک ڕێگری هەیە لەم داوایە پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە یان بریکارێکی یاسایی بنێرێت بە پێچەوانەوە ئەم داوایە بەپێی یاسا دەبینرێت....

دادوەر
سردار علی عزیز

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦١٥ – R٣

پرۆژە: قیرتاوکردنی ڕێگای بەنداوی دەربەندیخان (دووبارە).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٩ – R١

پـرۆژە: نۆژەنکردنەوەی بەشی دەروونـی نەخۆشخانەی فێرکاری لە سلێمانی.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٢٠ – R١

پرۆژە: ڕاکێشانی بۆری ئاو بۆ کۆڵانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٧، ٨، ٩، ١٣، ١٧، ١٩)و بەشێک لە شەقامی شێخ سعیدی پیران (٦٤) لە گەڕەکی بێسارانی (١٢٢).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٥) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٥٠٠٠٠٠٠) بیستو پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٢١ – R٤

پرۆژە: دروستکردنی بینای بۆنە کۆمەڵایەتیەتی و ئایینیەکانی کاکەییەکان لە هەڵەبجەی شەهید.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٧٠٠٠٠٠٠) حەڤدە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـەی نووسـەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# پەرلەمانی میللەت... یان پەرلەمانی حیزبو ...



جەمال میرزا عەزیز

وەک دەزانین پەرلەمانی راستەقینە هەڵقوڵاوی میللەتەو ئەندامەکانی نوێنەری میللەتن بۆ داکۆکیکردن لە خواستو داواکانیان لەو دەزگا هەستیارەدا، ئەمە بە نیسبەت وڵاتە پێشکەوتوو و دیموکراتەکانەوە، ئەگینا خۆ وڵاتانیش هەن کە ناوی دیموکراسیو ئازادیان لەخۆیاناناوەو تەنانەت هەندێک وڵاتی دیکتاتۆریش وەک عێراقی سەدامەکەی لەمەڕخۆمان کە پەرلەمان هەبوو، بەڵام چ پەرلەمانێک! دێینەوە سەر پەرلەمانە بەسەرچووەکەی هەرێمی کوردستانو ئەو بڕیارە نا مەسئولانەیەی لەم دواییەدا دایان بۆ پەسەندکردنی دەستووری هەرێم، بەڵام با کەمێک بگەڕێینە دواوە بۆ ساڵی (١٩٩٢) کە یەکەم پەرلەمان هەڵبژێردرا. هەڵبەتە ئەو ساڵو بۆنەیە یەکێکە لە دڵخۆشترینو مەزنترین سات بۆ هەرێمی کوردستان.

لەو پەرلەمانەدا لیستی یەکێتی چەند کەسایەتییەکی تیادا بوو کە یەکێتیش نەبوون، ئەمەش شتێکی زۆر دڵخۆشکەر بوو.

جارێک یەکێک لە پەرلەمانتارەکان باسی ئەوەی کرد کە لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێکی لیستی زەرددا باسیان لە یاسایەک کردووە، ئەو پەرلەمانتارانەی لیستی زەرد مافناسبوون لەگەڵ ئەوانەی لیستی سەوزدا رێککەوتوون کە دەنگ بۆ ئەو یاسایە بدەن، کاتێک کە هاتووەتە سەر دەنگدان، سەرۆکی لیستی زەردی ئەو کاتە دژ بەو بڕیارە دەستی بەرزکردبووەوە هەرچی ئەندامانی لیستی زەردە، هەموویان بەو چەند مافناسانەشەوە لەگەڵ ئەواندا دەستیان بەرزکردووەتەوە، منیش ئەوسا ئەم رووداوەم وەک خۆی بۆ مام جەلال گێڕایەوەو وتم برادەرەکانی خۆمان لە پەرلەمان هەریەکەو لە ئاوازێک دەخوێنێ بەعەکسی ئەوانەی لیستی زەردەوە. مام جەلال وتی: «قابیلە ئەوانەی ئێمە قاز بن کە یەکێکیان قیڕانی ئەوانی دیکە هەمویان بە دوایدا بقیڕێنن». هەڵبەتە من ئەو ساتەو ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەو جۆرە وەڵامەم پێباشو تەندروستە ئەگەر بۆ بڕیارو یاسای چارەنوسساز بدرێتو مەرامی تایبەتی لە پشتەوە نەبێت، بەڵام مەخابن وا دەرنەچوو، چونکە ئەوەتا دوای (١٨) ساڵ هەردوو لا دیارە بەپێی رێککەوتنە ستراتیژییەکە لەگەڵ چوار حیزبەکەشدا، پەرلەمانتارەکانیان بێجگە لەو چەند ئەندامە بە هەڵوێستو بوێرە بە یەکەوە قیڕانیان لە وڵاتە دیموکراتو پێشکەوتووەکاندا گفتوگۆو شەڕە قسە لەناو پەرلەمانەکانیاندا دەگاتە رادەی لەیەکدان، چەندینجار لەو نموونانەمان لە پەرلەمانەکانی یابانو کۆریای باشوورو هندستان بینیوە، لە بەریتانیا کە لانکی کۆنترین دیموکراسیە لە دنیادا، دەیکەنە هەراو هوریایەک ئاخری نەبێت، بەڵام لای ئێمە بە پێچەوانەوە چەندینجار هەستمانکردووە سەرۆکی پەرلەمان تەنانەت مەجالیشی نەداوە بە هەندێک پەرلەمانتار کە بە تەواوی قسە بکات، ئەگەر بە دڵیان نەبووبێت، بە رای من پەسەندکردنی یاسای دەستوور لەلایەن ئەو (٩٦) پەرلەمانتارە ئێکسپایەرانەوە لەو پەرلەمانە بەسەرچووەدا لاوازییو بەرژەوەندی خۆیانو گەورەکانیان زیاتر هیچی دیکە ناگەیەنێت. باشە رەشنووسی دەستوورێک کە چەندین خاڵی لێ گۆڕدرابێتو تەنانەت وەک یەکێک لەو چەند پەرلەمانتارە بە هەڵوێستانە گێڕایەوە نەتان خوێندبێتەوە، چۆن ویژدانتان قبوڵیکرد وا بە سانایی پەسەندی بکەن.

کەواتە چی جیاوازیەک هەیە لەنێوان ئێوەو ئەو ئەندام پەرلەمانەی کە دەگێڕنەوە لە حوکمی مەلەکیدا لە یەکێک لە جەلسەکاندا خەیاڵ دەیباتەوە لەکاتی دەنگداندا ئەوەی تەنیشتی بە خەبەری دەهێنێتەوە، ئەمیش رادەچڵەکێو خێرا بە بێئەوەی بزانێت چییە دەستی بەرز دەکاتەوەو دەڵێت: «کاکە من حەقم چییە بەسەر ئەمەوە ئەمە (بین الملل)ە، خوا دەکات مزگەوتێکم لە گوندەکەمان بۆ دەکەنەوە، هیچم ناوێت» مەگەر جیاوازیەکە ئەوەندە بێت (ئەم) نەخوێندەوار بووەو زەمەنەکەش جیایە، (ئێوەش) بە ناو دەرچووی کۆلێجو ئەو شتانەن، بەڵام هی ئەم زەمانە. براینە، ئەگەرچی هەندێک دەوڵەت لە ئەسڵدا دەستووری نییە (ئینگلتەرە) وەک نموونە، بەڵام کە هەبوو زۆر موقەدەسە. ماوەیەک لەمەوپێش رۆمانێکم خوێندەوە بە ناوی (مەسەلەی شەرەف لای دزان) ( Honor a among theives) کە نووسەری بە ناوبانگی ئینگلیزی جیفری ئارچەر نووسیویەتی. باس لە (بەڵگەنامەی سەربەخۆیی Declaration of Independence) دەکات کە چۆن (سەدام حسێن) چەند دزێکی پرۆفیشناڵی ئەمریکی بە پارەیەکی زۆر راسپاردووە بۆی بدزنو بیگەیەننە عێراق تا لە گۆڕەپانێکی گەورەی بەغدادا بە بەرچاوی خەڵکو میدیاکانەوە بیسووتێنن. ئەمە بۆچی، تەنیا بۆئەوەی بە عەقڵی خۆی (سەدام) ئەمریکای پێبشکێنێت، چونکە ئەو وەسیقەیە زۆر موقەدەسە لای ئەمریکیەکانو لەشوێنی قایمدا پارێزراوە، بەڵگەنامەکە دەگەیەننە بەغدا، بەڵام کە سەیر دەکەن (ئەسڵی نییە)، بەڵکو تەزویر بووە. ئەم رۆمانە ئەوەمان پیشاندەدات کە تەنانەت دزیش نەیویستووە خیانەت لە نەتەوەو وڵاتی خۆی بکات. ئیتر باقیەکەی بۆ خوێنەری خۆشەویست بە جێدەهێڵم.

# گۆڕان لە شکاندنی بەستەڵەکی عەقڵە کۆنەکانو بتەموقەدەسەکانەوە دەستپێدەکات



موعتەسەم نەجمەدین

گۆڕان وەک زاراوەو وشە لەگەڵ ئەوەی مێژوویەکی دوورو درێژی لە فەرهەنگی سیاسیو فیکریدا هەیە، لە هەسارەی سێیەمدا سنوورەکانی واتا کلاسیکیەکەی دەبڕێتو تێکەڵ بە ئایدیایەکی نوێو نامۆ بەبیری بەشەریەت دەبێت، لە سەردەمی ئایدیۆلۆژیادا هەڵسوکەوتو بڕیارەکانی مرۆڤ لەسەر حوکمی پێش وەخت بوو، ئەو کات تاکەکانی کۆمەڵ لە حیزب یان لایەنگرانی، هیچ حیسابێکیان بۆ ئایندەو ئاکامی یان بەرهەمی پرۆژەی ئایدیۆلۆژیا نەدەکرد لەژێر سێبەری ئەو تێگەیشتنەی گۆڕان ئەمرۆ دەیدا بە ئێمە دەمانخاتە بەر دوو ئەگەر یان دوو ڕێیانێک، لە ساتە وەختی بڕیاردان لەسەر گۆڕان ئایا پێویستە مرۆڤ کار بۆ داهێنانی فیکر لە دامەزراندنی گۆڕاندا بکات؟ یاخود کار لەسەر ئەوە بکرێت گۆڕان بۆ خۆی لەکاتی مومارەسەکردنیدا فکری خۆی ساغدەکاتەوە، بەواتایەکی دیکە لە کارکردنی بۆ هەڵوەشاندنەوە یان گۆڕینی ئایدیای جێگیر، بۆ خۆی بیرێکی نوێ لەسەر بنەمای پاڵپشتی بە گۆڕان ساغدەکاتەوە.

یەکێک لەو گرفتانەی کە لە واقعی ئێمەدا بووە بە بەربەست لە بەردەم وەرگرتنی گۆڕانو موعاشەرەکردنی، کەم تێگەیشتنمانە لە چەمکی گۆڕان وەک بیرو وەک تێگەیشتن لە ئاکامی ئەو پێشکەوتنەی جیهان لە کۆتایی سەدەی بیستویەکدا بە بەردەوامی بە خۆیەوە دەیبینێت، خێرایی گۆڕان بەشێوەیەک زیادیکردووە خەڵکی ئێمە توانای ئیستعابکردنو وەرگرتنی نامێنێت، بەشێوەیەکی گشتی خەڵک وێنەیەکی دیاری بۆ جیهانی ئەمرۆ یان بۆ رێکخراوە ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان نییە، زۆرجار ئێمە بۆ خۆمان زاراوەی گۆڕان تێکەڵ بە واتای چاکسازیی دەکەین، لەڕاستیدا تێڕوانین یان بیرو بۆچوونی جیاواز لەسەر چەمکی گۆڕان هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی من بۆ خۆم پێموایە دەکرێت بکرێت بە دوو بەشەوە، یان بە دوو ئاراستەی جیاوازەوە، نوێبوونەوەو چاکسازیی (التحدیثء التجدید)، لەڕاستیدا ئەم دوو زاراوەیە لە تێگەیشتنو واتادا ئاسمان رێسمانیان بەینە، نوێبوونەوە بەواتای داهێنانی بیرێکی نوێ دێت، بەڵام چاکسازیی ئەوکارانەیە کە بۆ چاککردن یان پاککردنەوەی سیستمێکی حکمرانی کە لە ئاکامی قەیرانی گەندەڵیەوە ترسی دارمانو نەمانی لەسەرە، نوێکاری بەواتای نوێکردنەوەی سامانی فیکریو ئایدیا دێت، لێرەدا ئەوەی نا مەفهومیەت دەخولقێنێت ئەمرۆ تێڕوانینی ئێمەیە بۆ ژیان ئەوەیە بە چاویلکەی رابردووەوە دەڕوانینە رووداوو گۆڕانکارییەکان، ئاگامان لەوە نییە کە لە دنیای نوێدا دابڕانێکی زۆر لە نێوان رابردوو و ئایندەدا تا ئەو ئاستە دروستبووە، زۆرێک پێیانوایە مرۆڤایەتی بازێکی ئەوەندە مەزنی داوە هیچ پەیوەندیەکی لەنێوان رابردوو ئەمرۆدا نەهێشتووەتەوە، ئەوەی هەقیقەتە جیهانی کۆن بە تەدریجیو لەسەرخۆ لە بیری خەڵک دەچێتەوە، بەڵام جیهانی نوێ زۆر بە خێرایی تێکەڵ بە ژیانی دەبێت، بۆیە لێرەدا کۆمەڵەکان پێویستیان بە نموونەو ئەزموونە، نموونەیەکی فیکری پێشکەوتەو بۆ گەیشتن بە هاوبەشی، ئازادیی، ئامادەکاریی بۆ دیموکراسیەتو ئەزموونێک بۆ بەرجەستەکردنی ئەو نموونە فیکریە.

لە بزاوتی گۆڕاندا، دوو ئاراستە بەیەکەوە بە شێوەیەکی هاوتەریب پێشبڕکێ دەکەن یان بەرەو پێش دەچن، ئاراستەیەک لەگەڵ رەوتی مەنتقدا، ئەم ئاراستەیە بە کەوتنە ڕێی رەوڕەوەی بەرەو پێشچوونی بۆ خۆی هێزی ناوخۆی دروست دەبێت، دەیجولێنێت (قوة تحریك الذاتي)، بەردەوام لەگەشەکردنو زیادبووندایە، بەڵام وەک ئاراستەی دووەم کە هێزی دژە گۆڕانە لانیکەم لە واقیعی ئێمەدا تا ئەمرۆش هێزی باڵادەستە، هاوکات ئەم هێزە بەردەوام لە هەوڵی وەستاندنی زەمەندایە، چونکە بە بەردەوامی هەنگاوەکانی لە سستیو کورتبوونەوەدایە، ئەم ئاراستەیە لەواقیعدا سیمای بزووتنەوەیەکی رەجعی هەڵدەگرێت،

ئەگەر بڕوانینە واقعی گۆڕان لەم وڵاتەی ئێمە کە تەمەنێکی زۆر کورتی هەیە ئەو فەزایەیەی خولقاندووە کە نەتوانین تەواوی هێڵو سیماکانی لەیەک جیاکەینەوە، وەک فیکرو ئایدیا سیاغەی بکەینەوە، ئەمەش بە بارێکی دیکەدا هۆکاری ئەوەیە کە ئێمە تا ئەمرۆش تێگەیشتنێکی روونمان بۆ گۆڕان نەوەک بیرو نەوەک گوزارشتیش نییە، لە ئاستێکی شۆڕتریشدا ئەم هۆکارانە دەبنە بەربەستی هەقیقی بەردەم بڵاوەکردنی رۆشنبیری گۆڕانو دیموکراسی، هەروەها پێموایە هەموو ئەو کەموکورییانەی لە خودی گۆڕاندا بەدیدەکرێت، هۆکارەکەی کەم روانینو تێنەگەیشتنی هەڵگرانی ئەو پەیامە نییە، ئەوەندەی هۆی تازەیی ئەو بیرۆکەیە کە لەبیری خەڵکی ئێمەدا جێگیر بووە، چونکە گومان لەوەدا نییە لە دایکبوونی هەر بیرو دیاردەیەکی سیاسی نوێ زادەی بەرهەمی هۆشیاریو پێگەیشتنی عەقلیەتی خەڵقی عەوامو نوخبەی رۆشنبیرو رووناکبیرو بیرمەندانی ئەو گەلەیە، ئەم پرۆژەیە ئەمرۆ لە سەرەتای ساغەبووندایە، ئەوەی دەبێت بەرەی گۆڕان کاری لەسەر بکەن شکاندنی بەستەڵەکی عەقڵە کۆنەکانو شکاندنی بتە موقەدەسەکانە، لەڕاستیدا ئەمە کارێکی ئاسانو سەرپێی نییە، بەڵکو دامەزراندنی بەردی بناغەی کودەتایەکی زۆر گرنگو مەزنە بۆ گەلی کوردو گۆڕانکاریی چۆنایەتی لە سروشت ناوەڕۆکی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی خەڵکدا دەکات، بۆیە ئەرکی هەنوکەییو سەرەکی هەموو تاکێکی ئەم میلەتەیە هەریەک بەپێی تواناو بەو شێوەییەی بۆی دەلوێت کاربکات بۆ سەرخستنو بەرگریکردن لێی.

لەڕاستیدا گۆڕانو نوێبوونەوە تەنیا بە قسەو بەرزکردنەوەی شیعاراتی بریقەدار ناکرێت، ئۆپۆزسیۆن ئەگەر دەیەوێت گۆڕان بکات دەبێت خاڵی دەستپێکردنی دیاریبکات، بڕیاری بەرجەستەکردنی بدات، ئێمە ئەمرۆ لە سەردەمێکدا دەژین وڵاتە مەزنەکان لە پەرینەوەو رەتکردنی سەردەمی دیموکراسی نوێنەرایەتیدان، ئەوان بیر لە دامەزراندنی شێوە سیستمێکی دیموکراسی دەکەنەوە کە راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە لە رێگای ئینتەرنێتو کەناڵەکانی پەیوەندیکردنەوە دەنگی خۆیان لەسەر کەسێک یان هەرجۆرە بڕیارێک بە قبوڵ یان رەتکردنەوەی بدەن، بە واتا تەجاوزی سەردەمی دەسەڵاتی پەرلەمانی دەکەن، دەیانەوێت سیستمێکی نوێ لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەردەم تێکەڵ بە پرۆسەی سیاسیو سیستمی حوکمرانی بکەن، ئەمەش بە واقیع داهێنانێکە دەکرێتو لە بارە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵەکان سوودی لێببینن، لە چەمکی چاکسازیدا ئەوەی کە ئەمرۆ بووە بە جێگای مشتو مڕو قسەو باسی زۆربەی کۆمەڵە دواکەوتووەکان ئەوەیە ئاسۆی گۆڕان دەستی لە بینەقاقای دامودەزگاو دامەزاوەکانی حوکمرانی لەم وڵاتانەدا گیرکردووە، راشکاوانە کار لەسەر پراکتیزەکردنی سیستمی ئاڵگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات دەکات، چونکە بەرجەستەبوونی ئەم ماریفەتە ئەو فەزایە دەخولقێنێت کە هەر سیستمێک بێتە جێگای سیستمەکەی پێشوو، ئامادە نییە باجی هەڵەو کەموکوڕیی ئەوی دیکە بدات، گەندەڵیەکانی بۆ بپۆشێت، هاوکات ئەو سیستمەی دوای ئەمیش دێتە سەر کورسی دەسەڵات هەمان رەفتاری دەبێت، بۆیە سیستمی حوکمرانی لەترسی لێپێچینەوە لەئایندەدا خۆی لە گەندەڵیو کەموکورییەکان دەپارێزێت، جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریی تاکەسیان گوناهی ئەوی دیکە هەڵنەگرێت، سەربەخۆکردنی دادگاوگەڕانەوەی رێزو حورمەت بۆیو بەهێزکردنی بە ئاستێک توانای لێپێچینەوەی لە بەرزترین دەسەڵاتەکانی حوکمرانی هەبێت، لەلایەکو چاکسازیی لە سیستمی پەروەردەو خوێندنو چاکسازیی لە رەوشی رێکخراوە مەدەنیەکان، لە سیستمی کۆمەڵایەتی، ئابووریو چەندینی دیکە، دەچنە بازنەی چەمکی چاکسازییەوەو زامنی دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی دروستن، بەڵام وەک چەمکی نوێبوونەوە کەمن، بۆخۆم پێموایە باسێکی ئاڵۆزو قوڵەو زەحمەتە شەقامی سیاسیو عەوام بتوانێت تەلبەندەکانی لێک جیاکاتەوە، بەشێوەیەکی دروست ساغیبکاتەوە، بۆیە ئەرکی رووناکبیرانو رۆشنبیرانە ئەمرۆ بەرپرسانە بەشداری پرۆسەی گۆڕانو نوێبوونەوە بکەن.

Munaa_2020@yahoo.com

# هەڵبژاردنو فرۆشتنەوەی ماف

ئاوات عەبدولڕەحمان

**چونکە لەسەر هەقم، لە هەڕەشە ناترسم.**

**(سۆفۆکل)**

ئاماژە بە کارو نووسراوی (١٨) ساڵی دەسەڵات لە بەرواری مانگێک بەر لە هەڵبژاردن

گۆڕان لە شێوازی هەڵبژاردنەکانی ئەم خولە بە بەشداریکردنی لیستی جیاوازو خواستی گۆڕان لە سیستمی سیاسی وەک بەرنامەی داهاتوو دەسەڵاتی سیاسی بەجۆرێک شپرزەیی هێنایە سەر شانۆکە لە کۆڕو کۆبوونەوەی رۆژانەو جەماوەرییەکان نهێنی سیاسەتێکی چەواشەکاریو پێنەدانی مافی رەوای خەڵک لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی رێکەوتننامە ستراتیژییەکانو بەڵێننامە بازرگانییەکانو سەرچاوە سروشتیو ئابوورییەکانو بەکارهێنانی بودجەی گشتی بۆ کاری حیزبی ئاشکرا کرد.

نهێنییەک لە بێ ئاگایانە کەوتنە نێو تاوانێک بەرامبەر هەوڵدان بۆ فرۆشتنەوەی مافە سەرەتاییەکانی خەڵک بەرامبەر کڕینی دەنگەکانی ئەمرۆو بێبەشکردنی نەوەی چوار ساڵی رابردوو لە مافەکان.

بێبەشکردنی مافی دامەزراندنی دەرچوانی کۆلێژو پەیمانگەکانی ساڵانی رابردوو سەرەڕای خۆپیشاندانی بەردەوامی چەندین رۆژ، خانەوادەی خوێندکارانیشی هێنایە سەر شەقام، بەڵام بە یاساییکردنی راپۆرتێکی دارایی بە بیانووی نەبوونی بودجەی دامەزراندنو چوونی زۆرینەی بودجەی هەرێم بۆ مووچە بێ ئومێدکران، لەکاتێکدا پێدانی بەڵێنی دامەزراندنی هەزاران خوێندکار مانگێک بەر لە هەڵبژاردن بودجەی (٥٤) مانگی رابردووی بێبەشبوونیانو دامەزراندنی دەرچوانی چوار ساڵی داهاتوو دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

پرۆژە خزمەتگوزارییەکان وەک مافی سەرەتایی خەڵکو وەستانی کاری چەندین نەخۆشخانەو قوتابخانەو رێگاوبان بە بیانووی کورتهێنانی بودجەو پەسەندنەکردنی پێچەوانەی خەرجکردنی نیوەی بودجەی ساڵێکی داراییە بۆ رەشکردنەوەی شەقامەکانی شارو بەڵێنی خەیاڵی بە بەهەشتکردنی وڵات لە بەرواری مانگێک بەر لە هەڵبژاردن دەبێتە پرسیاری تێپەڕاندنی یانزە مانگی ساڵ بە نیوەی بودجە چ شیرینییەک پڕی دەکاتەوە؟

کشانو فراوانکردنی هۆڵەکانی خوێندن بەمەبەستی وەرگرتنی تەواوی خوێندکارانی دەرچوونی ئەمساڵ لە زانکۆکان لە بەرواری مانگێک بەر لە هەڵبژاردن پرسیاری بێبەشبوونی هەزاران خوێندکاری ساڵانی رابردوو بەبیانووی نمرەو تەمەنو توانای زانکۆکان، هۆڵەکانی زانکۆ دێنێتە لەرزە.

روخاندنو بێبەشکردنی سەدان خانوو لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانو ئاوارەکردنی سەدان خێزان بۆ ژیانی هەژاریو کوللەمەرگی لەپێناو بە یاساییکردنی تەجاوەزبوونو تێکدانی نەزمی شارو بەڵێنی پێدانی تاپۆی یاسایی بە سەدان تەجاوەزی دیکە لەبەرواری مانگێک بەر لە هەڵبژاردن، دەنگی خۆشیو شادی ماف بۆ گەڕاوەکانو پیرۆزبایی ئێمەو ناڵەو بۆکروزی هەناسەو دەروونی هەزاران خێزانی مافخوراو سیستمێکی مەزاجی دێنێتەلەرزەلەپێناو بەدامەزراوەییکردنی دەزگاکانو کۆمەڵگەیەکی مەدەنیو گەڕانەوەی مافی نیشتەجێبوون بۆ هەمووان وەک سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ.

پێدانی مووچەی زۆرو بێ ئەندازە لە بەرامبەر کاری کەم بە کەسانی بێ ئەرکو مووچەی کەمی فەرمانبەرانی ماندوو شەکەت پرسیاری سەدان هەزار خێزانو منداڵی بێبەش لە خۆشییەکانی ژیانی ئاسایی کەمی خواردنی گونجاوو تەندروست رووبەڕووی دروشمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەسەڵات دەکاتەوە.

یەکسان نەبوونی هەمووان لەبەردەم یاساو گرتنی ماسی بچووکو بەردانی ماسییە گەورەکان لە تۆڕی یاسا، ویژدانی دەسەڵاتی دادوەریی لەبەرامبەر باوەڕبوون بە سوێندخواردنی یاساییان رادەگرێت.

دەرکردنو بێبەشکردنی کادیرانی سیاسیو دامەزراوەیی لەسەر بیروڕای جیاواز واقیعێک رەخنەو ریسوا دەکات بەرهەمهێنەری خۆویستانەی تاک بێت بۆ نانبڕینو برسیکردنی خێزانو منداڵەکانی لەپێناو نەکڕینی مافە رەواکانی بەرامبەر فرۆشتنی دەنگو ویژدانی.







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

رۆژی دیـــکـــه دەیـــگـــۆڕیـــن

٢٠

گۆڕا بەرەو

٥٧

گۆڕان التغيير CHANGE

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 9 Date. 5-7-2009 ٢٠٠٩-٧-٥ ژمارە: (٩)


# ئایا ئێمەین سەرپێچی دەکەین یان ئەوان، کە بودجەی ئەو خەڵکە ڕەشوڕوتەیان بەکارهێنا بۆ بانگەشەی لیستەکەیان؟

## ڕوونکردنەوەیەک لە لیژنەی باڵای ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕانەوە

ماوەی چەند ڕۆژێکە کەناڵە جۆربەجۆرەکانی سەر بە لیستی کوردستانی کە لیستی دەسەڵاتە، کەوتونەتە تانەو تەشەر لە لایەنگرانو پشتگیرانی لیستی گۆڕانو لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانیانەوە هەندێک کاری هەڵبەستراو پیشان دەدەن، بە مەبەستی هاندانی رای گشتی لە جەماوەری گۆڕانو خاوکردنەوەیان لەو هەڵچوونو دەربڕینە لەو هەستە نارەزاییەی کە لە سەرتاسەری کوردستاندا هەیە، لەکاتێکدا ئێمە لای خۆمانەوە کۆمسیۆنی باڵامان لەسەدان سەرپێچی ئەو لایەنە ئاگادارکردووەتەوە لە پێش دەستپێکردنی وادەی بانگەشەو لەکاتی بانگەشەشدا، بۆیە دەپرسین هەڵچوونی گەنجو دەربڕینی نارەزاییەکانیانو تورەبوونیان لەو دەسەڵاتەی کە هیچ حسابێکی بۆ نەکردوونو پەراوێزی خستوون بەچوونە سەرشەقامو کەرنەڤاڵکردن، سەرپێچییە یان هاتنەسەر تەلەفزیۆنی سەرۆکی کۆمار پێش (١٥) رۆژ لە بانگەشە کە بەپێی یاسای کۆمسیۆن بۆی نییە بەشداربێت لە بانگەشە، کە داوا لە خەڵکی دەکات دەنگ بدەنە کاندیدو لیستەکەی ئەوان؟ ئایا هاتنە ناو بانگەشەی سەرۆکی هەرێمو هەندێک لە وەزیرەکان کە بەپێی ڕێنماییەکان قەدەغەکراون، پیشێلکردنە یان گوزارشتی گەنجان لە وادەو شوێنی خۆیدا لە نەهامەتیو موعاناتەکانیان؟ ئایا ئەوە ئێمەین سەرپێچی دەکەین یان ئەوان کە بودجەی ڕەشوڕوتی ئەم خەلکەیان بەکارهێنا بۆ بانگەشەو خزانیانە گیرفانی هەلپەرستو پارەپەرستانەوە؟ ئێمە بووین فەرمانگەکانمان بەنایاسایی بەکارهێنا بۆ بانگەشە یان ئەوان بوون؟ ئێمە بووین کە لەسەر حسابی بودجەی خەلک هەزاران وەعدی درۆمان دا بۆ بانگەشە یان ئەوان بوون؟ ئێمە بووین زەویوزاری وڵاتەکەمان لەم چەند رۆژەدا دابەشکرد بۆ بانگەشە یان ئەوان بوون؟ ئایا پشتگیرانی ئێمە بوون لە هەشت شەوی بانگەشەدا چەندین گەنجیان داپلۆسی بە چەقۆو دارو چوونە سەر ماڵانو قسەی سوکیان بە کچانو ژنان وت یان ئەوان بوون؟ ئەوە ئێمە نەبووین کە پێشمەرگە دێرینەکانمان نانبڕاو کرد، ئێمە نەبووین کە فەرمانبەرانی حکومەتو ئەفسەرو مامۆستایانی زانکۆمان لەسەر رای جیاواز دەرکرد، ئێمەش نەبووین خیلافی هەموو عورفو عادەتێک سوێندی ئەفسەرانو دەرەجەدارانمان دا بۆ دەنگدان پێمان، ئێمەش نەبووین قۆرخی شوێنە تایبەتییەکانو شاشەو تابلۆکان بکەین بۆ هەڵبژاردنو ڕێگا بە کەسی دیکە نەدەین؟، ئەوە ئێمە نین کە سەدانو هەزاران سەرپێچیی بچووکو گەورەی دیکەمان کردووە، ئەوە ئێوەن کردوتانەو ئێوەش دەبێت لەسەری سزابدرێن نەک بیخەنە سەر لایەنەکانی دیکە، هەر ئەمەش وا دەکات ناچار بین کە ئیتر پێشێلکارییەکان نیشانی جەماوەر بدەین کە نەماندەویست زیاتر شەقامی کوردی پێبجولێنینو تورەتریان بکەین نەک کاری توندوتیژی لێبکەوێتەوە، بەڵام بەداوای لێبوردنەوە لە هەموو خەڵکی کوردستان ئەگەر دیمەنی دڵتەزێنو ناخۆشیشی تێدابێت ناچارین بەرگری لە خۆمانو لایەنگرانو پشتگیریکەرانمان بکەین، چیدیش ناهێڵین پێشێلکارییەکانیان بەسەردا برواتو لەکاتو ساتی پێویستدا بڵاویان دەکەینەوە، بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز لەلایەن بەرپرسانی ئەو لیستەوە چەندین گروپو تاقم ڕاسپێردراون بۆ کاری توندرەویو گێرەشێوێنی بە بەرگی گۆڕانو دروشمەکانی گۆڕانەوە، تا خەڵکی تێبگەیەنن کە ئەوانە سەر بە لیستی گۆڕانو خەڵکی بێزار بکەن، هەروەک ئەو کۆمەلە گەنجەی کە لەلایەن مەلبەندەکانی یەکێتییەوە برابوونە سەر شەقامی سالمو لەگەڵ کامێرای دوو کەناڵی ئاسمانییان بۆ وێنەگرتنیان کاتێک قسەی ناشرینو سوکایەتییان بە خەڵکو ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەوت، دەپرسین ئەم کارە لە کارەکانی کێ دەچن ئێمە وەڵامەکەی بۆخۆتان بەجێدێڵین...

هەر بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو لایەنگرانو پشتگیرانو ئەوانەی کە گۆڕانیان دەوێ دەکەین، کە وەها کارێک ساردتان نەکاتەوە لەو حەماسەتو خۆشی دەربڕینە کە ساڵەهایە لێی بێبەشن تادەیکەینە دەنگو دەیخەینە سندوقی هەڵبژاردنەکانەوە.

تکاو داواشمان لە هاوڵاتیانی گەلەکەمان ئەوەیە بەهێمنیو ئاشتیانە درێژە بە بانگەشە بدەنو ڕێگەش نەدەن گێرەشێوێنو رق لەدڵان بخزێنە ناوتانەوە بە کرداری ناشرین روی گۆڕان لەکەدار بکەن، دڵنیاشبن پیرۆزیو سەرکەوتن هەر بۆ ئێوەیەو گۆڕان بەرێوەیە، گۆڕان بەرێوەیە بەرەو چاککردنی سیستەمو بەرەو عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بەرەو سەندنەوەی مافی خوراوتان، بەرەو رووسپیکردنەوەی دەسەڵاتەکانی کورد لای دۆستو دوژمنانمان.

**هەربژینو سەرکەوتووبن**
**٢٠٠٩/٧/٢**

## پەیامی نەوشیروان مستەفا دەربارەی پەروەردە:

### کاردەکەین گوزەرانی مامۆستایان بەجۆرێک باشبکەین هەموو تواناو کاتی کاری خۆی بۆ پەروەردە تەرخان بکات

بۆ ل ٣

گۆڕان التغيير CHANGE

## کۆمیتەی نەمساو سویسرای یەکێتی هاتنە پاڵ لیستی گۆڕان

بۆ ل ٣



**عادل نادر:**

## نامانەوێت سامانی کوردستان بچێتە باخەڵی حیزبەوە

بۆ ل ٤



**د. جەعفەر عەلی، کاندیدی لیستی گۆڕان:**

## یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانمان دادپەروەرییە لە دارشتنی سیستمی مووچەدا

بۆ ل ٢

# پەیامی نەوشیروان مستەفا دەربارەی پەروەردە

## خوشکو برایانی بەڕێز ئەم کاتەتان باش

بەختیار زێوەر لە چلەکاندا بالۆرەیەکی جوانی بۆ مامۆستا وتووە دەمەوێت منیش بەوە دەست پێ بکەم، دەڵێت:

«لەبیرمە وەک شتی مەعلوم
منالْ بووم عاشقی تۆ بووم
کە مامۆستام، لە ریز دانام، وتی:
«ئەی خام،
بنووسە جوان
فیدات بم خاکی کوردستان»

بەڵێ ئێمە هەموومان قەرزاری مامۆستایانین کە فێری عەشقی کوردستانیان کردووینو پلەی مامۆستا لەناو کۆمەڵدا دەبێت هەمیشە بەرز رابگیرێت. بەتایبەتی نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە کاتێک رژێمی بەعس ئیدارەی لە کوردستان کێشایەوەو مووچەی کارمەندانی بڕی، مامۆستایانی کوردستان بەوپەڕی لەخۆبردنەوە، ئامادەبوون بەبێ مووچە خزمەتی خوێندکارانی کوردستانیان کردو نەیانهێشت قوتابخانەکانی کوردستان تەحتیل بن، دەبێت هەمیشە ئەم لەخۆبردووییەی مامۆستایانی کوردستانمان لەبەرچاو بێتو بەرز بینرخێنین.

بۆ ئەوەی لە کوردستاندا بواری پەروەردە بچێتە ئاستی پێویستییەکانی کۆمەڵگەوە دەبێت گرنگییەکی تایبەتی بە کەرتی پەروەردەو سیستمی پەروەردە بدرێت. کاروباری پەروەدە لە سەردەمی ئێستادا لە لایەنی مادیو لە لایەنی پەروەردەییەوە بە هیچ جۆرێک لە ئاستی پێویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیدا نییە.

**لە رووی مادییەوە هەندێک کەموکوڕی هەیە لەوانە:**

یەکەم: کەمی بینای خوێندنگە.

لە ئەنجامی ئەوەشدا کەمی سەعاتی خوێندنو کورتی مانەوەی قوتابی لە قوتابخانەکاندا. زۆربەی خوێندنگەکان رۆژانە (٣) دەوامی تێدایە. لەبەر ئەوە قوتابی رۆژانە دوو سەعاتو نیو هەلی مانەوەو خوێندنی هەیە لە ناو قوتابخانەدا لەگەڵ مامۆستاکانی، ئەوی دیکەی دەبێت یان لە ماڵ یان لە کۆڵان بەسەر ببا.

دووەم: نزمی ئاستی گوزەرانی مامۆستا.

مووچەی مامۆستا بەشی دابینکردنی پێویستییەکانی خێزانەکانیان ناکات، بۆیە بە ناچاری لە پاڵ پیشەی مامۆستایەتیدا دەبێت خەریکی پیشەیەکی دیکەش بێت بۆ ئەوەی مەسرەفی مانگانەی خێزانەکەی دابین بکات. کە ئەمەش لە توانای مامۆستا کەمدەکاتەوە.

سێیەم: گەندەڵی ئیداری کارێکی وایکردووە هەموو پێوەرە زانستییەکانی دانانی پلە جیاوازەکانی سیستمی بەڕێوەبردنی پەروەردەی پشتگوێخستووەو دڵسۆزی بۆ حیزبو پشتیوانیو تەزکیەی حیزبیو واسیتەو مەحسوبیەت بووەتە پێوەری بڕیاردەر.

چوارەم: دەستێوەردانی حیزب لە کاروباری یەکێتی مامۆستایان بۆ بەکارهێنانی مامۆستایان لە خزمەتی حیزبدا یەکێتی مامۆستایانی لە رێکخراوێکی پیشەیی چالاکەوە، کە دیفاع لە ئامانجەکانی مامۆستایان بکات، کردووەتە دەسکەلای دیفاع لە حیزبو بەرژەوەندییەکانی تاقمێکی بچووک.

ئێمە لە لیستی گۆڕان کار دەکەین بۆ ئەوەی:

یەکەم: گوزەرانی مامۆستایان بەجۆرێک باش بکەین هەموو توانای خۆیو کاتی کاری خۆی بۆ پەروەردە تەرخان بکات.

دووەم: چارەسەرکردنی گرفتی کەمی خوێندنگە دەخەینە سەرووی پێویستییەکانو نەخشە دادەنێین بۆ ئەوەی ساڵانە بەپێی زیادبوونی پێویستییەکان بینای تازە بۆ خوێندنگەو مامۆستایان دروست بکرێت.

سێیەم: مندال لەباتی ئەوەی رۆژانە دوو سەعاتو نیو لە مەکتەب بمێنێتەوە لایەنیکەم (٧) سەعات لە مەکتەب دەوام بکات.

چوارەم: یەکێتی مامۆستایان ببێتە رێکخراوێکی پیشەیی کاراو چالاکو سەربەخۆ بۆ خزمەتی توێژی مامۆستایانو داکۆکی لە مافو خواستەکانیان.

لە رووی پەروەردەییەوە ئێمە لە لیستی گۆڕان دەبێت ئەم ئامانجانە بەدی بهێنین:

١) دروستکردنی مرۆڤێ کە باوەڕی بەخۆیو ئیرادەی خۆی هەبێ. کەسێکی ترسنۆکو شەرمنو گۆشەگیر نەبێت. بتوانێ ئازایانەو ئازادانە باسی خۆیو دنیای خۆی بکات.

٢) پەروەردەکردنی مرۆڤێک، کە دنیاو کۆمەڵگەو کۆمەڵو ناوچەی ژیانی خۆی بناسێت.

٣) پەروەردەکردنی بە زانستو زانیاری هاوچەرخو گرنگیدان بە فێربوونی زمانە زیندووەکانی دنیاو زمانە گرنگەکانی ناوچەکە.

٤) گرنگیدان بە فێربوونی کۆمپیوتەرو ئەوەی لەدنیادا پێی دەوترێت «پیشەسازی زانیاری»و فێربوونی زانستە نوێکان.

بۆیە مامۆستایان، کارمەندانی کەرتی تەندروستی، قوتابیانو خوێندکاران، کەسوکاری خوێندکاران، ئەگەر بیانەوێت چاکسازیی لەبواری پەروەردەدا بکرێت، دەبێت دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن.

بەختیار زێوەر لە چلەکاندا بالۆرەیەکی جوانی بۆ مامۆستا وتووە دەمەوێت منیش بەوە دەست پێ بکەم، دەڵێت:
«لە بیرمە وەک شتی مەعلوم
منالْ بووم عاشقی تۆ بووم
کە مامۆستام، لە ریز دانام،
وتی: «ئەی خام،
بنووسە جوان
فیدات بم خاکی کوردستان»

چارەسەرکردنی گرفتی کەمی خوێندنگە دەخەینە سەرووی پێویستییەکانو نەخشە دادەنێین بۆ ئەوەی ساڵانە بەپێی زیادبوونی پێویستییەکان بینای تازە بۆ خوێندنگەو مامۆستایان دروست بکرێت

# کۆمیتەی سویسراو نەمسای یەکێتی هاتنە پاڵ لیستی گۆڕان

لێپرسراوی کۆمیتەی سویسراو کۆمیتەی نەمساو کارگێڕو ئەندامانو کادیرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەو دوو وڵاتە پاڵپشتی خۆیان بۆلیستی گۆڕان نیشانداو بڕیاریاندا کار بۆلیستی گۆڕان بکەن.

لە بەیاننامەیەکدا کە دانەیەکیان بۆ بەرەو گۆڕان ناردووە، ئەو ئەندامانە رایدەگەیەنن: وادەی چەند ساڵێکە لوتکەی دەسەڵاتداری ناو (ی.ن.ک) بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیو سەپاندنی تاکە جەمسەرگەری هەم یەکێتیو هەم حوکمڕانیشی پاوانکراوەو بەخراپیش بەکاریهێناون، بۆ ئەم مەبەستانەش سلی نەکردووەتەوە لە پێشێلکردنی پەیڕەوو پرۆگرامی یەکێتیو پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت، ماوەی دوو ساڵیشە دەسەڵاتدارانی ناو یەکێتی بەمەبەستی کپکردنی دەنگەکانی چاکسازیی.

ناڕەزایی نێو رێکخستنەکانی دەرەوەیان تەفروتوونا کردووەو کردوویانە بە پاشکۆیەکی بێنووزەو ناوەرۆکو لەبەرامبەر ئەم پێشێلکردنو رەفتارە قێزەونانەی لوتکەی دەسەڵاتدار، کۆمیتەکەمان هەوڵێکی بێئەندازەی داوە بۆ راستکردنەوەو زیاتر ئاڵۆز نەبوونی دۆخەکە، بەڵام مەخابن نەک تەنیا گوێمان لێنەگیرا، بەڵکو تەوەری دەسەڵات زیاترو زۆر بێباکانەو بێخەمخواردنو بە رەفتاری دژ بەدیموکراسیەت کەوتوونەتە گیانی رێکخستنەکان لە کوردستانو دەرەوەی وڵاتیش.

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە: ئێمەی ئەندامانی کارگێڕو ئەنجومەنی کۆمیتەو کەرتەکانی رێکخستن لە سویسرا بڕیارماندا کە پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ لیستی گۆڕان رابگەیەنینو لە هەمانکاتیشدا پابەندی خۆمان بەکۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان- باڵی ریفۆرمەوە بەیان بکەین، لە هەمانکاتیشدا پشتگیریو دەستخۆشیش لە تەواوی ئەو لیژنانەش دەکەین کە بۆ پشتیوانی لە لیستی گۆڕان دەستبەکارن.

**ناوەکان:**

١ - رەنج تاهیر ئەفەندی، لێپرسراوی کۆمیتەی سویسرا.

٢- ئاودێر محەمەد رەحیم، کارگێڕی کۆمیتەی سویسرا.

٣- کۆرەک باڵەک، کارگێڕی پێشووی کۆمیتەی سویسرا.

٤- فەرەیدون حەسەن نوری، لێپرسراوی کەرتی بازل.

٥ - سامان عەول کەریم، لێپرسراوی کەرتی گلارۆس.

٦- فەرهاد محەمەد فەرەج، لێپرسراوی کەرتی لۆزان.

٧ - جەمال عەلی عەزیز، لێپرسراوی کەرتی شڤیتچ.

٨- سەرکار حەمید، لێپرسراوی کەرتی ئۆلتن.

٩- نیعمەت حسێن محەمەد، لێپرسراوی کەرتی ژنان.

١٠- میران ساڵح، لێپرسراوی کەرتی ئۆبڤالدن.

١١- ئومێد حەمەی حاجی کەریم بابەکلی سەرپەرشتکاری کەرتی نۆشاتێل.

١٢- فوئاد جاف، لێپرسراوی کەرتی سیۆن.

١٣- دیاری مستەفا کەریم، لێپرسراوی یەکێتی ژنان.

١٤- دلێر کافرۆش، کارگێڕی کەرتی بێرن.

١٥- حاجی عومەر حاجی، کارگێڕی کەرتی زێورخ.

١٦- ئامانج تاهر ئەفەندی، کارگێڕی کەرتی زیورخ.

١٧- وەزیر مستەفا محەمەد ئەمین، کارگێڕی کەرتی زیورخ.

١٨- نەجات شێخەاللە، کارگێڕی کەرتی لۆچێرن.

١٩- فەرهەنگ عەبدوڵڵا، کارگێڕی کەرتی لۆچێرن.

٢٠- نەوزاد عبداللە، کارگێڕی کەرتی ئۆبڤالدن.

هەروەها چەندین بەرپرسی کەرتو کارگێڕو کەرتی دیکەو ئەندام کەرتی دیکە پشتیوانی تەواوی خۆیان بۆ دووپاتکردینەوە کە لە داهاتوویەکی نزیک ئەوانیش ئامادەن کە ناویان بڵاو بکەینەوە، وە زیاتر لە (٢٥٠) ئەندامو دەیان لایەنگرو کادیری دابڕاوو دڵسۆزانی گەلەکەمانو پێشمەرگە دێرینەکانو زیندانییە سیاسییەکانو کەمئەندامانی دیکە ئامادەیی خۆیان نیشاندا کە ناویان بڵاوبکەینەوە کە لە داهاتوودا ئێمەش بەڵێنمان پێیاندا کەبەچەند لیستێک لە چەند کاتێکی جیاواز ناوەکانیان رادەگەیەنین لە سایتەکانو لەهەمانکاتدا تەواوی هەڤاڵەکانی دیکەش ئاگاداردەکەینەوە ئەوەی دەیەوێت پەیوەندی بکات دەتوانێت راستەوخۆ پەیوەندی بەم بەڕێزانەوە بکات کە لە لیستەکەی سەرەوە ناویان هاتووە، هەموو لایەکیش ئاگاداردەکەینەوە کە لە چەند رۆژی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی فراوانی تەواوی کادیرانو ئەندامانو دۆستو لایەنگرانمان ئەنجامدەدەین لەتەواوی سویسرا.

هەروەها لە بەیاننامەیەکەی کۆمیتەی نەمسا، ئاماژە بەوە کراوە: دوای ئەوەی لەکۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی رێکخستنی (ی.ن.ک) لە نەمسا کە لە رێکەوتی (٢٠٠٩/٥/٣١) بەڕێوەچوو تیایدا دەربارەی بەزۆرسەپاندنی دەستووری هەرێمو فەرامۆشکردنی دڵسۆزانی (ی.ن.ک)و نانبڕینیانو تەنانەت نەمانی بوار بۆ هەناسەی حیزبیش لەنێوان هەڤاڵاندا ئاڵوگۆڕی راوبۆچوون کرا، هەروەها سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵی ناو ئۆرگانەکانی (ی.ن.ک) حکومەتو دامودەزگا ئیدارییەکانی هەرێم گفتوگۆی تێروتەسەل کرا. دەرئەنجام بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان بڕیاردرا بە راگرتنی سەرجەم کارو چالاکییەکانو لە راپۆرتێکدا هۆکارەکانی ئەو خۆسڕکردنە راشکاوانە بۆ مەکتەبی رێکخستن بەرزکرایەوە، دواتر لە رێکەوتی (٢٠٠٩/٦/٢٩) لەلایەن مەکتەب رێکخستنەوە ئەو راپۆرتە رەخنە ئامێزە وەڵام درایەوە. وەڵامێک کە لەلایەن ئێمەوە بە وەڵامێکی کرچوکاڵو خۆدزینەوە لە راستییەکانو بە هەڵپەسێردراوی هێشتنەوەی گرفتو کێشەکان دەزانرێت، هەربۆیە بەم نووسراوە بەشێکی زۆر لە ئەندامانو کارگێڕانی کۆمیتەو کەرتو پۆلەکان بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەو لەمەودوا راستەوخۆ پشتیوانی لە لیستی گۆڕان بۆ گشت لایەک رادەگەیەنن.

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە: ئێمە گەیشتووینەتە سەر ئەو باوەڕەی پرۆسەی چاکسازییو نوێبوونەوەو پرەنسیپی رەخنەگرتنو بەدواداچوونی گەندەڵییەکانو چارەسەرکردنیان لەناو هەناوی (ی.ن.ک)دا رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو لاوازترو نەمان دەڕوات. ئەم گرفتە بنەڕەتیانەن کە دوای چاوەڕوانیەکی زۆر هانمان دەدات کە تەنیا گۆڕانو دژایەتی (گەندەڵیو تاکڕەویو پاوانخوازی) لە دەرەوەی حیزب ببینین، بۆ ئەو ئامانجانەش بە خوێنی شەهیدە سەربەرزەکان سوێند دەخۆین، خۆنەویستانە، دڵسۆزانە، بێباک لە هەموو جۆرە سزایەک شێلگیرانە خەبات بکەین لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی گۆڕانو گەشەدان بە ژیانی دیموکراسیو مەدەنیەت.

**تێبینی/ ناوی کادیرانی کۆمیتەی نەمسا کە دەستیان لەکارکێشاوەتەوە لە سایتی (سبەی)دا بڵاوکراوەتەوە.**

## د. جەعفەر عەلی، کاندیدی لیستی گۆڕان لە قەزای رانیە:

# یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانمان دادپەروەرییە لە داڕشتنی سیستمی مووچەدا

سازدانی: دلێر عەبدولخالق

لە چاوپێکەوتنێکی بەرەو گۆڕاندا، د.جەعفەر عەلی رەسوڵ کاندیدی لیستی گۆڕان لەسنووری رانیە، ئاماژە بە کارنامەو ئەجێندای کارکردنی لیستەکەی دەکاتو کارکردن بۆ پاراستنی دەستکەوتە گشتییەکانو لە چوارچێوەیدا هێنانەدی خواستو داواکارییەکانی دانیشتووانی ناوچە جیاجیاکان بە گرنگ وەسفدەکات.

**وەک یەکێک لە کاندیداکانی لیستی گۆڕان،کە پێشتر راگری کۆلێژێک بوویتو بەو هۆیەوە لە کارەکەت دوور خراویتەوە، بابزانین هۆکاری ئامادەبوونت لەو لیستە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

هەڵبژاردنی ئەو لیستەو خۆکاندیدکردنمان هەرگیز بۆ مەبەستێکی شەخسیو تایبەتی ناگەڕێتەوە، بەڵکو لە قەناعەتێکی فکرییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بە درێژایی ئەو چەند ساڵە ئەو هێزە سیاسیانەی لە هەرێمدا باڵادەست بوونو ئیدارەو سیاسەتیان کردووە، هاوکاتیش هەموو پایەو روکنەکانی دەسەڵاتیان بۆ خۆیان قۆرغکردووە، نەیانتوانیوە لەئاست خواستو ویستو داواکاریو بەڵێنەکانیاندا بن بەرامبەر خەڵک، لێرەوە درزو بۆشاییەکی گەورە لەنێوان کۆمەڵانی خەڵکو دەسەڵات دروستبووە، کە ئێمەش بەشێک بووین لەو شەپۆلە نارەزاییەی خەڵک بەرامبەر دەسەڵات، واتە ئەم یاخیبوونە لەناخی ئێمەشدا پەنگیخواردووەتەوەو بەدوای دەرفەتو هێزێکدا گەڕاوین کە بتوانێت گوزارشت لەو نارەزاییە بکات, خۆشبەختانە ئەو نارەزاییە لە رووی تیۆرییەوە لە سەرەتای راپەڕینەوە دەستپێکردووە، چ لە رێگەی گۆڤاری ئازادیو برادەرانی رەهەند چ لە رێگەی رۆژنامە ئەهلییەکان دارێژراوە، کە ئێستا خەریکە لە چوارچێوەیەکدا دەبێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیو ئەو بزووتنەوەیەش خەریکە تەرجومە دەبێت بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی، بێگومانیش ئەوەی سەرکردایەتی ئەو رەوتە دەکاتو دەیەوێت لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بیگۆڕێت بۆ هێزێکی سیاسی «لیستی گۆڕان»ە.

**ئەگەر توانیتان ببنە هێزیکی کارای پەرلەمانی (چ دەسەڵاتدار یان ئۆپۆزسیۆن) پێتوایە ئەو پەرلەمانە دەتوانێت بە ئەرکە سەرەکیەکانی خۆی هەستێتو لە ئاست خواستو ویستی جەماوەردا بێت؟ بەدیویێکی دیکەدا ئێوە بەچ میکانیزمێک دەتانەوێت ئەو کێشانەی خەڵک گوزارشتی لێدەکات، بە پلەبەندی چارەسەی بکەن؟**

ئەگەر خەڵکی کوردستان متمانەی بەلیستی گۆڕان بەخشیو توانیمان ژمارەیەکی زۆر کورسیمان هەبێتو ئەوا لەبەرامبەردا پێویستە خەڵک بە تەنیا ئێمە نەباتە پەرلەمانو دەسەڵات، بەڵکو چەند دەنگ دەدات بۆ ئەوەی لیستێک بباتە ناو پەرلەمانەوە بەهەمان شێوە لەچاودێریکردن غائیب نەبێتو چاودێری رەوتی کاروچالاکی ئەندامانی پەرلەمان ببێت، بەرنامەی لیستەکەی ئێمەش بەرنامەیەکی جدییە لە ئاست هەموو کێشەکان، ئەرکە نیشتمانیو نەتەوییەکان، سامانی گشتی وڵات، کێشە هەنووکەییەکانی ناو خەڵک، پەیوەندییەکانی هەرێمو بەغدا، هەرێمو دەوڵەتانی دیکە، هاوکێشەو هێزێکی کورد لەسەر ئاستی ناوچەییدا. کردنەوەی ئۆفیسەکانی گۆڕانیش لە ناوچەکانی کوردستانداو لەو شوێنانەی کاندیدی تێدا هەیە، ئامانجی کۆکردنەوەی کێشەو ئازارەکان، حەزو خولیاکانی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بگەیەنرێتە هۆڵی پەرلەمانو شەڕێکی قانونیو یاساییو دەستووری لەسەر بکرێت، لێرەوەش رایدەگەیەنین ئەگەر ئەندامانی لیستی گۆڕان لەوئاستەدا نەبوون پێویستە یان متمانەیان لێ بسەنرێتەوە یان ناچار بکرێن لە ئاستی خزمەتی پەرلەمانو خەڵکدا بنو دەسکەوتە گشتییەکان بپارێزنو پانتایی ئازادیی فراوانتر بکات، نەک بەدوای دەستکەوتە تایبەتییەکان بکەوێت.

**کەواتە تاچەند ئومێدت بە دروستبوونی پەرلەمانێکی کارای پڕ جموجوڵ هەیە، کە نوێنەرایەتی خەڵک بکاتو لەبەرژەوەندییە تایبەتییەکانی حیزب دوور بکەوێتەوە؟**

لە دوای راپەڕینەوە پەرلەمانی کوردستان ئەو پەرلەمانە ئەکتیڤە نەبووە، کە خەڵک چاوەڕێی دەکات، لە ئاست ئومێدی زۆربەی خەڵکی کوردستانیش نەبووە، ئەوەی هەبووە زیاتر لە پەیکەرێکی مردوو چووە، هەرگیز نەیتوانیوە ببێتە پەرلەمانی خەڵک، بەڵکو پەرلەمانێک بووە نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆیشی بپارێزێت، نەیتوانیوە لە ئاست کێشە نیشتمانیو نەتەوەییەکان دەنگێکی دلێرو بەجورئەت بێت، پەرلەمانێک بووە تاسەر ئێسک تەسلیمی بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی پارتیو یەکێتی بووە. بەڵام ئێستا ئومێدمان لەسەر ئەوە هەڵچنیوە ئەو دەنگە نارەزاییەی هەیە بەجۆرێک خۆی بگونجێنێت لەواقیعی کوردستاندا، کە بتوانێت گۆڕان لە شێوازی کارکردنی پەرلەمان بکاتو بەهاکانی پەرلەمان بگێڕێتەوە، پەرلەمان وا لێبکات سەربەخۆ کار بکاتو بەشێوەیەکی ئاساییو دەستووری مامەڵە بکات. ئومێدی گەورەشمان ئەو بنکە جەماوەرییە گەورەی خەڵکی کوردستانە، کە لە دەوری لیستی گۆڕان کۆبوونەتەوە، ئەوەش مژدە بەخشە بەوەی خەڵک خۆی دەیەوێت پەرلەمانێک دروست بکات کە لەخەمی کێشەکانیدا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەڵگری پەیامی بەهەشتی نین، بەڵام دەمانەوێت کەمێک لەو وێنە دۆزەخیانە کەم بکەینەوە کە ئەمرۆ لە وڵاتی ئێمەدا بوونی هەیە. داهاتووش وەڵامی ئەوە دەداتەوە کە ئێمە دەتوانین ئەو بنکە جەماوەرییە فراوانتر بکەینو لەناو جەماوەری خۆشمانەوە، ئیش بۆ تەواوی خواستو داواکارییەکانی ئەو جەماوەرە بکەین.

**زۆربەی ئاماژەکان بەو ئاقارەن، کە ئەگەر لیستی گۆڕان زۆرینەش نەبێت، ئۆپۆزسیۆنێکی کارای پەرلەمان دەبێت، بابزانین بەرنامەی کارکردنی ئێوەو ئەوەی جیاتان دەکاتەوە لە لیستەکانی دیکە چییە؟**

وەکو یەکێک لە کاندیداکانی لیستی گۆڕان قسە دەکەم، ئەجێندای لیستەکەو ئەوەی ئێمە خوێندومانەتەوە لە پەیامو ئامانجی لیستەکەدا، کارنامەیەکی جیاواز لە کارنامەی لیستەکانی دیکە، هەر سەرەتا ئێمە نەچووین لەناو بەرنامەی خۆمان جێگە بۆ ئەوە بکەینەوە ئیمتیازە کۆنەکانی پێشتر دراوە بە پەرلەمانو پەرلەمانتارو وەزیرو کاربەدەستانی میری هەبووە بیپارێزین، بەڵکو هەوڵدەدەین کەمی بکەینەوە، هەوڵدەدەین جۆرێک لە دادپەروەری لە داڕشتنی سیستمی مووچە لە هەرێمدا بێتەدی، هەوڵ دەدەین مووچەی کارگوزارو فەرمانبەر (چینە نزمەکان) زیاد بکرێت کە بە بەراورد بە چینە بەرزەکان زۆر کەمە، هاوکات هەوڵ دەدەین سامانی نیشتمانی لەسەر بنچینەی پێشینەی شۆڕشگێڕیو پاوانکاری سەروەرییەکانی رابردوو دابەش نەکرێت بەسەر چینو توێژو هێزە سیاسییەکانی هەرێمدا، بەڵکو بەپێی یاساو دەستوور سیستمی ژیانی سیاسیو حیزبی رێکبخاتو بودجەی حیزبە سیاسییەکان بەپێی کورسییەکانی پەرلەمان دیاریکراو بێت، سەرەڕای کۆمەڵی ئامانجی دیکەی نیشتمانیو ئابووریو هونەریو کارکردن بۆ هێنانەدی خواستەکانی چینو توێژەکانی دیکە، بەڵام ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەکتیڤکردنی پەرلەمان، بەمانایەکی دیکە پەرلەمان دەسەڵاتی هەبێت چاودێرییەکی توندی سەرجەم دامودەزگانی حکومەت بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە تاوەکو سەرۆکی حکومەتو وەزیر، لەو ئاستەشدا بێت جورئەتی لێپرسینەوەی هەبێت، ناکرێت لە هۆڵی پەرلەمان وەزیر وتار بداتو ئەندام پەرلەمان بەچەپلە بەرێی بکەن.

> **هەوڵدەدەین سامانی نیشتمانی لەسەر بنچینەی پێشینەی شۆڕشگێڕیی و پاوانکاریی سەروەرییەکانی رابردوو دابەش نەکرێت**

**لەگەڵ ئاماژەکردن بە سلبیەتی پەرلەمانو دەسەڵات لە کوردستان، پێتوایە خواستی خەڵکو هۆشیاری تاک گەیشتووەتە ئەو رادەیەی گۆڕانو چاکسازی لەو دەسەڵاتانەدا بکرێت؟**

هۆشیاری تاک لە کۆمەڵگەی ئێمە وەکو هەر کەنالیکی دیکەی ژیانی ئێمە لەلایەن هێزە سیاسییەکانی ئێمە شێوێندراوە، لەجیاتی ئەوەی دەسەڵاتی ئێمە کار بکات ئەو هۆشیارییە شێوێندراوەی دەسەڵاتی بەعس کاری لەسەر کردووە بیهێننەوە سەر سروشتی خۆی ئەوانیش بەشێوازی تایبەتی خۆیان کە بریتی بووە لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەواو حیزبی نەک کۆمەڵگەیەک لەسەر بنچنەی هاوڵاتیبوونو مافو ئەرکی یەکسان دابمەزرێت، بەڵکو هێندەی تر کاریان لە پرۆسەی وێرانکردنی عەقڵو هۆشیاری تاکەکان کرد، ئەوان ئینسانێکیان دەوێت هەمیشە ملکەچو یەک وشە بزانێت ئەویش «بەڵێیە». ئەوەی لەو دۆخەش بەرپرسیارە خودی ئەو پەروەردە نادیموکراسیو ناتەندروستەیە کە هێزە سیاسییەکانی ئێمە چ بۆ کادیری خۆیان چ بۆ خەڵک بەگشتی پەخشیان کردووە، بێگومان ئێستا ئەو حاڵەتە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە دەنگە نارازییو کپکراوەکان کە لەناو خەڵکدا هەبوون، هەمیشە بەدوای دەرفەتێکدا گەڕاون، کە ئێستاش لە رووی تیورییەوە ئەو نارەزاییەی چوارچێوی بۆ دانراوەو لە کرداریشدا هێزێک هەیە پێشڕەوایەتی دەکات، وەک قەوارەیەکی سیاسی کەواتە ئەو لیستە دەبێتە پێشەنگ بۆ ئەوەی جورئەت بەبەر ئەو دەنگانەدا بێنێتەوەو هۆشیاریان بکاتەوە.

**پەرلەمان بە پەلە پڕوزێ دەستووری پەسەند کردوو بڕیارە لە هەڵبژاردندا بخرێتە راپرسیەوە، دوای پەسەند کردنی ئەو دەستوورە، پێتوایە پەرلەمان دەتوانێت ئەو گۆڕانە گەورەیە بکات، کە تۆ ئاماژەت پێکرد؟**

لەو دەستوورەداو لەو مادانەی بۆ دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم دیاریکراوە، هەستدەکەم پەرلەمان بێحورمەت دەکرێتو دەسەڵاتی نامێنێت، کەواتە شەڕی یەکێتیو پارتیش بۆ بێحورمەتکردنی پەرلەمانە، چونکە دەزانن دوای هەڵبژاردنەکان باڵانسی هێزی پەرلەمانیان کەم دەبێتەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو گومانیان هەیە لەوەی بتوانن دەنگی یەکەمیش بەدەست بهێنن، لێرەوە بەر لە راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەیانەوێت بەجۆرێکی دیکە دەسەڵاتەکانی خۆیان زیندوو بکەنەوە، بەڵام لە شکڵو فۆرمی جیاوازو شێوازی دیکەدا ئەویش سەرۆکایەتی هەرێمە. کاتێکیش هەموو دەسەڵاتەکان لە سەرۆکایەتی هەرێمدا کورت بکرێتەوە، پەرلەمان دەسەڵاتو ئیعتیباری نامێنیت، چونکە بەپێی دەستوورەکە سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە پەرلەمان پەکبخاتو هەڵیبوەشێنیتەوە، یاساکان بگۆڕێت، حاڵەتی لەناکاو رابگەیێنێت، بۆی هەیە تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە. کێ زەمانەتی ئەوە دەکات ئەو هەموو هێزە بەسەرۆکێک ببەخشێتو دیکتاتۆر دەرنەچێت!؟ لە کاتێکدا کە پێشتر نەیتوانیبێت لە ماوەی (١٨) ساڵدا، دەسەڵاتێکی دیموکراسی هەبوو بێت.

**دوای راپرسی لەسەر دەستوور ئەگەر لە راپرسیدا رێژەی یاسایی (بەڵێ) وەرگرت، ئەوکات ئەرکی پەرلەمانی داهاتوو چی دەبێت؟**

دەبێت پەرلەمان کارابێتو ئەندامەکان شەڕ بکەن لەسەر ئەوەی ئەو مادە دەستووریانە هەموار بکرێتەوەو جارێکیتر سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بۆ بکرێت، میللەت هانبدەن، لە ئێستاوە دەنگ لەسەر دەستوور نەدەن، چونکە پەیوەندی بە چارەنووسو کەرامەتی نیشتمانی میللەتێکەوە هەیەو دەبێتە یاسای بنەڕەتی ئەم هەرێمەو بەپێی ئەو دەستوورە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئازادییەکان دەکرێت.

**لەناو لیستی گۆڕاندا، نوێنەرو نومایندەی خەڵکی رانیەی دەروازەی راپەڕینیت، ئەو شارەش جگە لە سەروەرییەکانی خەڵکەکەی، ئێستا شەپۆلیکی گەورەی نارەزایی دژی کەمی خزمەتگوزاریو نایەکسانی لە چۆنیەتی خزمەتکردنی ئەم شارەی بەخۆیەوە بینیوە، با بزاین بەرنامەت چییە بۆ ئەو سنوورە؟**

بەشێوەیەکی گشتیو بەر لە هەر شتێک ئێمە نوێنەری نیشتمانو نەتەوەیی خۆمانین، شەڕکردن لەسەر دەستکەوتە گشتییەکان چوارچێوە گشتییەکەی ئیشکردنی ئێمەیە، لە دوای ئەوە نوێنەری ناوچەکانی خۆمانین، کاتێک توانیمان لە ئاستی ناشەفابووندا بێدەنگ نەبین، لە دابەشکردنی سەروەتو سامانی ئەم وڵاتە بێ بەرنامەو لەسەر بنچینەی حیزبی بێدەنگ نەبین، لە نایەکسانی لە خزمەتکردنی ناوچە جیاجیاکاندا بێدەنگ نەبین، ئەوکاتە ئەو بێدەنگ نەبوونە بەدەستکەوتی خەڵکی ناوچەکەی ئێمەو هەموو کوردستانیش تەواو دەبێت، واتە باشکردنی سیستمو هەیکەلی ئیداریو سیاسی هەرێم لە بەرژەوەندی ناوچەکەی ئێمەشە، کردنەوەی ئۆفیسی ناوچەکانیش بۆ ئامادەبوونی کاندیدی لیستی گۆڕانە لەناو خەڵکی ناوچەکانی خۆیان.

هەرگیز لەگەڵ ئەوەنیم ئەندام پەرلەمان لەسەر حیسابی ناوچەیەک هەڵبژێردرێت، بەڵام دواجار ماڵەکەی بەکۆڵی خۆی داداتو بچێت لە هەولێری پایەتەخت پاڵبداتەوە، بەڵکو دەبێت لەناو خەڵکی خۆیدا بێتو ئاگاداری ئێشو ئازارەکانی ناوچەکەی خۆی بێت. لێرەوەش بەڵێن دەدەم بەجدی بەرگری لە خواستەکانی خەڵکی ئەو سنوورە بکەم، کە دانیشتووانەکەی خەڵکێکی ماندوو و پڕ قوربانین. بەرپرسین لەوەی جیاکاری نەهێڵین لەوەی شارێک خزمەتی زۆری بۆ بکرێتو شارێکی دیکە فەرامۆش بکرێت، ئەندام پەرلەمان بەرپرسە لە گەیاندنی داتاو زانیاری بۆ گرنگترین پرۆژەکانی ناوچەکەیو باشکردنی پرۆژە خراپەکانو گەیاندنی هەموو خزمەتگوزارییەکان بە گوندە دوورە دەستەکانیش بۆ ئەوەی لە رووناکیو ئاوی خواردنەوەو خزمەتگوزاریی تەندروستیو پەروەردەو رێگاوبانو هاتوچۆ بێبەش نەبن.



**پرۆفایل**

- **لە ساڵی (١٩٦٥) لەدایکبووە**
- **١٩٩٨ کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواوکردووە**
- **٢٠٠٣ ماستەری لە ناسۆنالیزمی کوردی وەرگرتووە**
- **٢٠٠٤ وەک راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی کۆیە لەرانیە دەستبەکار بووە**
- **٢٠٠٧ دکتۆرای لە بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە، بەدەستیهێناوە.**

# دهۆکییەکان ئومێدی گەورەیان بە لیستی گۆڕانە

ئا: نیوارێ باشووری– دهۆک



**شوکری محەمەد عەبدولعەزیز–هاوڵاتی**

من دەمەوێت دەنگ بە لیستی گۆڕان ژمارە ٥٧ بدەم، چونکە لە بەرژەوەندیی خەڵکدایەو گۆڕانێکی تایبەت دەخاتە ناو کوردستانو دەخوازم لە هەر گەنجێک کە مافی دەنگدانی هەیە، دەنگ بە لیستی گۆڕان بدات.

**ڕێباز عەبدولکەریم– بەکالۆریۆس– مێژوو**

بوچوونی من بۆ کاودانەکانی ئەمرۆی کوردستان ئەوەیە کە پێویستە گۆڕان هەبێت لە بواری سیاسی، ئابووری، جڤاکی، دادپەروەری، لە سەر ئاستی پەرلەمانو بوارەکانی دیکەی ژیانیش. هەر لەبەرئەوەی گۆڕان خاوەن بەرنامەو پەیامێکی نوێیەو داتوانێت خواستەکانمان جێبەجێبکات، دەنگ بە لیستی گۆڕان ژمارە ٥٧ دەدەم.



**دلوڤان ڕەمەزان ئیسماعیل– گەنجێک لە ئامێدی**



من دەمەوێت دەنگی خۆم بە لیستی گۆڕان ژمارە ٥٧ بدەم بۆ پەرلەمانی کوردستان، چونکە خاوەن بەرنامەیەکی سەرکەوتووەو دەتوانێت خواستەکانی گەنج جێبەجێبکات لە هەر شوێنێک بێت، داواکارم لەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە دەنگ بەم لیستە بدەن.

**شڤان فەوزی ژیان– شوفێری تەکسیی (قەدش)**

دەنگی خۆم بە لیستی گۆڕان دەدەم، چونکە من دەمەوێت گۆڕینو سەقامگیری لە ناوچەکە پەیدابێتو دەبینم تەنیا لە توانای لیستی گۆڕاندایە ئەو شتە بکات، چونکە لە ١٨ ساڵی رابردوودا چ شتێکی ئەوانمان نەبینی لە حکومەت. دیسان دەتوانێت گەندەڵی بنبڕبکاتو شەفافییەت بخاتە ناو هەمووهەموو کایەکانی ژیان، چونکە خاوەن پەیامو بەرنامەی خۆیەتی.



**سەعدوڵڵا عەلی عەبدولڕەحمان– هاوڵاتی**



لیستی گۆڕان دژی گەندەڵییەو ئەو هاوڕێیانەی کە نوێنەرایەتیمان دەکەن، ژیرانە کاردەکەنو کەسانێکن بە شێوەیەکن کە دەتوانین متمانەیان پێبکەینو دەتوانن دادپەروەری دابینبکەنو دژی گەندەڵی بوەستنەوەو کار بۆ کوردستان بکەن، لە کوردستان مامەڵە لەگەڵ هەموو کەس وەک مرۆڤ بکرێتو کار بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ بکرێت.

# لیستی کوردستانی بەردەوامە لەسەر پێشێلکاریی هەڵبژاردن




قەرەنگخانەی قەلادزێ لە 6/28



مەفرەزەی پۆلیسی هاتوچۆی شارۆچکەی ژاراوە







گرێدەرێکی شارەوانی پیرەمەگرون لەو شارۆچکەیە جێگە بۆ بنکەی لیستی کوردستانی ئامادە دەکات

فۆتۆ: فاخیر تەلانی

## عادل نادر، ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی:

# نامانەوێت سامانی کوردستان بچێتە باخەڵی حیزبەوەو کوردستانیش هەر بە کەلاوەیی بمێنێتەوە

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

ئەندامێکی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی کە (٣٢) ساڵە لەنێو حیزبەکەیدا خەباتدەکاتو خاوەنی چەند شەهیدێکە، ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵاتدارانی یەکێتی دەکات، بەبێ حسابکردن بۆ ئەو خەباتە ناچاریانکردووە کە ریزەکانی حیزبەکەی بەجێبهێڵێتو دەڵێت: «ئێمە لە لیستی گۆڕان نامانەوێت سامانی کوردستان بچێتە باخەڵی حیزبەوەو کوردستانیش هەر بەکەلاوەیی بمێنێتەوە».

**بەرەوگۆڕان: تۆ کە خاوەنی شەش شەهیدی لەخێزانو بنەماڵەکەتان، کاردانەوەی یەکێتی لەبەرامبەر هەڵوێستی جیاوازی تۆ چی بووە؟**

* با من بەپرسیارێک وەڵامت بدەمەوە، ئەی یەکێتی هیچ کاردانەوەیەکی ڕەوای هەبووە لەبەرامبەر ئەو هەموو شەهیدانە، ئەو هەموو ئەنفالانە، زیندانییە سیاسییەکان، هەتا لەبەرامبەر کەسێکی زیندووی وەک من هەیانبێت. بێگومان یەکێتی بۆ بەشی هەرەزۆری خەڵک کاردانەوەی باشی نەبوە، ئەگەر لەبەرپرسەکان نزیک نەبوبێتو لەکوتلەی دەسەڵاتدارانی بەهێزی ناو یەکێتی نەبووبێت حیسابی بۆ نەکراوە، بۆیە لەناو یەکێتیدا شەهید حیسابی بۆ نەکراوە، کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکانمان، کەسوکاری ئەنفالەکانمان زیندانییە سیاسییەکانو بەگشتی قوربانییەکانی کوردستان حیسابیان بۆنەکراوە. ئەوەی لە بەرپرسە باڵادەستەکانی یەکێتی نزیک بێت ئەگەر کۆنەبەعسیش بووبێت حیسابی باشی بۆکراوە، نەک کەسوکاری شەهید، بۆیە منیش هەروەک کەسوکاری ئەو شەهیدانەی دیکە یەکێتی باش مامەڵەی لەگەڵمدا نەکردوە.

**پەرەوگۆڕان: بەڕای ئێوە، بۆچی یەکێتی قبولی ئەم بیروڕا جیاوازەی ئێوە ناکات؟ هۆکاری ئەم بڕیارانە سەرکردایەتی یەکێتییە، یان جەماوەرەکەیەتی؟**

* هۆکاری قبوڵنەکردنی بیروڕای جیاواز لەناو یەکێتیدا بڕیاری سەرکردایەتییە، نەک جەماوەرەکەی، بەپێچەوانەوە جەماوەر خوازیارە کە هەموومان یەکبگرینو بەبێ کێشە وڵاتەکەمان بەرەو پێشەوەبەرین، بەڵام دەسەڵاتی تاکڕەو دەسەڵاتی گەندەڵ ناتوانێت وڵات بەرەوپێشەوەببات. یەکێتی بەهۆی تاکڕەوی دەسەڵاتەوە شکستیهێناوە، سەرکردایەتیی یەکێتی دەستیان لە ژیانی پڕ لەخۆشیو دەوڵەمەندی گیربووەو لایانوایە ئەگەر چاکسازیی بکەین، ئەوا بەشێک لەسامانەکانیان لەدەستدەدەن.

ئێمە بڕوامانوایە کە دەبێت دەسەڵات دەسەڵاتی گەل بێتو سامانی کوردستانیش هی هەموان بێت، چونکە سامانی کوردستان زۆرەو بەشی ئەوە دەکات، کە ژیانێکی باش بۆ هەموو گەلی کورد دابینبکات، بەڵام ئەوان نایانەوێت یەکسانیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا بێتەدی، ئێمە دەمانەوێت وڵاتەکەمان بدەینە دەست گەنجەکانمان، بەڵام بۆخۆمان هاوکارییان بکەین، ئەوان نایانەوێت جێگەی خۆیان بۆ گەنجەکانی وڵاتەکەمان چۆڵبکەن، سەرکردایەتیی یەکێتی بۆچوونی ئێمەو بیروڕای جیاوازی قبوڵ نییە، چونکە دەیانەوێت پاوانی دەسەڵاتو سامانی کوردستان بکەن، ئێمەش دەمانەوێت وڵاتەکەمان لە نەهامەتی بپارێزینو بەتوانای گەنجەکانمان دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینە لەم نیشتمانە بچەسپێنین. دەمەوێت ئەو ڕاستییەش بڵێم کە لەناو سەرکردایەتیی یەکێتیدا (١٥) ساڵە پۆستەکان ئاڵوگۆڕیان پێ نەکراوە. یەکێتی (٨)ساڵە کۆنگرەی نەبەستووە، بابپرسین بۆ لەکاتێکدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەر دوو ساڵ جارێک دەبێت کۆنگرە ببەستێت، بۆ کۆنگرە نەبەستراوە.

**بەرەوگۆڕان: مێژوی خەباتی ئێوە لەناو یەکێتیدا چۆن بووە؟**

من لە (١٩٧٧)ەوە پەیوەندیم بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو دوای ئەوەی کە بڕیاری گرتنم لەلایەن ڕژێمەوە بۆ دەرچوو، لەساڵی (١٩٨٢) بووم بەپێشمەرگە، لەناو پێشمەرگایەتیدا وەک کادیرێکی یەکێتی چەندین پلەی جیاوازم هەبووە. لە ڕۆژە ڕەشەکانی ئەنفالدا لەکوردستان پارتیزان بووم، لە کۆڕەویشدا لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی کوردستانم بەجێنەهێشتو لەناوچەی چەمچەماڵ خەباتی پارتیزانیم درێژەپێدا، لە ساڵی (٢٠٠٢)ەوە جێگری مەڵبەندی کەرکوک بوومو لەساڵی (٢٠٠٥) پلەی ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنم پێدرا. لەژیانی پێشمەرگایەتیمدا سێجار بریندار بووم، دوو برام لەپێشمەرگایەتیدا شەهیدبوون، یەکێکیان لەساڵی (١٩٨٣)و براکەی ترم بەدەستی تەحسین شاوەیس شەهید بوو، دایکیشم لەزینداندا شەهید بوو، دوو برازام لەپێشمەرگایەتیدا شەهیدبوون، دوو براشم حوکمی ئیعدامیان بۆ دەرچوو لەزیندانەکانی ڕژێمی لەناوچوو، جگە لەوەش برایەکی ترم لەپێشمەرگایەتیدا کەم ئەندام بوو، سێ منداڵیشم بەر ئەنفال کەوتن، لەدوای ئەم هەموو خەباتو قوربانییەی کەوا بەم نیشتیمانەم بەخشیوە، سەرکردایەتیی یەکێتی شەرمینەکردو مووچەکەی بڕیم، بڕوا بکە ئەو هەموو قوربانییەی کە بۆ یەکێتیم داوە، ئەگەر بۆ شتێکی دیکەم بدایە، لانیکەم تۆزێک حورمەتی لێدەگرتم، بەڵام ئەو بەڕێزانە بەقەد خاوەن تەکییەکیش وەفایان نییە، ئەی جەماوەر دەبێت چۆن بڕوا بە بەڵێنەکانی ئەوان بکات.

**بەرەوگۆڕان: ئێوە بۆچی بڕیارتانداوە هەڵوێستی جیاوازتان هەبێت؟**

* ڕۆژانە سەدان کەس لەدامودەزگاکاندا ڕەزیلدەکرێنو بەبێ واستەو بەقوربانو بەسەدقە نەبێت کارەکانیان بۆ ڕایی ناکرێت، من دەمەوێت وڵاتێکم هەبێت شانازی پێوەبکەم، من بڕیارمداوە سەرلەنوێ خەبات بکەم، بۆئەوەی هەم من شانازی بەخەباتەکەمەوە بکەم، هەم ئاواتی شەهیدەکانمان بهێنینەدیو هەمیش کەسایەتی تاکی کورد دروست بکەینەوە کە لەسایەی دەسەڵاتی خۆماڵیدا تیکوپێک شکاوە، ئێمە دەمانەوێت هەموو ئەو دیاردانەی کە گەندەڵییان دروستکردوەو دروستدەکەن لەناوبچن، ئێمە دەمانەوێت لەکوردستان موئەسەسات دروست ببێتو حیزب لەحکومەت جیابکەینەوە. نامانەوێت سامانی کوردستان بچێتەباخەڵی حیزبەوەو کوردستانیش هەر بەکەلاوەیی بمێنێتەوە، هەڵوێستی من پەیوەندی بەخواستی شەهیدەکانمەوە هەیە، پەیوەندیی بەبارودۆخی سیاسیو ئیداریی کوردستانەوە هەیە کە دوورە لەخواستی ئەو شەهیدانەی کە لە پێناو ئازادیی کوردستانو یەکسانی گەلی کورددا گیانی خۆیان بەخشی، کورد قوربانییەکی زۆری داوە تا ئەم دەسکەوتانەمان بەدەستهێناوە، پێشمەرگە لەسەر نانوبەرگی جوتیارو گوندنشینە هەژارەکانی کوردستان دەژیا، هەر جوتیارو گوندنشینەکانیش بوون ئەنفالکرانو سەروەتو سامانیان تاڵانکرا، بەڵام ئەمڕۆ دەسەڵات ئاوڕێکی لەو گوندانە نەداوەتەوە، دەسەڵاتی خۆماڵی بەخراپی ئیدارەی کوردستان بەڕێوەدەبات، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەدەسەڵاتدارانی کوردستان لەبەر گیرفانی خۆیان ئاگایان لە میللەت نەماوە، ئەمەش مەترسییەکی جیدییە لەسەر ئەزموونەکەمان، ئێمە دەمێکە داوای چاکسازیو بنبڕکردنی گەندەڵی دەکەین، بەهۆی گەندەڵییەوە کورد لەبەغدا پایەی لاواز بوە، بەهۆی گەندەڵییەوە پشتیوانی نێودەوڵەتیمان نەماوە، ئەو گەندەڵییەی کە ئێستا کوردستانی داگرتوە مەترسییەکی زۆری خستوەتە سەرژیانی کۆمەڵگاکەمان، ئەو گەندەڵییەش سەرکردایەتیی کوردو بەرپرسەباڵاکان لێی بەرپرسیارن. شەهیدەکانمان کەبەخوێنی خۆیان داری ئازادیی کوردستانیان ئاوداوەو لەپێناو بەدەستهێنانی ڕزگاریی کوردستانو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی شارستانیو عەدالەتدا شەهیدبوون، نەک لەپێناو دەوڵەمەندکردنی چەند بنەماڵەو گروپێکی کەمدا، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا دەگوزەرێتو دەیبینین چەند بنەماڵەیەک، یاخود توێژێکی دیاریکراوە بەسامانی ئەم نیشتمانە دەوڵەمەند بوون.

**بەرەوگۆڕان: دەوترێت حکومەتی هەرێم گەرمیانی پشتگوێخستوە، تۆ وەکو کەسایەتییەکی گەرمیان تاچەند لەگەڵ ئەو قسانەدایت؟**

* گەرمیان ناوچەیەکە لەهەموو ڕوویەکەوە وێرانکراوەو ژمارەیەکی زۆر قوربانی شۆڕشەکانو ئەو کارەساتانەی کە ڕژێمی بەعس ئەنجامیداون دەکەوێتە گەرمیانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو قوربانییەدا دەبینین لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی کوردی هیچ ئاوڕێکی لە ناوچەکە نەداوەتەوەو پشتگوێیخستووە، ئەوەش لەکەیەکە بەنێوچەوانی دەسەڵاتی کوردییەوە، گەرمیان لە هەموو ڕوویەکی کۆمەڵایەتیو ئابووریو ڕۆشنبیریو ئاوەدانییەوە وێرانکراوەو تائێستاش تەنانەت نەتوانراوە ئاسەوارەکانی بەعس لەناوچەکەدا بسڕێنەوە.

**بەرەوگۆڕان: تۆ کە ئێستا هەڵسوڕاوێکی نێو لیستی گۆڕانیت، لیستی گۆڕان دەیەوێت سەرجەم ئەو ناوچانەی زۆرترین قوربانییان بەرکەوتووە، هێندەی قوربانییەکانیان خزمەت بکرێن، پێتوایە لیستەکەتان هیوایەک بۆ گەرمیانییەکانی بگێڕێتەوە؟**

* خەڵکی گەرمیان بێخزمەتترین خەڵکنو ناوچەکەش وێرانترین ناوچەیە، لیستی گۆڕان هەر لەخۆوە دروستنەبووە، بەڵکو هەڵقوڵاوی ئێشوئازارەکانی ناخی خەڵکە، وەکو پێشتر قسەم لەسەرکرد، ئێمە لە لیستی گۆڕان دەمانەوێت خزمەتی خەڵکی کەسوکاری ئەنفالو شەهیدان بکەین، دەمانەوێت هێندەی قوربانییەکانیان قەرەبووبکرێنەوە، دەمانەوێت عەدالەت جێبەجێبکەین، بەرنامەکەی ئێمە بۆ سارێژکردنی برینەکانی خەڵکانی خاوەن قوربانییە، ئەگەر لە هەڵبژاردندا سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنین، بەڵێنەکانمان جێبەجێدەکەینو بە جدی کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە وێرانکراوو زەرەرمەندەکان دەکەین.



### پرۆفایل

**لەدایکبووی (١٩٥٦)ە لە چەمچەماڵ.**

**دەرچووی پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانییە.**

**لەساڵی (١٩٧٧) پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە کردوە.**

**پێشووتر جێگری مەڵبەندی کەرکوک بووە.**

**لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتییە.**

> **شەهیدەکانمان کە بەخوێنی خۆیان داری ئازادیی کوردستانیان ئاوداوەو لەپێناو بەدەستهێنانی ڕزگاریی کوردستانو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی شارستانیو عەدالەتدا شەهیدبوون، نەک لەپێناو دەوڵەمەندکردنی چەند بنەماڵەو گروپێکی کەمدا**

## (٥٧)

## گۆڕان بۆ؟

-٨-

نەژاد جەلال



شەوانە ئاپۆرای جەماوەر لە شەقامەکان شەپۆل ئەدات، خەڵکی گەرمو دڵخۆشە لە پێشوازی لیستی گۆڕان، ئەوانەی چەند ساڵە بەدەست نادادپەروەرییو گەندەڵییەوە دەناڵێنن ئێستا بە شەکانەوەی ئاڵای گۆڕان ئەو برینانە سارێژدەکەن کە چەند ساڵە پێوەی دەناڵێنن، هاوکات پڕوپاگەندەکانی دەسەڵات بۆ ناشیرینکردنی گۆڕان بەردەوامە.

شەوانە ئۆتۆمبێلە جامرەشە بێتابلۆکانی دەسەڵات دوجۆر چالاکییان هەیە، یەکەمیان: لە هەر کوێیەک گەنجە چالاکەکانی لیستی گۆڕان بە تەنیا ببینن هەڵدەکوتنە سەریانو جەستەیان خڵتانی خوێن دەکەن، ئاساییە، چونکە ئەوان پەروەردەی کلتوری بەعسن، دوەمیان: ئاڵاو پۆستەرەکانی گۆڕان هەڵدەواسنو بەو ڕەفتار نەشیاوانەی کە خۆیانو ئاغاکانیانی لەسەر پەروەردەکراوە خەڵک بێزاردەکەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە ڕوی گۆڕان وەک ڕوی خۆیان قێزەونکەن. خاوەن شکۆکان بەم کردەوانەتان ئیفلاسی سیاسیو ئەخلاقیتان جوانتر نمایش دەکەن، چونکە خەڵک بڕوای بە چەواشەکارییەکانتان نەماوە.

دڵنیابن بەهەڵەداچون، گۆڕان نابێتە کاردانەوە، چونکە سەرکردایەتییەکی ژیری هەیەو جەماوەرێکی خۆڕاگریش پشتیوانیەتی، جەماوەرێک ١٨ ساڵ پشوی کێشا لەژێر سێبەری نادادوەریی ئێوەدا، ئێستا ئێوە کە لە ئاوابونن ناتوانن ڕایکێشنە شەڕێکەوە کە تەنها خۆتان سودمەندن لێی.

زۆرجار پێمان دەگاتەوە کە سەرسامن بەو جەماوەرە زۆرەی گۆڕان، زۆرتان ڕۆژانە ئەڵێن بڕوا بەچاوی خۆمان ناکەین ئەو لافاوە چۆن هات، ئاساییە، هەق نییە ئێوە سەرسام بن، چونکە لە ئەزەلەوە کورت بین بونو قەدەریش ئێوەی کردە سەرکردەو سەرمایەدار...

ئەوەی ئێوە دەیکەن گەرانی ماڵ بە ماڵو هەڕەشەکردن لە فەرمانبەرانی حکومەتو دەرکردنو نانبڕین، خەرجکردنی بودجەی حکومەت بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن... هتد هێندەی تر جەماوەری گۆڕان بەهێز دەکەن، ئەمە چۆن مانای دواساتەکانی دەسەڵاتداریتان دەسەلمێنێت، ئاواش هێمایە بۆ دەرکەوتنی هێزێکی نوێو گۆڕانخواز.

هەمو ئەو هاتو هەراو چەواشەکارییەی کە بۆ ناشیرینکردنو بەلاڕێدابردنی گۆڕان ئەنجام دەدرێت، زەرەیەک کاریگەری لەسەر خواستی گۆڕان نابێت، چونکە لیستی گۆڕان خاوەنی پەیامو بەرنامەیەکە کە بە سەبرو هزرو هێزەوە نوسراوە، تەوژمی گۆڕانیش بێهیچ هەڵچونێک هێدی هێدی شەپۆل ئەدات، نەڕێرەوی خۆی دەگۆڕێتو نەشەپۆلێکی نەشاز دەدات، ئالێرەوە سەرکەوتنی هێزی گۆڕان وەک ئاسۆ ڕونە.

# ئەحمەد جۆڵا: دەنگ دەدەم بەو لیستەی کە گیرفانی کەم بێت

## سۆپەرێکی کۆنم پێیە، بە (وەنەوشە)ی خەڵکی دیکەی نادەم کە (دزیوەتی)




بەرهەم عومەر

لە پشتی مێزەکەیەوە لەسەر کاغەزێک نووسیویەتی: «تکایە لێرە زەمی کەس مەکە، چونکە ئەیگێرینەوە». بەو هۆیەوە لە نێو پەڕاوگەکەی (ئەحمەد جۆڵا)دا نوکتەو قسەی خۆش و پێکەنین جێگای زەمکردن و بۆڵە بۆڵی گرتووەتەوە

ئەحمەد جۆڵا، ئێستا لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانیدا دوکانێکی (پەڕاوگە-قرتاسیە)ی لە تەلاری نەقیب داناوە پاش ئەوەی وازی لە بەرنامەی بەرنامە هێناو دەیەوێت لە هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ دا دەنگ بدات بەو لستەی گیرفانی زۆری نییەو دزی لە خۆ نەگرتووە

**بەرەو گۆڕان: هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** لە هەموو وڵاتێکدا هەڵبژاردن و مونافەسە شتێکی باشە، بەڵام دەبێت شەریفانەو دیموکراتییانە بێت، گلەییم لە هەندێک کەس هەیە کە لەسەر شەقامەکان هوهاو شەڕدەکەن لەگەڵ یەکتریی.. ئەمانە هیچ پێوەرێکی شارستانی نایانگرێتەوە. لە وانەیە ئێستا هەندێک کەس هەبێت ئاژاوەیەک بەهۆی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەوە دروست بکات، من دەبیستم گوایە چەقۆیان لە یەکتریداوە، لەوانەیە دووبەرەکی و شەڕی زۆری لێبکەوێتەوە، دوژمنیشمان زۆر زۆرە، بۆ ئەوەی هەلی لێوەرنەگیرێت، بەڵام دلم زۆر خۆشە بەم هەڵبژاردنە.

**بەرەو گۆڕان: تا ئێستا چویتەتە سەر جادەو شەوانماڵەوەت بردووەتە دەرەوە؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** بەخوا نەچووم تائێستا، هەر خۆم حەزم لە قەرەباڵغی نییە، هەناسەم تونگ دەبێت.

**بەرەو گۆڕان: برادەرەکانت تەکلیفیان لێنەکردوویت بچیت؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** کوڕێکی مامم هەیە زۆر حەز دەکات بچم لەگەڵیدا، بەڵام بەخوا ئەو تاقەت و توانایەم نییە، ئێمەش تۆزێک دیارین، لەوانەیە لەو شوێنانەدا زۆرمان لێبکەن و بمانخەنە مەوقیفەوە.

**بەرەو گۆڕان: ئاخیر نوکتە چییە بیستوتە لەسەر ئەم هەڵبژاردنە؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** نوکتەی زۆر دروست بووە، بەڵام بە کەڵکی بڵاوکردنەوە نایەت، کە ریکۆردەکەت کوژاندەوە بۆت باس دەکەم بە شەخصی.

**بەرەو گۆڕان: حەزت دەکرد وەکو ئەو گەنجانە کۆبوونەوەت رێکبخستایەو لەسەر ئەو شەقامانە هەڵمەتی هەڵبژاردنت سازبکردایە؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** ئەرەوەڵا، خۆ ئێمە لە گەنجیدا هەر خۆمان جاری واهەبوو لە هیچی نەبوو موزاهەرەمان دروستدەکرد لەگەڵ شەهید خالیدو کاک حەیدەر.. خەڵکیش ئەوە دەزانن، جا ئێستا لەم زروفەدا گەنج بوومایە لامواية لە هەموو کەس خراپتر دەبووم.

**بەرەو گۆڕان: لە ئایندەدا بەرنامەتان چی دەبێت وەکو ئەو برادەرانەی خۆت کە سەرقاڵی کاری هونەریین؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** ئێستا زنجیرەیەکمان بە دەستەوەیە کە لە (٣٠) بەش پێکهاتووە، لە نوسینی (عەزیز نەسین)ە، باسی نامەکانی ئەشرەفی شەریف دەکات، بەڵام بۆ ئەم هەڵبژاردنە تائێستا هیچ بەرهەمێکمان نییە، هەرچەندە داوامان لێکراوە، بەڵام زۆرینەیمان قبوڵ نەکردووەو هەندێکی دیکەیمان راگرتووە.

**بەرەو گۆڕان: لەم کاتانەدا خەڵک گوێ لە هونەرمەندان دەگرێت، بە تەمان چی بە خەڵک بڵێن؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** هونەرمەند پەیوەندی بە هەندێک بابەتەوە نەبێت باشترە، چونکە موڵکی میللەتە، بەڵام خۆی ئازادە کە دەنگ بۆ چ لایەنێک بدات، هەر وەک چۆن لەوانەیە خەڵک ئەوەندەی بەگوێی هونەرمەندێک دەکات، نیو ئەوەندە گوێ لە سیاسەتمەدارێک نەگرێت.

**بەرەو گۆڕان: ئەگەر داوا لە خەڵک بکەیت، چییان لێداوا دەکەیت؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** پێیان دەڵێم دەنگ بدە بە حەق، خەڵک باش دەزانێت، چی حەقە.. (١٨) ساڵە هەمووی تاقیکراوەتەوە، دەزانێت حەق لە چ لیستێکدایە ئەگەر خۆی گێلنەکات.

**بەرەو گۆڕان: تۆ خۆت لەم هەڵبژاردنەدا بڕیاری چیت داوە؟ دەنگی خۆت دەدەیت بە کێ؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** من خۆم دەنگ دەدەم بەو لیستەی کە گیرفانی کەم بێت، ناوی لیستەکە ناڵێم، چونکە خەڵک دەیناسێت.

**بەرەو گۆڕان: «گیرفان کەم» یەعنی چیی؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** مەبەستم لە «گیرفانی کەمی هەبێت»، ئەوەیە کە لیستەکە دزی کەم بێت، دزی تێدا بێت، بەڵام نەک هەمووی دزبێت، خۆ لە هەموو شوێنێک دز هەر هەیە، بەڵام با هەمووی دز نەبێت، هەیە لەو دزانە لە بری ئەوەی موحاسەبە بکرێت، دەستخۆشی و تەکریم کراوە، لەبەر ئەوە کە دەڵێم دەنگ دەدەم بەو لیستەی گیرفانی کەم بێت، مەبەستم ئەوەیە دزی کەم بێت.

دەنگ نایەم بە لیستێک (٥٠) گیرفانی هەبێت، دوو گیرفانی کراسەکەی و دووانی شەرواڵەکەی و لەناو شەرواڵەکەیدا گیرفانێکی مەخفیشی هەبێت، چونکە ئەو فەقیرە هەر فریای خۆی دەکەوێت.

**بەرەو گۆڕان: خەلک چۆن ئەو دزانە بناسێتەوە؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** خەڵک خۆی وریایە دەیانناسێتەوە، ئەگەر بیەوێت قەناعەتێکی سەربەخۆی هەبێت.

**بەرەو گۆڕان: هیچ لایەنێک پارەو سەیارەو شتی دیکەی خستووەتە بەردەستتان بۆ ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا کاریان بۆ بکەن؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** بەڵێ، چەندین جار پێمان وتراوە، بەڵام راستەوخۆ رەفزمانکردووەو نەچوونە بەدەمییەوە، من خۆم ئیشی (٣٠-٥٠) وەرەقەییم خراوەتە بەردەست، بەڵام رەفزم کردووە.

**بەرەوگۆڕان: لە چەند رۆژی رابردوودا سەردانی کۆمپانیای وشەت کردووە، ئەو کۆبوونەیە لە سەرخواستی کێ بوو؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** بەڵێ، بانگهێشت کرابووین، خۆشمان بە خواستی خۆمان رۆشتین، لەوێش سەرپشکیان کردین لەوەی بمانەوێت کاری هونەریی ئەنجام بدەین لە کەناڵەکانی کۆمپانیای وشە یان نا، ئەوەش بەجێماوە بۆ خۆمان، چونکە تائێستا هیچ بەڵێنێکمان نەداوە، لەناو ئێمەشدا هەمانە زۆری پەلەیەو دەیەوێت خێرا چالاکی هونەریی نوێ ئەنجام بدەین، بەڵام کاک موستەفا ئەحمەد (وەستا عەلی) هێشتا دەڵێت با پەلە نەکەین تا کارێکی زۆر باش پێشکەش دەکەین.

**بەرەو گۆڕان: چ داواکارییەکت هەیە بۆ جەماوەرەکەت لەسەرتاسەری کوردستاندا؟**

**ئەحمەد جۆڵا:** من سوپاسیان دەکەم، (ئەگەر جەماوەری کارەکانی من بن)، داوایان لێدەکەم کە دەنگ بدەن بەو لیستەی کە حەقە، من تا بمێنم ئیشی هونەریی باشیان پێشکەش دەکەم، واز لە کاری هونەریی خۆم ناهێنم، ئەگەرچی بەردەوام منیش قوربانیی بووم، لەناو یەکێتیدا برایەکو باوکم شەهیدەو چەندێکە خۆشم خزمەت دەکەم هیچم بە هیچ نەبووە تیایدا، وەعدی ئەوەش دەدەم بە جەماوەرەکەم کە ناوبانگی هونەریی خۆم بە پارە نافرۆشمەوە بە هیچ کەسێک، بەڵام بەردەوام لەگەڵ حەقدا دەدەبم، رەفیقی من خانووەکەی (٤) قاتە، بەڵام منو ماڵو منداڵم لە قەبرێکدایە، ئێستاش شەریکم لە دوکانێکدا مەعیشەتم لەسەرێتی، سۆپەرێکی کۆنم پێیە، بە (وەنەوشە)ی خەڵکی دیکەی نایەم کە (دزیویەتی).

# کەمپەینی هەڵبژاردنێکی شەفاف لە کوردستاندا ٢٠٠٩

لە درێژەی کارو چالاکییەکانی کەمپەینەکەمان ٣ چالاکوانی کەمپەین ئێوارەی ٢٤ / ٦/ ٢٠٠٩ لەگەڵ بەڕێز هەڤاڵ عەزیز سیان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق لە ئوستراليا لە ناوچەی لیڤەرپوول شاری سیدنی کۆبوونەوە.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا هەڵسووڕاوانی کەمپەین باسیان لە کارو چالاکی یەکانیان کرد لە سەر ئاستی لایەنە پەیوەندارەکانی ئوسترالیاو دیدارو کۆبوونەوەکان و ئامانجەکانیان روونکردەوە.

دواتر نیگەرانییەکانی کەمەپەینەکەیان پێڕاگەیاند، تا بیداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بەشدارینەکردنی رەوەندی کوردی لە دەرەوەی کوردستان لە هەلبژادنداو ئەگەری هەر خەوشیی و توندو تیژییەک لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، لە هەمانکاتدا باسیان لە چەند بەڵگەی پێشێلکاری کرد کە روویداوە، پێویستە حکومەت هەڵوێست لەبارەیانەوەوەربگرێت. نیگەرانی و ناڕەزاییان دەربڕی سەبارەت بە بڕیاری ئەگەری تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان بەم پەلەپەلە لە پەرلەمانی کوردستاندا. لای خۆیەوە بەڕێز سیان لەگەڵ ئەوەی بەڵێنی دا کە ئامانج و ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە دەداتە بەرپرسانی سەروو خۆی و وەڵامەکان وەردەگرێتەوە، باسی لەوە کرد کە حکومەتی هەرێمیش لای خۆیەوە هەولی داوە بۆ ئەوەی لە وڵاتانی جیهانەوە چاودێر بنێرن بۆ کوردستان هەروەها ئوسترالياش.

گلەیی ئەوەی کرد کە نەدەبوو هەڵسوڕاوانی کەمپەین بەڵگەو خەوشییەکانی ئیدارەو دەسەڵاتدارانی کوردستان بداتە ئەو لایەنانەی کە دیداریان لەگەڵ کردوون. کۆبوونەوەکەش ماوەی کاتژمێرێک و نیوی خایاند.

جێی ئاماژە پێکردنە دەبوو لەم کۆبوونەوەیەدا بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئوستراليا ئامادە بوونایە وەک بەڵێنیان دابوو، بەڵام دواترلەبەر بەشدارنەبوونی بەرپرسی یەکێتی بەرپرسی پارتییش داوای لێبوردنی کرد کە ناتوانن ئامادەبن بەو هۆیەی کە پەیمانی ستراتیژییان هەیەو هەم بۆ هەڵبژاردنیش لە لیستێکدان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لەم بارەیەوەش بەڕێز سیان هاوڕابوو لەگەڵ نوێنەرانی کەمپەین کە دەبوو بەشدار بوونایە لەگەڵ کەمپەینەکە.

لەگەڵ ئومێدی سەرکەوتن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و قبوولکردنی ئەنجامە فەرمی یەکەی لە لایەن لیست و قەوارەکانەوە.

کەمپەینی هەڵبژاردنێکی شەفاف لە کوردستاندا ٢٠٠٩ - ئوستراليا
پەیوەندی: ٠٤١٢٠٢٢٤٤٠-٦١+٠٤٢١١٧٠٩٦٦+٦١ -

etm.aust2009@gmail.com

بەرەو گۆڕان
بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە
لیستی گۆڕان بۆ رووماڵکردنی
پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان
سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ - ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩
هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦
دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

# پەیامو بەرنامەی سیاسیی لیستی گۆڕان

### ئەڵقەی نۆیەم

## ٥. ٤. ئافرەتان:

لەکاتێکدا لیستی گۆڕان، بەهۆشیارییەوە لە پێگەو رۆڵی ئافرەت دەگات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی شارستانیو دەوڵەتی یاسا، بەڵام ئەو مافە ناداتە خۆی دۆزی ئافرەتان وەک دروشمێکی پەتی بۆ چەواشەکارییو موزایەدەی دیموکراتی بەکاربهێنێت. لیستی گۆڕان بڕوای وایە خەباتی شارستانی بۆ ئازادکردنی ئافرەت، بەشێکی دانەبڕاوە لە ئەڵقەیەکی گەورەتری خەبات بۆ ئازادکردنی کۆمەڵگە بەگشتی، بۆ رزگارکردنی هاوڵاتیان، بە هەردوو رەگەزەوە، لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییو هەمەجییە ناشارستانییەکان. ئافرەتان مەحاڵە لە کۆمەڵگەیەکدا ئازادبن کە پیاوەکان کۆیلەو ئەڵقە لەگوێی دەسەڵاتە سیاسیو کۆمەڵایەتییە نادیموکراتەکان بن. مافە سیاسیو مەدەنیو یاساییەکانی ئافرەت، بەبێ بوونی کۆمەڵگەیەک کە لانیکەمی دادی کۆمەڵایەتیو دەرفەتی ژیانی هاوبەشی دابینکردبێت، بێ بوونی کۆمەڵگەیەک کە پێشتر فێری قسەکردنو نەیارییو رەخنەگرتن بووبێت، وەک مافگەلێکی تیۆریی پەتی دەمێننەوە کە زۆرجار ناچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

رەگەزی مێینە لەناو هەموو توێژو تەمەنو کەرتێکی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە، لەناو منداڵان، گەنجان، خوێندکاران، فەرمانبەران، کرێکاران، پیشەوەران، بێکارو خاوەن قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان. پرۆژەکانی بایەخدان بەهەموو ئەو کەرتانە پێکەوە، دابینکردنی دەرفەتی کارو خۆپێگەیاندنو دادی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان بێ جیاوازی، کە ئامانجی ستراتیژیی ئەم لیستەیە دەچێتەوە خزمەتی رەگەزی مێینەش.

دامەزراندنی دەوڵەتی یاساو قەڵاچۆکردنی دیاردەی میلیشیایی، دۆخێکی ئارامترو پڕ ئاسایشتر بۆ پێشکەوتنو خۆپێگەیاندنی ئافرەتان دەرەخسێنێت. دیاردەی کوشتنو ئەشکەنجەدانی ژنان، کە لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا بەترسناکی تەشەنەی کردووە، بەشێکە لە قەیرانێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی گەورەتر، کە تیایدا هێشتا حکومەتی یاسا دانەمەزراوەو هێشتا دیاردەی بەمیلیشیاکردنی کەرتە نەریتییەکانی کۆمەڵگە بەردەوامە.

لیستی گۆڕان لەپاڵ چاکسازییە تیۆرییو یاساییەکاندا بەکردەوە کار بۆ گەڕاندنەوەی مافە مەدەنیو ئابوورییەکانی ئافرەت دەکات، کار بۆ دروستکردنی هۆشیارییەکی گشتی دەکات کە لە سایەیدا ئافرەتان وەک مافی خۆیان، نەک وەک بەخشیشێک کە پیاوە دەسەڵاتدارەکان بیبەخشن، داوای مافو ئازادییەکانو بەرکەوتی ئابووریو بەرپرسیارێتی بکەن.

لەکاتێکدا لیستی گۆڕان خەبات بۆ هەڵگرتنی جیاکاریی جێندەری دەکات، هۆشیارە لەئاست جۆرێکی تر لە جیاکاریدا کە لەنێوان خودی ئافرەتاندا، لەلایەن ئەو پیاوە دەسەڵاتدارنەوە ئەنجام دەدرێت کە بەپێی پێشینی حیزبی، ئینتمای دەستەگەریی بەرتەسک، یان بەگوێرەی پێگەی خێزانو بنەماڵەی رەگەزی مێینە، هەندێک ئافرەت دەبەنە پێشێو هەندێکیان پەراوێزدەخەن، بگرە هەندێکجار لەسەر بنەمای رواڵەتو بۆ مەرامی دوور لە ئاکار ئەو جیاکارییە دەرهەق بە ئافرەتان دەکەن.

٥. ٤. ١. خستنەگەڕی گوشارو کۆششی پەرلەمانیو شارستانی بەردەوام بۆ قەڵاچۆکردنی هەموو ئەو بڕیارو دیاردەو ئاکارانەی کە جیاکاریی لەنێوان دوو رەگەزەکەدا دروستدەکەن، لەسەر ئاستی سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، کارگێڕی، یاسایی، مەدەنی، خێزانی، پەروەردەییو رۆشنبیریی.

٥. ٤. ٢. خستنەگەڕی گوشارو کۆششی پەرلەمانیو شارستانیی بەردەوام بۆ قەڵاچۆکردنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی جەستەییو رۆحی دژی رەگەزی مێینە، لە خێزانەوە بۆ کۆمەڵگەو نێوەندەکانی خوێندنو کارگێڕی تا دامودەزگا باڵاکانی دەوڵەت، حکومەت ئەرکی سەرپەرشتیکردنی دارایی، دەروونی، کۆمەڵایەتیو شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو ئافرەتانە دەگرێتە ئەستۆ کە دووچاری توندوتیژییو کێشەی کۆمەڵایەتیو خێزانی دەبنەوە.

٥. ٤. ٣. بەشداریکردن لە هەڵمەتێکی پەرلەمانی، شارستانیی، رۆشنبیریی، ئاینیو کۆمەڵایەتی بەرفراواندا بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە گوندو شارو شارۆچکەکان سەبارەت بە بایەخی ئازادییو مافە مەدەنیو سیاسییەکانی ئافرەتان، سەبارەت بە بایەخی بەشدارییان لە دامەزراندنی دەوڵەتی شارستانی مۆدێرنو بەرهەمهێندا.

٥. ٤. ٤. قەدەغەکردنو بەپەرچدانەوەی هەر جۆرە هەراسانکردنێکی سێکسی دەرهەق بە رەگەزی مێینە. سزادانی توندی ئەو بەرپرسە سیاسیو حکومیو حزبیانەی کە پۆستەکانیان بۆ ئەو مەرامە بەکاردەهێنن.

٥. ٤. ٥. تەرخانکردنی بودجەیەکی گەورەتر بۆ چاودێریی کۆمەڵایەتیو تەندروستی، مووچەو بیمەی دایک لە قۆناغی دووگیانی، زەیستانیو بەخێوکردنی منداڵدا.

٥. ٤. ٦. پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی، بیمەی کۆمەڵایەتی، کردنەوەی خولی راهێنانو دابینکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ ئافرەتە بەرهەمهێنەکانی ناوماڵ، وەک بەرگدروو، فەرشچنو خانمە دەستڕەنگینەکان بەگشتی.

٥. ٤. ٧. بەرگریکردن لە تەرخانکردنی رێژەی شارستانیی شیاو بۆ ئافرەتان لە هەموو دامودەزگانی دەوڵەتو فەرمانگەو ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتیکردنو کارگێڕیدا. پیڕەوکردنی بیرۆکەی «جیاکاریی پۆزەتیڤ» وەک لە هەندێک وڵاتی پێشکەوتوودا کاری پێدەکرێت، بەو مانایەی گەر پیاوو ئافرەتێک، بەهەمان تواناو لێهاتووییەوە، بۆ پۆستێک پاڵێوران ئافرەتەکە پێشدەخرێت.

٥. ٥. پێشمەرگەو قوربانییە زیندووەکان:

٥. ٥. ١. پێشمەرگە، کەسوکاری شەهیدان، قوربانیانی ئەنفالو کیمیاباران، زیندانییە سیاسییەکان، قوربانیانی جەنگەکانی سەردەمی داگیرکردن، قوربانیانی شەڕی ناوخۆو هەموو ئەو کەسانەی کە لەپای کوردستانیبوون ستەمیان لێکراوە، گیانو ئەندامی جەستەیان لەدەستداوە، ماڵو ئارامیی رۆحییان بەخشیوە... ئەو توێژە رێزدارەن، کە بێگوێدانە پێشینی سیاسیو پێگەی کۆمەڵایەتیو جوگرافییان، لە کارنامەی پەرلەماندا بەرگری لە مافەکانیان دەکرێتو کار بۆ قەرەبووکردنەوەیان دەکرێت.

٥. ٥. ٢. کاراکردنی سیستمی مووچە، بیمەی کۆمەڵایەتیو تەندروستی، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی شارستانی بۆ پێشمەرگەو قوربانییە زیندووەکانی کوردستان.

٥. ٦. فەرمانبەرانو مامۆستایان:

٥. ٦. ١. پێداچوونەوە بە سیستمی مووچەو راژەی فەرمانبەرانی هەرێمدا، بۆ باشترکردنی باری گوزەرانی خۆیانو خێزانەکانیان، بۆ راگرتنی ئاستێک لە دادپەروەریی شیاو لەنێوان پلەکانی مووچەدا.

٥. ٦. ٢. پێداچوونەوە بە مووچەو دەرماڵەی مامۆستایانو فەرمانبەراندا بەجۆرێک ئەو بڕە پارەیەی وەریدەگرن شایەنی ماندووبوونو کۆششیان بێت لە بنیاتنانی وڵاتو ئامادەکردنی نەوەی نوێدا.

٥. ٦. ٣. دانانی سیستمێکی دادپەروەرانە بۆ پاداشتو کاری ئۆڤەرتایم، بۆ جیاکردنەوەی پاداشتی بەرهەمی باش لە بەرهەمی ناوەنجیو خراپ.

٥. ٦. ٤. سەرفکردنی دەرماڵەی هاتوچۆ، دەرەوەی شار، کاری مەترسیدار، بەشێوەیەک لەسەروو ئەو بڕەوە بێت کە ئێستا هەیە، بەشێوەیەک وەفای حکومەت بەرامبەر هاوڵاتیی بەرهەمهێنو لەخۆبردوو دەربخات.

٥. ٦. ٥. دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ مامۆستاو فەرمانبەرە خێزاندارو کرێچییەکان.

٥. ٧. کارگوزارو فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە:

٥. ٧. ١. ئەرکی حکومەتە کەشێکی دادپەروەرانە لە فەرمانگەو شوێنەکانی کاردا بۆ کارگوزارو فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە دابین بکات، چ لەڕووی داراییو چ لەڕووی ئاکاری کارەوە.

٥. ٧. ٢. ئەرکی حکومەتە رێگە بگرێت لە خراپ بەکارهێنانی کارگوزارو فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە بۆ کاری ناشایستەو شەخسیی بەرپرسەکان لە دەرەوەی کاری فەرمی.

**لەکاتێکدا لیستی گۆڕان خەبات بۆ هەڵگرتنی جیاکاریی جێندەری دەکات، هۆشیارە لەئاست جۆرێکی تر لە جیاکاریدا کە لەنێوان خودی ئافرەتاندا، لەلایەن ئەو پیاوە دەسەڵاتدارنەوە ئەنجام دەدرێت کە بەپێی پێشینی حیزبی، ئینتمای دەستەگەریی بەرتەسک، یان بەگوێرەی پێگەی خێزانو بنەماڵەی رەگەزی مێینە، هەندێک ئافرەت دەبەنە پێشێو هەندێکیان پەراوێزدەخەن.**



فۆتۆ: پشتیوان سەعەدوڵلا

# دانیشتووانی قەزاو ناحیەکانی پارێزگای سلێمانی بەردەوامن لە جۆشو خرۆشو پاڵپشتیکردنی لیستی گۆڕان



فۆتۆ: دانا سلێمان

# ئایا خەڵک دەنگ بە مانەوەی ئەم واقیعە گەندەڵە دەدات، یان بە پرۆژەی گۆڕانکاریی؟



سیروان رەشید

چەند رۆژێکە دەسەڵات کەوتووەتە دابەشکردنی زەویی وڵات بۆ بانگەشەی لیستی کوردستانیو هەڕاجکردنی هەزاران فۆرمی دامەزراندنو پارەبەخشینەوەو دابەشکردنی ئەو (١٠)هەزار دەمانچەیەی کە یەکێتی لەکۆمپانیایەکی کرواتی کڕیویەتیو وەک بەرتیلی دەنگ کۆکردنەوە بە هاوڵاتییانو سەرۆک عەشیرەتو کەسایەتییەکانی دەدات «هەواڵی کڕینی ئەو ١٠ هەزار دەمانچەیە لەلایەن بەڕێزان سەعدی پیرەو مستەفا چاوڕەشەوە لە رۆژنامەی بارزان پشتڕاستکراوەتەوە»، ئەمە جگە لەوەی هەموومان لەمیدیاکانەوە بینیمان کە یەکێتیو پارتی کەوتوونەتە دەرکردنو موحاسەبەکردنی ئەو کارمەندە حکومییانەی (مەدەنیو سەربازی) کە نایانەوێت دەنگ بەلیستەکەی پارتیو یەکێتی بدەن. جگە لەوەی هەڵسوڕاوانی لیستی کوردستانی لەگەڵ بەرپرسانی حیزبیو موختارو ئەنجومەنی گەڕەکەکان سەردانی ماڵان دەکەنو ناچاریان دەکەن لایەنگیرییان بۆلیستەکان ئاشکرابکەنو داواشیان لێدەکەن دەنگ بەلیستی کوردستانی بدەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە دوو پێوەری جیهانی هەیە بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردن: یەکەمیان، ئازادیو دووەمیان، نەزیهییە، ئازادییەکە ئەوەیە کە رێگری لەکەس نەکرێتو نەخرێتە ژێرفشارەوەو دەنگی هاوڵاتییان نەکڕرێت، نەزیهییش ئەوەیە کە لیستەکان بەشێوەیەکی یاساییو پیشەییانە کاربکەن.

لەراستیدا کێشەی من ئەوەنییە خەڵک دەنگدەدات بەفڵانە لیستو نایدات بەلیستێکی دیکە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە یەکێتیو پارتی بەهۆی ئەو سیستمە ناتەندروستەی بۆ دەسەڵاتەکەیان دروستیانکردووە، ئەمرۆ نانی خەڵکییان کەوتوەتە چنگو لە هەوڵی ملکەچپێکردنو بەکۆیلەکردنی خەڵکدانو ئیرادەو ویژدانیان دەکڕن.

ئێوە سەیرکەن یەکێتیو پارتی بۆ ئەم هەڵبژاردنە بەنیازی چین؟ بەپێی زانیارییە باوەڕپێکراوەکان یەکێتی (١٠٠)ملیۆن دۆلارو پارتییش لە دەوروبەری ئەو بڕەپارەیەی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان تەرخانکردووە، ئەمە جگەلە بەگەڕخستنی دامودەزگایەکی زەبەلاحی راگەیاندنی وەک (٦) کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیو زیاتر لە (٣٥) تەلەفزیۆنی ناوخۆییو زیاتر لە (١٢٠)رادیۆی مەرکەزیو لۆکاڵیو (٥) رۆژنامەی رۆژانەو زیاتر لە (١٠٠)هەفتەنامەو گۆڤار لە شاروشارۆچکەکان، جگە لە لەشکرێک کارمەندی ئیعلامی، کە خۆی لەنزیکەی (١٥)هەزار کەس دەدات، پێدەچێت ئەمە لەوسۆنگەیەوەبێت کە هەستیان بەوەکردبێت ئەم هەڵبژاردنە ئەستێرەی بەختیان دەکوژێنێتەوە.

لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا، دەنگدەر دەنگ بەبەرنامەی لیستەکان دەدات، زۆرگرنگە هاوڵاتییانی هەرێمیش دەنگ بەبەرنامەی لیستەکان بدەنو ویژدانیان سەنگی مەحەک بێت بۆهەڵبژاردنو دەنگدان بەلیستەکان، بەجیاوازی ئینتیمای سیاسییو بێلایەنییانەوە پێویستە بەشداری بکەن لەدەنگداندا، چونکە بەشداری نەکردن واتە خۆسڕکردن.

هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز لەنێوان دوو بژارەدایە، کە یەکێکیان ئەوەیە ئایا هاوڵاتییان دەیانەوێت دەنگ بەپرۆژەی گەندەڵیو مانەوەی ئەم واقیعەی ئێستا بدەنو دەیانەوێت هەرێمی کوردستان دامودەزگاکانی (حکومەت، پەرلەمان، دەسەڵاتی دادوەری) بەم شێوەیە بمێنێتەوەو بۆچوارساڵی دیکە بەردەوام بێت؟، یاخود دەیانەوێت دەنگ بەپرۆژەی گۆڕانو چاکسازی بدەن لەدامودەزگاکانی هەرێمدا؟، کە لەراستیدا دەنگی هاوڵاتییان دەچێتە خزمەتی ئەم دوو پرۆژەیەوە. ئەگەر هەندێک لە خەڵکی کوردستان بەشێوازە تەقلیدییەکەی وەک ئەوەی هەندێک دەڵێن بەپێودانگی ئەوەی (هەرچی هەڵبژێرین لەپارتیو یەکێتی باشترنابنو بەدیل نییە!)و دەنگ بەلیستی ئەو دوو هێزە سیاسییە بدەن، ئەوە ئیتر پێویست ناکات لەمەودوا خەڵکی گەڕەکەکانی سەیداوای هەولێرو کانی سپیکەی سلێمانی لەبن دیوارەکاندا نارەزایی دەرببڕنو بۆڵەبۆڵ بکەن، چونکە هاوڵاتییان خۆیان دەبنەوە خولقێنەری ئەو بارودۆخەی کە (١٨)ساڵە تەنیا تاقمێکی کەمی بنەماڵەو دەسەڵاتداران لێی سودمەندبوون.

Serwan_rm@yahoo.com

# هەژار رۆستەم لەبەر خۆشەویستی بۆ لیستی گۆڕان بە پیادە، چەند کیلۆمەترێک دەبڕێتو هەوادارانی لیستی کوردستانیش ئیهانەی دەکەن



فۆتۆ: دیار

ئا: دیار ئەحمەد مەجید

هەژار رۆستەم تاڵب، کە گەنجێکی دانیشتووی شارۆچکەی عەربەتەوە رۆژی پێنجشەممەی رابردوو بە پۆستەری لیستی گۆڕانەوە بەپێ بەرێکەوتو بەرەو گردەکەی زەرگەتە وتی: «بۆیە بەرێکەوتم بەرەو گردەکە تا لەوێ وەک کوڕە هەژارێک بە هەموو گەنجانی کوردستان بڵێم دەنگ بدەن بە لیستی گۆڕان، تا لەژێر دەسەڵاتی بۆگەنی (١٨) ساڵەی ستەمکاریی دیکتاتۆر رزگارمان بێت.

هەژار وتیشی: «رۆژی سێشەممە سەرقاڵبووم بە ئەنجامدانی ئەم کارە کە خۆم رێکبخەم خەریکی چاککردنی پۆستەرەکان بووم، لەوکاتەدا ئۆتۆمبیلێکی سپی پۆستەری لیستی کوردستانی پێوەبوو دابەزینو زۆریان لێدام، لەکاتی لێدانەکەدا دەستم برد بۆ گوێم، گوێمیان بڕیبوو، دیارە دیکتاتۆری سەدام ئەم کارانەی ئەنجام دەدا، ئێستا ئەوان نەمان، ئەمان جێگەیان دەگرنەوە».

## هەژدە ساڵی فەرمانڕەوایی لە کوردستاندا = میللەتێکی ماندوو + نیشتیمانێکی بێخزمەتو فەرامۆشکراو + دەیان هەزار گەنجی نائومێدو بریندار